سبەی پەرلەمانی کوردستان لەبارەی دۆخی رۆژئاوای کوردستانەوە کۆدەبێتەوە

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5848) دووشەممە 14ی تشرینی یەکەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

بڕیارە رۆژی سێشەممە 2019/10/15 پەرلەمانی کوردستان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بارودۆخی رۆژئاوای کوردستان کۆببێتەوە.

دوێنێ یەکشەممە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە راگەیەندراوێکدا بانگهێشتی گشت ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی کرد بۆ دانیشتنی ژمارە (4)ی ئاسایی ساڵی یەکەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، لەکاتژمێر (11)ی پێشنیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2019/10/15.

بەپێی راگەیەندراوێکیش کارنامەی پەرلەمان بریتی دەبێت لە "خستنەڕووی دید و ڕوانگەی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر بارودۆخی ئێستای رۆژئاوای کوردستان".



جێی باسە پێشتریش پەرلەمانی کوردستان ئیدانەی هێرشەکانی تورکیای بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان کرد و داواشی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد کار بکات بۆ راگرتنی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان.

نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەورووپا: کۆبوونەوەی 26 وڵاتی یەکێتیی ئەورووپا لەبارەی ئاڵۆزییەکانی سووریا و ڕۆژئاوای کوردستان بەڕێوەدەچێت



دلاوەر ئاژگەیی، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەورووپا ڕایگەیاند: بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی 26 وڵاتی یەکێتیی ئەورووپا لەبارەی پرسی سووریا و هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان ببەسترێت و زۆر گرنگە و چاوەڕوانی بڕیاری گرنگیش لە کۆبوونەوەکە بدرێن.

(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)

لە هەولێر کونسوڵخانەی فەرەنسا گوڵباران کرا

وەک دەربڕینی سوپاسگوزاری بۆ گەل و حکوومەتی فەرەنسا ، هاوولاتییانی هەرێمی کوردستان کونسوڵخانەی فەرەنسایان لە هەولێر، گوڵباران کرد. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

تورکیا کاروانێکی ئۆتۆمبێلی هاوولاتییانی لە سەرێکانی بۆردومان کرد

تورکیا کاروانێکی ئۆتۆمبێلی هاوولاتییانی سڤیلی لە سەرێکانی رۆژئاوای کوردستان کردە ئامانج و قوربانی لێکەوتەوە. ئێوارەی دوێنێ یەکشەممە کاروانێکی خەڵکی سڤیل کە لە تەلتەمرەوە بەرەو سەرێ کانی بەرێگەوەبوون لەلایەن هێزەکانی تورکیاوە بۆردوومانکرا.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

خەسرۆ گۆران: ئەمڕۆ دادگای فیدراڵی وەڵامی سکاڵای پارتی دەداتەوە



بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی رایگەیاند، ئەمڕۆ دووشەممە دادگای فیدراڵی وەڵامی سکاڵای پارتی دەداتەوە و هیوادارین لە بەرژەوەندیی دەنگدەرانی کورد بێت.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

وەزیری بەرگری ئەمەریکا: هەسەدە بە نیازە بە هاوکاری سووریا و ڕووسیا هێرشی پێچەوانە ئەنجامبدات

وەزیری بەرگری ئەمەریکا ڕایدەگەیێنێت، سەرۆکی ئەمەریکا فەرمانی کردووە بە سوپای ئەو وڵاتە هەزار سەربازی خۆی لە باکووری سووریا بەرەو باشووری سووریا بکشێنێتەوە، دەشڵێت، هێزە کوردییەکان وا دیارە بە نیازی هێرشی پێچەوانە بن بە هاوکاری سوپای سووریا و ڕووسیا .

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

نەتەوەیەکگرتووەکان:


بەهۆی هێرشەکانی تورکیاوە زیاتر لە 130 هەزار کەس ئاوارەبوونە



دوێنێ یەکشەممە 13ی تشرینی یەکەم، نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاند، "پاش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا بۆ سەر باکووری سووریا، زیاتر لە 130 هەزار کەس لە گرێ سپی و سەرێکانی ئاوارەبوون". نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند کە خەملاندنەکانی خۆی و ڕێکخراوەکانی دیکە بەهاناوەچوون ئاماژە بەوە دەکەن نزیکەی 400 هەزار کەسی سیڤیل لە ناوچەکانی ململانێ ڕەنگە لە داهاتوودا پێویستییان بە یارمەتی بێت.

سەرۆکی قوبرسی تورکی: ئەوەی تورکیا دەستی داوەتێ

«کانی ئاشتیی» نییە «کانی خوێنە»




مستەفا ئاکینجی سەرۆکی قوبرسی تورکی لە لێدوانێکی چاوەڕوانەکراودا لەبارەی دەستدرێژییەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان و ناونانی دەستدرێژییەکە بە کانی ئاشتی، ڕایگەیاند ئەوە کانی ئاشتی نییە، بەڵکو کانی خوێنە. (زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

شەپۆلی ناڕەزاییی کوردانی تاراوگە دژ بە داگیرکردنی ڕۆژئاوای کوردستان یەکبوونی کوردان دووپاتدەکاتەوە



لە زۆربەی زۆری وڵاتانی ئەورووپا و بەریتانیا و وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا و ئەمەریکا و کەنەداش، کوردانی تاراوگە لە هەر چوار پارچەی کوردستان بۆ پشتگیری لە بەشێکی نیشتمان و هاوسۆزی بۆ خوشک و برا کانیان لە ڕۆژئاوای کوردستان بەدەم هاواری نیشتمان و زوڵم و زۆری داگیرکاری و تێکدانی ئارامی و بەزاندنی سنووری وڵات و خاکی کوردان، بە تێکڕای ئایدیا و جیاوازی ڕژانە سەر شەقامەکان بە ئاڵای کوردستان و یەکدەنگی و یەکبوونی خۆیان دووپاتکردەوە.

(لەمبارەیەوە ڕاپۆرتێک لە ل4 بخوێنەوە)



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە سەرۆکی رەوتی (الغد)ی سووریا دەکات

جەخت لە چارەسەرێکی دادپەروەرانە و ڕەتکردنەوەی گۆڕینی دیموگرافی کرایەوە

دوێنێ یەکشەممە 2019/10/13 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ئەحمەد عاصی ئەلجەربا سەرۆکی ڕەوتی (الغد)ی سووریا کرد. لە دیدارەکەدا گفتوگۆ دەربارەی بارودۆخی سووریا و پێشهاتەکانی ڕۆژئاوای کوردستان کرا. سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لە ڕاگرتنی شەڕ و گرتنەبەری ڕێگەچارەی ئاشتیانە کردەوە. هەروەها جەخت لەسەر چارەسەرێکی دادپەروەرانە و ڕەتکردنەوەی گۆڕینی دیموگرافی ناوچەکە کرایەوە.

بەرپرسانی ڕۆژئاڤا: پەیامی سەرۆک بارزانی بۆ یەکدەنگیی کوردان گرنگە

ئەنەکەسە: کەمپینی گەورەمان بۆ ڕاوەستانی ئەو داگیرکارییە ڕاگەیاندووە

هەردوو هاوپەیمانیی ئەنجومەنی نیشتیمانی کورد لە سووریا و ئەنجومەنی کۆمەڵگای دیموکراتی (تەقدەم) پەیامی سەرۆک بارزانی بۆ ڕۆژئاوای کوردستان بە گرنگ دەزانن و پێیان وایە دەبێ حزبایەتی و جیاوازییەکان لەپێناو یەکدەنگیی کوردستاندا نەمێنن. ڕۆژی شەممە سەرۆک بارزانی، لە پەیامێکدا ڕایگەیاند: لێرەدا بە پێویستی دەزانم بە خەڵکی خۆڕاگری کوردستان و لایەنەکان ڕابگەیەنم کە، هۆکارەکانی ئەو شەڕە هەرچییەک بووبن و هەر لایەنێک کەمتەرخەم بووبێت، یان دەستی لەم دۆخە ترسناکە هەبووبێت ، ئێستا کات ، کاتی موزایەداتی بێهوودە و بۆچوونی عاتیفی و هەڵچوون نییە. کاتی ئەوەیە کە هەموو لایەکمان هەرچی هەوڵ و توانامان هەیە بە کاری بهێنین بۆ ئەوەی کۆتایی بەو شەڕە بێت وچیتر خەڵکی بێتاوان باجی ئەو دۆخە مەترسیدارە نەدەن و ڕێگەیش لە گۆڕینی دیموگرافیی ئەو ناوچەیە بگیرێت. عەبدولڕەحمان ئاپۆ، یەک لەسەرکردەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کورد لە سووریا لەمبارەوە بە خەباتی ڕاگەیاند: پێشمەرگەی ڕۆژ بە هەموو توانایەوە پشتیوانی لە ڕۆژئاوای کوردستان دەکات و وەک ئەنەکەسەش کەمپینی گەورەمان بۆ ڕاوەستانی ئەو داگیرکارییە ڕاگەیاندووە، بۆیە پەیامی سەرۆک بارزانی لەبارەی ڕۆژئاوای کوردستان زۆر گرنگ بوو، لەسەر ئەو پەیامە بیروبۆچوونی جیاوازی سیاسیمان هیچ سودی نییە جگەلە یەکدەنگیی کوردان نەبێت و هەمیشە سەرۆک بارزانی پشتیوانی بەهێزی ڕۆژئاوای کوردستان بووە.

هاوکات سلێمان عارەب، نوێنەری ئەنجومەنی کۆمەڵگای دیموکراتی (تەقدەم) لەبارەی پەیامەکەی سەرۆک بارزانی ڕاگەیاند: بەڵێ کاتی ئەوەیە کوردایەتی بخرێتە پێش حزبایەتی و بە هەموومانەوە کار بکەین بۆ ئەوەی لۆبی بۆ ڕۆژئاوای کوردستان دروست بکەین و لە بەرانبەر ئەو داگیرکارییەدا هەموو کورد نەک بە حزبی، بەڵکوو بە نەتەوەیی ڕابوەستینەوە. ئەوەشی خستەڕوو: تێکۆشانی ڕۆژئاوای کوردستان بەردەوامی دەبێت

تا ئێستا بەفەرمی 19 لایەنی سیاسی لە هاوپەیمانیی کوردستانیدا بەشدارن

خەسرۆ گۆران: ئەمڕۆ دادگای فیدراڵی وەڵامی سکاڵای پارتی دەداتەوە



دوێنێ یەکشەممە لایەنە بەشدارەکانی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی کۆبوونەوەو بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتیش ڕایگەیاند، ئەمڕۆ دووشەممە دادگای فیدراڵی وەڵامی سکاڵای پارتی دەداتەوە و هیوادارین لە بەرژەوەندیی دەنگدەرانی کورد بێت. خەسرۆ گۆران، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: ئێمە وەک لایەنەکانی بەشدار لە هاوپەیمانیی کوردستانیدا کۆبوونەوەکەش تایبەت بوو بە دامەزراندنی سکرتاریەتی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی و ئامانجەکانی لیستەکە سەبارەت بە دیاریکردنی کاندیدەکان و تۆمارکردنی هاوپەیمانیی کوردستانی. بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردن گوتیشی: تا ئێستا بەفەرمی 19 لایەنی سیاسی لە هاوپەیمانیی کوردستانیدا بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق بەشدارن. گۆران ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە: ئەمڕۆ دادگای باڵای فیدراڵی وەڵامی سکاڵای پارتی دیموکراتی کوردستان دەداتەوە، لەبارەی بێبەشکردنی دەنگدەرانی ئاوارە، کە پێشتر لە هەمواری یاسای هەڵبژاردندا بڕیاری لێوە دراوە و پارتیش سکاڵای لە دادگای باڵای فیدراڵی تۆمار کردبوو. پەیوەست بە وەڵامی دادگای باڵای فیدراڵی خەسرۆ گۆران دەڵێت: ئومێدەوارین بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی لە بەرژەوەندیی دەنگدەرانی کورد کۆتایی بێت.

کارنامەی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان پەسەند کرا

ڕۆژی شەممە نوێنەرانی لایەنە بەشدارەکانی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق کە بڕیارە مانگی نیسانی داهاتوو بەڕێوە بچێت لە شاری سلێمانی کۆبوونەوە و کارنامەی لیستەکەیان پەسەند کرد. ئەندامی هاوپەیمانییەکە، هاوکار عیزەت دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا ڕایگەیاند، کۆبوونەوەکە سێیەم کۆبوونەوەی لیستەکەیە بۆ دانان و داڕشتنی کارنامەی لیستەکە و دیاریکردنی دروشمەکان. گوتیشی: پێشتر دوو کۆبوونەوەمان ئەنجامداوە و 10سێکتەری کارنامەی لیستەکە و دروشمەکانمان دیاری کردووە لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆش کارنامەی لیستەکەمان پەسەند کرد.

نوێنەرەکەی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی کە 25 حزب و لایەنی سیاسی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان لەخۆ دەگرێت، داوای لە دانیشتووانی ناوچەکانی کەرکووک و نەینەوا و سەلاحەددین و دیالە کرد تۆماری بایۆمەتری نوێ بکەنەوە تا بتوانن بەشداری پرۆسەکە بکەن و زۆرترین دەنگ بۆ لیستەکە کۆبکەنەوە.

لە بەرامبەر ئەو پشتیوانییانەی ئەو وڵاتە لە گەلی کوردستانی دەکات

لە هەولێر کونسوڵخانەی فەڕەنسا گوڵباران کرا



وەک دەربڕینی سوپاسگوزاری بۆ گەل و حکوومەتی فەرەنسا، هاوڕێتیانی هەرێمی کوردستان کونسوڵخانەی فەرەنسایان لە هەولێر، گوڵباران کرد. کاتژمێر 1ی دوای نیوەڕۆی دوێنێ یەکشەممە بە ئاماددەبوونی ژمارەیەک لە هاوڕێتیان و چالاکوانانی مەدەنی و نوێنەری هۆزەکانی عەرەب، گردبوونەوەیەک لەبەردەم کونسوڵخانەی فەڕەنسا لە هەولێر ساز کرا. لە گردبوونەوەکەدا، بە گوڵبارانکردن، هاوڕێتیانی کوردستان سوپاسی خۆیان بە گەل و حکوومەتی فەڕەنسا دەربڕی، لە بەرامبەر ئەو پشتیوانییانەی ئەو وڵاتە لە گەلی کوردستانی دەکات. دواتریش لەلایەن سەرۆکی ڕێکخراوی دیداری ئاشتی کە سەرپەرشتی گردبوونەوەکەیان دەکرد، لەڕێگەی کونسوڵی گشتیی فەڕەنساوە لە هەولێر یاداشتنامەیەک بۆ سەرۆکی فەڕەنسا فەرەنسا نێردرا.

جێی باسە فەرەنسا دۆستێکی دێرینی گەلی کوردستانە، لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول و ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری 1991 تا دەگاتە شەڕی دژی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و کردنەوەی دەرگا بەڕووی کوردستان لە دوای خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 لە هەموو قۆناغەکان پاڵپشتیی کوردستانی کردووە و دواییەن پاڵپشتیی ئەو وڵاتەش، دژایەتیکردنی هێرشی سوپای تورکیایە بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان.

فەڕەنسا بڕیاری ڕاگرتنی فرۆشتنی هەموو جۆرە پێداویستییەکی سەربازیی بە تورکیا دا

وەزیری بەرگری فەڕەنسا، فلورانس پارلی، ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی بڕیاری داوە هەناردەکردنی سەرجەم پێداویستی سەربازیی بۆ تورکیا ڕابگرێت کە ئەگەری بەکارهێنانی هەیە لە شەڕ دژی هێزەکانی سووریای دیموکرات لە ڕۆژئاڤای کوردستان. پارلی، لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاویکردووەتەوە: کاتێک فەڕەنسا لە چاوەڕوانی ئەوەدایە کە تورکیا تۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا ڕابگرێت. بڕیاری ڕاگرتنی هەناردەکردنی سەرجەم پێداویستی سەربازیی دەدەین کە ئەگەری بە کارهێنانی لێدەکرێت لە تۆپەراسیۆنەکەدا. وەزیری بەرگریی فەرنسا، ئەوەیشی دووپات کردەوە کە ئەم بڕیارە چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە. جێی باسە ڕۆژی شەممەش وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا ڕایگەیاند، وڵاتەکەی هەناردەکردنی چەکی بۆ تورکیا قەدەغە کردووە لەسەر هێرشەکانی دژ بە کوردەکان لە سووریا. وەزیری دەرەوە هایکۆ ماس ڕایگەیاندبوو: بەهۆی لەشکرکێشی تورکیاوە حکوومەتی فیدراڵی مۆڵەتی نوێ نادات بۆ ناردنی هەر جۆرە کەرەستەیەکی لەشکری کە دەشێ لەلایەن تورکیاوە لە سووریا بەکاربێت. هەروەها پێشتریش چەند وڵاتێکی ئەوروپی هەمان بڕیاریان داوەو چیتر چەک و تەقەمەنی بە تورکیا نافرۆشن. ئەم بڕیارانەش لەلایەن گەلی کوردەوە بە ئەرێنی لەقەڵەم دراون و هەر بەم هۆیەشەوە دوێنێ یەکشەممە هاوڕێتیانی هەولێر کونسوخانەی فەرەنسایان گوڵباران کرد.

ئەنجێلا مێرکڵ داوای ڕاگرتنی هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان دەکات




ڕاوێژکاری ئەڵمانیا ئەنجێلا مێرکڵ هۆشداری لەبارەی هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان دەدات و هاوکات دەڵێ دەبێتە هۆی سەرهەڵدانەوەی داعش و داوای ڕاگرتنی هێرشەکەش دەکات. لە پەیوەندیکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ سەرۆکی تورکیا، ئەنجێلا مێرکڵ ڕاوێژکاری ئەڵمانیا داوای کۆتایی پێهێنانی دەستبەجێی هێرشکردنە سەر ڕۆژئاوای کوردستانی کرد. بە گوێرەی دەنگی ئەمەریکا، ڕاوێژکاری ئەڵمانیا ئەنجێلا مێرکڵ دوێنێ یەکشەمە داوای لە سەرۆکی تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان کردووە، دەستبەجێ هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان ڕابگرێت. هەروەها هوشداریشی ئەوەشی داوە ئەو هێرشە دەبێتە هۆی ناسەقامگیریی زیاتر و گرووپی تیرۆریسی داعشیش سەرلەنوێ سەرهەڵدەداتەوە.

10 کەس گیانیان لەدەستدا و پتر لە 100 کەسیش بریندار بوون

تورکیا کاروانێکی ئۆتۆمبێلی هاووڵاتییانی لە سەرێکانی بۆردومان کرد

تورکیا کاروانێکی ئۆتۆمبێلی هاووڵاتییانی سڤیلی لە سەرێکانی ڕۆژئاوای کوردستان کردە ئامانج و قوربانی لێکەوتەوە. ئێوارەی دوێنێ یەکشەممە کاروانێکی خەڵکی سڤیل کە لە تەلتەمرەوە بەرەو سەرێ کانی بەرێگەوەبوون لەلایەن هێزەکانی تورکیاوە بۆردوومانکرا. مستەفا بالی، بەرپرسی ڕاگەیاندنی هێزەکانی سووریای دیموکرات گرتەیەکی ڤیدیۆیی بڵاوکردەوە، کە تێیدا دەردەکەوێت، بەهۆی بۆردومانی تورکیا، کە کاروانی ئۆتۆمبێلی هاووڵاتییانی سڤیلی لە سەرێکانی کردووەتە ئامانج و تێیدا ژمارەیەک هاووڵاتی سڤیل گیانیان لەدەستداوە و ژمارەیەکیش بریندارببوون.

چەند سەرچاوەیەکی میدیای نێودەوڵەتیش ئاماژە بە گیانلەدەستدانی سێ ڕۆژنامەنووسی بیانی دەکەن لە ئەنجامی ئەم بۆردوومانەی تورکیا کە کاروانێکی هاووڵاتیانی سیڤیلی لە سەرێ کانی کردە ئامانج و لە ئەنجامدا 10 کەس گیانیان لەدەستدا و پتر لە100 کەسیش بریندار بوون. یەکێک لە ڕۆژنامەنووسە کوژراوەکان بەرازیلی بووە و یەکێکی تریش عەرەبە، ڕۆژنامەنووسی سێیەمیش ئۆکراینی بووە، بەڵام هێشتا سەرچاوە میدیاییەکان تەواو دڵنیا نین، تەنها ئاماژە بەوە دراوە کە تەواوی ڕۆژنامەنووسەکان بۆ ڕوومالّی شەڕی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان لەوێن و ئێستەش میدیا جیهانییەکان ترسیان هەیە پەیامنێرەکانی ئەوانیش لەلایەن سوپای تورکیاوە بکرێنە ئامانج. دیمەنەکانی ئەم گرتەیەش زۆر ناخەهژێن بوون و ویژدانی هەموو مرۆڤێکی جولاند و نەفرەتیان لە پەلامارەدەران کرد. شایەنی باسە ماوەی پێنج ڕۆژە هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان دەستی پێکردووە و بەهۆیەوە 130 هەزار کەس ئاوارەبوون و دەیان کەس شەهید و بریندار بوون.



ڕێکخراوی لاوانی ئەورووپا داوای ڕاگرتنی هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوا دەکات



لە دیدارێکدا، دوێنێ فەلاح حەسەن، جێگری یەکەمی سەرۆکی لاوانی ئەورووپا و هاوکات نوێنەری دەرەوەی لاوانی پارتی دیموکراتی کوردستان، چاوی کەوت بە خاتوو ئەنگریت کرامپ کارنباوِر، وەزیری بەرگری ئەڵمانیا، کە هاوکات سەرۆکی پارتی دەسەڵاتداری ئەڵمانیاشە. لە دیدارەکەدا، فەلاح حەسەن باسی لە ڕۆڵی پێشمەرگە کرد کە ئەفسانەی داعشی تێکشکاند و بە خوێن بەرگریی لە کوردستان بەتایبەتی و مرۆڤایەتی بەگشتی کرد، تا ئاشتی لە جیهاندا بەرقەرار بێت. ئاماژەی بەوەش دا کە ئێستا شەڕ لە ڕۆژئاوای کوردستان جارێکی تر ناسەقامگیری و مالوێرانی هێناوەتەوە ناوچەکە و لە ئەنجامدا تیرۆریستان جارێکی تر دەتوانن لەم بۆشاییەدا کارا ببنەوە، کە سەرەنجام سەرجەم مرۆڤایەتی و بەتایبەتی وڵاتانی ئەورووپاش جارێکی تر دووچاری کێشە بکەنەوە. بە ناوی لاوانی ئەورووپاوە داوای لە بەڕێزیان کرد هەرچی زووە ئەڵمانیا ڕۆڵی کاریگەر ببینێت بۆ وەستاندنی ئەو شەڕە و گەڕانەوەی هاووڵاتیانی سڤیل بۆ سەر مالوحاڵی خۆیان.

وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا ئیشارەتی بە ڕۆڵی پێشمەرگەی کوردستان دا لە قارەمانیەتیی بەردەوام و بێوێنەدا، هەروەها پشتگیریی خۆی نیشان دا بۆ پاراستنی گیانی خەڵکانی سڤیل لە ناوچەکەدا و هیوای خواست بەردەوام بن لە هەوڵدان بۆ ڕێگەچارەیەکی بەپەلە بۆ ئەم بابەتە.

وەزیری بەرگری ئەمەریکا: هەسەدە بە نیازە بە هاوکاری سووریا و ڕووسیا هێرشی پێچەوانە ئەنجامبدات

ڕووداو/ وەزیری بەرگری ئەمەریکا ڕایدەگەیێنێت، سەرۆکی ئەمەریکا فەرمانی کردووە بە سوپای ئەو وڵاتە هەزار سەربازی خۆی لە باکووری سووریا بەرەو باشووری سووریا بکشێنێتەوە، دەشڵێت، هێزە کوردییەکان وا دیارە بە نیازی هێرشی پێچەوانە بن بە هاوکاری سوپای سووریا و ڕووسیا. مارک ئیسپەر، وەزیری بەرگری ئەمەریکا لەبارەی هۆکاری کشانەوەکە ئەو هەزار سەربازە لە باکووری سووریا بۆ باشوور دەڵێت: کشانەوەکە بەهۆی ئۆپەراسیۆنی تورکیایە بۆ سەر باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریایە کە لە ڕۆژی چوارشەمە لە دژی هێزە کوردییەکان دەستیپێکرد.

وەزیری بەرگری ئەمەریکا جەختیش دەکاتەوە، ئەو ژمارە سەربازە سووریا بەجێناهێڵن و تەنها لە باکوور کشاونەتەوە بۆ باشوور.

سەبارەت بە پلانی هێرشەکانی تورکیا، وەزیری بەرگری ئەمەریکا بە کەنالی CBS ڕاگەیاند: لە ماوەی24 کاژێری ڕابردوو، ئێمە بۆمان دەرکەوت کە تورکیا وەها دەردەکەوێت بە نیازبن هێرشەکەیان فراوانتر بکەن بەرەو باشوور وەک لەوەی لە سەرەتادا پلانیان بۆ دانابوو، هەروەها بەرەو ڕۆژئاواش.

قسەکانی ئێسپەر لەکاتێکدایە پێرێ مەزڵووم کۆبانێ، فەرماندەی گشتیی هێزەکانی سووریای دیموکرات، لە پەیامێکیدا بە ئەمەریکای ڕاگەیاندووە ئەگەر ئامادەنین پارێزگاری لەناوچەکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا بکەن، ئەوا باشترە ڕێگەبدەن هەسەدە هاوکاری لە سووریا و ڕووسیا وەربگرن. وەزیری بەرگری ئەمەریکا پشتڕاستیکردەوە کە هەسەدە ئێستا بە نیازی بە دەستهێنانی هاوکاری سوپاکانی سووریا و ڕووسیایە بۆ ئەنجامدانی هێرشی پێچەوانە.

وەزیری بەرگریی ئەمەریکا ڕاشیگەیاند، بارودۆخەکە بەو جۆرەیە کە "دەکرێت هێزە ئەمەریکییەکان بکەونە نێوان دوو هێزی جیاوازەوە و ئەوەش بارودۆخێکی خراپە. هەربۆیە شەوی ڕابردوو لەگەڵ سەرۆک قسەمکرد، ئەوەش دوای گفتوگۆ لەگەڵ ئەندامانی دیکەی ئاسایشی نیشتمانی و سەرۆکیش فەرمانی پێکردم بۆژنەوەی دەست بە کشانەوەیەکی بەمەبەستی هێزەکانمان لە باکووری سووریا بکەین".

وەزیری بەرگری ئەمەریکا لە لێدوانێکی تردا بۆ فۆکس نیوز لە وەڵامی پرسیاری ئێستا تورکیا وەکو هاوپەیمان دەردەکەوێت؟ ئاماژەی بەوەکرد "نەخێر، بنچینەی کارەکانی تورکیا لە چەند ساڵی ڕابردوو زۆر خراپ بووە".

دۆناڵد تەرەمپ، دوێنێ لە ژمارەیەک تویتدا ڕایگەیاند، ئەوان هاوشێوەی 16ی ئۆکتۆبەر لایەنگری هیچ لایەک ناکەن و لە نزیکیشەوە چاودێری دۆخی ڕۆژئاوا دەکەن.



عەبدوڵڵا پەشێو بۆ سەرۆکی ڕووسیا:

دەنگدانتان بۆ قڕکردنی کوردان هەتا هەتایێ لە زەینی نەتەوەییمان ناسڕێتەوە



عەبدوڵڵا پەشێو، نووسەرو شاعیری ناسراوی شاری هەولێر لە هەژماری تایبەتی خۆیدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک ڕایگەیاندووە کە نامەیەکی بۆ سایتی فەرمیی سەرۆکی ڕووسیا نووسیبوەو لە نامەکەشدا بە پوتن دەڵێت: دەنگدانتان بۆ قڕکردنی کوردان هەتا هەتایێ لە زەینی نەتەوەییمان ناسڕێتەوە. دڵنیاتان دەکەم، کە گەلی کورد، لەگەڵ ئەو هەموو نەهامەتییانەی بە سەری هاتوون، ئایندە دەباتەوە. ئەمەش دەقی نامەکەیە:

بەڕێز ڤلادیمیر ڤلادیمیرۆڤیچ

لە مۆسکۆ خۆیندنم تەواو کردووە. نووسەر و وەرگێڕی پووشکینم بۆ سەر زمانی کوردی. وەک هەواداریکی فەرهەنگی ڕووسی بە جەنابتان ڕادەگەیەنم، کە دەنگدانتان بۆ قڕکردنی کوردان هەتا هەتایێ لە زەینی نەتەوەییمان ناسڕێتەوە. دڵنیاتان دەکەم، کە گەلی کورد، لەگەڵ ئەو هەموو نەهامەتییانەی بە سەری هاتوون، ئایندە دەباتەوە، بە پێچەوانەی ئەردۆگان، کە ڕێگەی سیاسی لەبەر دەمیا گەیشتۆتە بنبەست و ئێستا بە تاقی تەنیا، بێ پشتەوانیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بڕیارەکانی دەدا.

وێڕای ڕێزم بۆتان

عەبدوڵڵا پەشێو

دەستەی مافی مرۆڤ نیگەرانە لە ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ڕۆژئاوای کوردستان

دەبێ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بێنە سەرخەت چونکە منداڵێکی زۆر لەو شەڕەدا بوونەتە قوربانی

بەڕێوەبەری گشتیی دەستەی مافی مرۆڤ نیگەرانە لە ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ڕۆژئاوای کوردستان و پێی وایە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کەمتەرخەمن. تاقگە عومەر بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: ئەوەی تێبینی کراوە منداڵێکی زۆر لەناو ئەو شەڕەدا بوونەتە قوربانی و، بە پلەی یەکەم ئافرەت و منداڵ قوربانی بوون. ئەوەی دەشکرێت پێشێلکاریی مافی مرۆڤە و پێچەوانەوەی ئەو یاسا نێودەوڵەتیانەیە کە دەربارەی مافی مرۆڤ دەرچوون، بۆیە زۆر گرنگە بەتایبەت ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی زلهێز کار بکەن لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە بریاری خێرا بۆ ڕاوەستانی شەڕ بدرێت.

تاقگە عومەر گوتیشی: ئەوەی لە ڕۆژئاوای کوردستان دەکرێت تاوانکارییە دەرحەق بە مافی مرۆڤ و خەڵکێکی زۆر ئاوارە بوون، بەشێکیان بێ نان و ئاون و ژیانیان لە مەترسیدایە، بۆیە دەبێ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بێنە سەرخەت. بەڕێوەبەری گشتیی دەستەی مافی مرۆڤ ڕایشیگەیاند: لەسەر دۆخی ڕۆژئاوا ڕێکخراوی هیومان ڕایتس ووچ و ئینتەرناشنالّ و نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵی ئەکتیڤیان نەبووە و نەیانتوانیوە ڕووداوەکان بەدیکۆمێنت بکەن، بەڵام خۆشبەختانە دەزگای ڕاگەیاندن فەراغی زۆریان پڕ کردووەتەوە و ڕۆڵی ڕیکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەبینن.

سەرۆکی قوبرسی تورکی: ئەوەی تورکیا دەستی داوەتێ «کانی ئاشتیی» نییە «کانی خوێنە»



مستەفا ئاکینجی سەرۆکی قوبرسی تورکی لە لێدوانێکی چاوەڕوانەکراودا لەبارەی دەستدرێژییەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان و ناونانی دەستدرێژییەکە بە کانی ئاشتی، ڕایگەیاند ئەوە کانی ئاشتی نییە، بەڵکو کانی خوێنە. بە گوێرەی زەمانی تورکی مستەفا ئاکینجی سەرۆکی قوبرسی تورکی ڕاشیگەیاندووە "ئەو جەنگەی ساڵی 1974یش هەرچەندە ناونرابوو پرۆسەی ئاشتی بەڵام خوێنی تیا ڕژا، ئەوەشی ئاشکرا کردووە کە پرۆسەی "کانی ئاشتی" ی ئێستای تورکیاش کانی خوێنە نەک ئاشتی. ئاکینجی داواشی کردووە، ئەنقەرە ڕێگەی گفتوگۆ و دانووستان بگرێتە بەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. ئاکینجی ئاماژەی بەوەش داوە کە ماوەی10 ساڵ دەبێت خاکی سووریا تێر بووە لە شەڕ، دە ساڵە ئەو وڵاتە خوێنی لێ دەچۆڕێت، بۆیە ئەگەر هەروا شەڕ بەردەوام بێت، ئەستەمە بتوانن بگەنە ئاشتی و بەم شێوەیەی ئێستاش هەرگیز ئاشتی بەرپا نابێت. بۆیە پێویستە بۆ ئارامی و خۆشگوزەرانی تورکیا، دایالۆگ لە نێوان تورک و کورد و عەرەبدا دروست ببێت. لە کاردانەوەی ئەو لێدوانەی سەرۆکی قوبرسی تورکیدا، بەرپرسانی تورکیا بە تۆندی ڕەخنەیان لەو سەرکردەیەی قوبرس گرتووە و ڕایانگەیاندووە، لێدوانەکانی ئاکینجی دەربڕی هەڵوێستی تورکەکانی قوبرس نییە. هەروەها عومەر چەلیک گوتەبێژی ئاکەپە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا گوتوویەتی: ئەم لێدوانەی ئاکنجی لەکەیەکی ڕەشی گەورەیە.

وتارو ڕاپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com
www.xebat.net
دووشەممە 2019/10/14 ژمارە (5848)
خەبات

شەپۆلی ناڕەزایی کوردانی تاراوگە دژ بە داگیرکردنی رۆژئاوای کوردستان یەکبوونی کوردان دووپاتدەکاتەوە

نووسەرێک: تا کێشەی کورد چارەسەر نەکرێت ناوچەکە ئارامی بە چاوی خۆی نابینێت

خۆپیشاندەران سوپاسی هەڵوێستی بوێرانەی سەرۆک بارزانی دەکەن

خۆپیشاندەرێک: کوردانی هەر چوار پارچە سەلماندیان گەلی کورد نامرێت





ساسان دەرویش- هۆڵەندا

لە 9ی ئۆکتۆبەری 2019 ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆکی تورکیا ئۆپەراسیۆنی سەربازی بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان دەستپێکرد و ئەمەش کاردانەوەی نێودەوڵەتی و ناوچەیی و ناوخۆیی لێکەوتەوە، بەتایبەتی بەهۆی بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ڕۆژئاوا. هاوکات سەرۆک بارزانی لە ڕێگای تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەرەوە، پەیامێکی ئاڕاستەی دۆنالد ترەمپ کرد و گوتی: خوێنی کورد ژۆر لە چەک و پارە بەهادارترە، لە ژۆربەی زۆری وڵاتانی ئەورووپا و بەریتانیا و وڵاتانی ئەسکەندیناڤیا و ئەمەریکا و کەنەداش، کوردانی تاراوگە لە هەر چوار پارچەی کوردستان بۆ پشتگیری لە بەشێکی نیشتمان و هاوسۆزی بۆ خوشک و برا کانیان لە ڕۆژئاوای کوردستان بەدەم هاواری نیشتمان و زوڵم و زۆری داگیرکاری و تێکدانی ئارامی و بەزاندنی سنووری وڵات و خاکی کوردان، بە تێکڕای ئایدیا و جیاوازی ڕژانە سەر شەقامەکان بە ئاڵای کوردستان و یەکدەنگی و یەکبوونی خۆیان دژی هەڵوێستی دۆنالد ترەمپ و لەشکرکێشی تورکیا دەربڕی و یەکبوونی کورد ییان لە بەرانبەر دۆزی ڕەوای گەلەکەیان و ئاییندەی کوردستان دووپاتکردەوە، بە خۆپیشاندان و ڕێپێوانی هێمنانە لەنێو شەقامەکان و هوتافی پشتگیریی بۆ بەرخودانی ڕۆژئاوا و ئیدانەکردنی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان.

سوپاسی هەڵوێستی بوێرانەی سەرۆک بارزانی دەکەن

محەمەد، کە نەیویست ناوە ڕاستەقینەکەی بۆ خەبات ئاشکرا بکات، گوتی: بەڕاستی سوپاسی هەڵوێستی بوێرانەی سەرۆک بارزانی دەکەین لە نادرنی نامە کراوەکەی بۆ ترەمپ و پەیامەکەی بۆ ڕایگشتی هەموو کوردی لە یەک نزیککردەوە کە بە یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی کار بۆ ڕزگارکردنی بەشێکی نیشتمانی کوردستان بکەین. گوتیشی لە شاری لاهای لە هۆڵەندا و زۆربەی زۆری وڵاتانی دونیاش ڕەوندی کورد پێکەوە دەنگی نارەزایەتییان بەرانبەر قڕکردنی گەلی کورد دەربڕی، بوێری و هەڵوێستەکانی سەرکردەی مەزن و کۆڕی جەنەڕاڵ مستەفا بارزانیی باوک کە بە دەنگەهات کە گەلی کورد بێکەس و تەنیا نییە کڕین و فرۆشتنی پێوە بکرێت، بژی سەرۆک بارزانی و پێشمەرگە و تەواوی شەڕڤانان و یەکە یەکەی گەلی کورد.

حکوومەتی هۆڵەندا چەک بە تورکیا نافرۆشێت

لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشەکان بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان و لێکەوتنەوەی کارەساتی مرۆیی و وێرانکاری و مەترسی بۆ دروستبوونەوەی تیرۆریستانی داعش و لە دەستدانی دەستکەوتی هاوپەیمانی لە پێناوی کۆتاییهاتنی تیرۆریستان لە سووریا و عێراق ڕەنگدانەوەی لە نێو میدیا و ڕایگشتی گۆمەڵگە و حکوومەتی هۆڵەندا دایەوە، وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا کارەکانی لەگەڵ باڵیۆزخانەی تورکیا هەڵسپارد و بەشێک لە ئەندامانی پەرلەمانی هۆڵەندای داوای سزادانی تورکیایان کرد، لە ڕێگای ئەورووپاوە، بە فەرمی حکوومەتی هۆڵەندا ئیدانەی هێرشە داگیرکارییەکانی تورکیایان بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان کرد و هاوکات بڕیاریاندا چیتر چەک و تەقەمەنی بە تورکیا نەفرۆشێت .

بەشێک لە ئەندام پەرلەمانتارانی هۆڵەندا بەشداری ڕێپێوانەکانن

لە دوای ئەوەی بە فەرمی حکوومەت و ڕایگشتی لە هۆڵەندا و چەند ولاتێکی دیکە ئاشکرا بوو کە دژی هێرشی تورکیان بۆ ئیدانەکردنی هێرشەکان بۆ سەر خەڵکی سڤیلی ڕۆژئاوای کوردستان، بەشێک لە ئەندامانی پەرلەمان و کەسایەتیی سیاسی و زۆرینەی خەڵکی هۆڵەندا و وڵاتانی دیکە تێکەڵی خۆپیشاندانەکان بوون بە بەرزکردنەوەی دروشم و هوتافی ئیدانەکردن لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە ئەندام پەرلەمانتارەکانی پارتە سیاسییەکان لە هۆڵەندا هەندێک لە وڵاتانی تری ئەورووپا لەنێو خۆپیشاندەراندا وتاریان پێشکەشی ئامادەبوانی ڕێپێوانەکان کرد و تیایدا پاشەکشەی هێزەکانی ئەمەریکایان شەرمەزار کرد و وڵاتانی دونیا ڕەوندی کوردستانی هەر چوار پارچەی کوردستان، پەیامی یەکدەنگی خۆیان بە هەموو دونیا ڕاگەیاند لە پشتگیری و هاوسۆزی بۆ بەشێکی نیشتمان و ئیدانەی ئەو زوڵم و زۆرییان کرد بۆ سەرخاکی کوردان و بە هەەدردانی خوێنی کورد لە بەرچاوی هەموو مرۆڤایەتی و جەنگی سرپنەوە و کوشتاری بە کۆمەڵی کورد چاوپۆشی لێدەکرێت، ئەوەی جێگای سوپاس و پێزانینە بۆ بەشێک لە ئەندامانی پەرلەمانتاری پارتە سیاسییەکانی هۆڵەندا و کەسایەتییەکانیان و بەشداربوونە دەربڕی و پەیامی خۆپیشاندانەکان بە گشتی دژ بە هێرش و لەشکرکێشی هێزی سوپای تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، دەسەلێنن تا کێشەی کورد چارەسەر نەکرێت، ناوچەکە و جیهان ئارامی بەخۆیەوە نابینێت.

کورد بۆ لە شەڕی کۆتاییهێنان بە تیرۆر باجی داوە

سامان کۆبانی لە نەرویژ لە ڕێکخەری خۆپیشاندەران، لەنێو ئاپۆڕای ڕێپێوانەکاندا بە خەباتی ڕاگەیاند: کەمپی هۆڵ دەکەوێتە پارێزگای حەسەکە لە ڕۆژئاوایی کوردستان و 71 هەزار چەکداری داعش و خێزانەکانیان تێیدا نیشتەجێن لەگەڵ ئاڵۆزبوونی ئەم بارودۆخە هەوڵی پشێوی و ڕاکردنیان کردووە دەیانەوێت بارودۆخەکە ئاڵۆز بکەن، بەمەش جارێکیتر مەترسی سەرهەڵدانی داعش و خۆکۆکردنەوەیان بۆ هەلێکی تر ڕێکبخەن، بۆیە پەیامی ئێمە و دروشمی خۆپیشاندەران ئەوەیە بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بڵێن کە کورد لە باشوور و ڕۆژئاوا بۆ کۆتاییهێنان بە تیرۆریستان، باجی داوە، ئێستاش ئۆبالی دەکەوێتە سەرشانی ئێوە کە یارمەتی کورد نەدەن، لەڕێتر ئاگر و ئاسن پارێزگاری لە خۆی بکات.

چیتر تەماشاکار مەبن

خاتوو پەیمان بەرزنجەیی شاعیر و چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنی کورد لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا لەنێو خۆپیشاندەران بە خەباتی ڕاگەیاند: خۆشحاڵم بەم لە یەک نزیکبوونەوەیەی کورد و یەکهەڵوێستیان لە بەرانبەر دژ و داگیرکردنی خاکی کوردستان بە زوڵم و زۆرداریان کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە میدیاکانی جیهانی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وێنە ناخەهژێنەکانی ڕووداوەکان هەموو دنیای هێنایە سەرخەت بۆ ئیدانەکردنی ئەو کارەساتەی دەقەومێت لەبەرچاوی هەموو مرۆڤایەتی، دڵمایان پڕ کرد لە وشە بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە بۆ پاڵپشتی و هاوسۆزی خۆم بۆیان، کە کورد گەلێکی خۆڕاگر و لەسەرێێی خۆی وەستاوە، بەرانبەر دوژمناکانی، تکایە وڵاتانی زلهێز و یەکێتیی ئەورووپا هەڵوێست وەربگرن و چیتر تەماشاکار مەبن.

کورد بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان.

بەهانای ئاوارەکان بچن لە دابینکردنی نان و بۆشاک

زمناکۆ حەمەعەلی بەشداربووی ڕێپێوانی خۆپیشاندەران لە شاری لاهای بە خەباتی ڕاگەیاند: بەشێک لە هوتافی ئێمەی بەشداربووی خۆپیشاندەران و ڕێپێوانەکان، داوای ئەوەمان کرد لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک یەکدەنگی کورد و خۆپیشاندەران هەرچی زووە گوشار بخرێتە سەر تورکیا بۆ ڕاگرتنی لەشکرکێشییەکانی تورکیا بۆ سەر خاکی ڕۆژئاوا تا خەڵکی ئەو ناوچەیە تووشی زیاتری ئاوارەبوون و زیانی مالی و کوشتاری بە کۆمەڵ نەبنەوە، پێویستە بە دەنگیانەوە بچن، لە هاوکاریکردنیان لە نان و پۆشاک کە کەشوهەوا بەرەو ساردبوون دەچێت و مندالان بەرگەی ناگرن.

کێشەی کورد چارەسەر نەکرێت ناوچەکە ئارامی بەخۆیەوە نابینێت

هەڵۆ بەرزنجەیی نووسەر و ڕوناکبیری کورد لە ئەڵمانیا، بەشدار بوو لە ڕێپێوان و خۆپیشاندانەکاندا دەڵێت: وێڕای بەشداربوونمان وەک خۆم و هاوبیرەکانم، پێکەوە بە ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆمان زانی، هاوسۆزی و پاڵپشتی خۆمان بەم بەشداربوونانە لەنێو ڕێپێوانەکان و بەرزکردنەوەی پاڵپشتیی خۆیان بۆ کورد لە وتەکانیان بۆ ئاماەبووان جێگای سوپاسن.

بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانێکی هێمنانە

هیوا عەلی بەشداربوویەکی خەڵکی باشووری کوردستان و دانیشتووی هۆڵەندایە لەنێو ئاپۆڕای چەند هەزار کەسی ئاماەبووی ڕەوندی کورد لە شاری لاهای بۆ خەبات گوتی: خۆپیشاندانی کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان و سەلماندی بۆ نەیارەکانی کە گەلی کورد نامرێت و لەبەرخودانیدا دەبێت بۆ یەکپارچەیی کوردستان، بەشداربوونی ئێمەش لەڕێتر لێزمەی باران و کەشوهەوای سارد پاڵپشتیکردن بوو لە خوشک و برا کانمان لە ڕۆژئاوای کوردستان، لەم ڕێپێوانە هێمنانەی کە بەڕێوە دەچێت لەنێو شەقامەکانی شاری لاهای کە بە پایتەختی سیاسی هۆڵەندا هەژمار دەکرێت، لەگەڵمانە هەندێک لە نەتەوەکانی تری ئاشتیخوازیی جیهان، بەشداری ئەم ڕێپێوانەیان کرد بە یەک دەنگ جەختمان کردەوە لە یەکێتیی کورد و کوردستان و سەرکۆنەی ئەو هێرشە ناڕەوایەی تورکیامان



خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژی هێرشەکانی تورکیا ڕژانە سەر شەقامەکان

K24/ بۆ ناڕەزایی دەربڕین و ئیدانەکردنی هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان ڕۆژانە لە زۆربەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆپیشاندان ئەنجام دەدرێت. لە شاری سنە خەڵکێکی زۆر بە دروشمی یەکگرتووی کوردان و پشتیوانی لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕژانە سەر شەقام و داوای ڕاگرتنی هێرشەکانی تورکیایان بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان کرد. هەروەها لە شاری مەهاباد و خەڵکێکی زۆر بە دروشمی یەکگرتووی کوردان و دژایەتیکردنی هێرشەکانی تورکیا شەقامەکانیان تەنیوە، ئەوان پشتیوانی لە ڕۆژئاوای کوردستان دەکەن و داوای وەستاندنی هێرشەکان دەکەن. هاوکات لە شاری مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەکوو سنە، مەهاباد، کرماشان، ئیلام، بۆکان، پیرانشار، شنۆ و سەرجەم شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات، خەڵک دژی هێرشەکانی تورکیا بۆسەر ڕۆژئاوای کوردستان ڕژانە سەر شەقامەکان.

کۆبوونەوەی 26 وڵاتی یەکێتیی ئەورووپا لەسەر ئاڵۆزییەکانی سووریا و ڕۆژئاوای کوردستان بەڕێوەدەچێت

دلاوەر ئازگەیی بۆ خەبات: چاوەڕێ دەکەین بڕیار لە بەرژەوەندیی کورد بدرێت

بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی 26 وڵاتی یەکێتیی ئەورووپا لەبارەی پرسی سووریا و هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان ببەسترێت و زۆر گرنگە و چاوەڕوانی بڕیاری گرنگین لە کۆبوونەوەکە بدرێن. دلاوەر ئازگەیی، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەورووپا بە خەباتی ڕاگەیاند: کۆبوونەوەی هەر 26 وڵاتەکەی یەکێتیی ئەورووپا لە لۆگسمبۆرگ گرنگە، هەر وەزیرێک سیاسەتی وڵاتەکەی دێنێتە ئەوێ و باسی لێوە دەکەن، هاوکات پرسەکانی سووریا و عێراق لە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکەن و قسەیان لەبارەوە دەکرێت. هاوکات ئازگەیی ئاماژەی بەوەش کرد: کۆبوونەوەکە جگە لە گرنگییەکەی لە کاتێکی هەستیاریشدا دەبەسترێت، گرنگتر لەوانەش ئەوەیە کە دەبێ بڕیارێکی هاوبەش بەناوی هەموویانەوە بدرێت، هەروەها بەرنامەی کاریانە لەسەر ئەو ڕووداوانە، چ وەک وڵاتانی ئەورووپی لە ئەنجومەنی ئاسایشن و چ وەک ناتۆ کارێگەرییان لەسەر ئەو ڕووداوانە دەبێت لە ناوچەکەدا ڕوو دەدەن و بێگومان وڵاتانی یەکێتی ئەورووپاش کارێگەری زۆریان لەسەر ئەو بڕیارە هاوبەشە دەبێت کە دەردەچێت، بەتایبەت فەرەنسا و ئەڵمانیا و وڵاتانی دیکە.



نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەورووپا ئەوەشی خستە ڕوو: ئێستا حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەیەکی تۆکمەی ئامادە کردووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی هاتنی ئاوارەکان، بۆ ئێمەش وەک نوێنەرایەتیی حکوومەت نێردراوە و لای خۆمانەوە بۆ ناوەندەکانی یەکێتیی ئەورووپامان ناردووە و پێیان گەیشتووە، بۆ ئەوەی بتوانن هاوکارییی حکوومەتی هەرێم بکەن، تا هەرێمیش لەڕووی مرۆییەوە هاوکاری و پێشوازی لە پەنابەران بکات.

دلاوەر ئازگەیی ئامادەی خۆی دەربڕی بۆ ئەوەی ئەو ڕاستییانە ڕوون بکاتەوە کە کوردستان بووەتە شوێنکەوتووی هەیە و بەرپرسی ڕێکخراوی خێرخوازی مەسیحی (سەمێریتان پێرس)ـە.کە لەساڵی 2007ـەوە لەهەرێمی کوردستانیش نوسینگەیان هەیە و خزمەت بەخەڵکی هەژار و نەدار و نەخۆش و ئاوارەکانی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان دەکات لە دریژەی لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: بە سەرۆک تڕەمپ ڕاگەیاندووە کە کوردەکان باشترین هاوپەیمانی ئێمەن لە ناوچەکەدا و ئەوان مەسیحیەکانی ناوچەکەش دەپارێزن و شەڕی داعشیان کردوە لەپێناو ئازادی و ڕزگارکردنی گەلانی جیهان لەدرندەیی تیرۆرستانی داعش بۆیە ئەوانەی ئاوارە دەبن لە ئەنجامی ئەم بەجێهێشتنەی کورد لەناوچەکەدا لە ئەستۆی ئەمەریکایە .

لەکۆتایی لێدوانەکەیدا فرانکلین گراهام بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: هەردوو حزبی کۆماری و دیموکراتەکان لەکۆنگرێسی ئەمەریکا دژی ئەم بڕیارەی سەرۆک تڕەمپن، بۆیە داواکارم بەزووترین کات چاو بەبڕیارەکەیدا بخشێنێتەوە و ئێمەش هەمیشە دوعای خێر و نوێژ دەکەین بۆ گەلی کورد و هەموو ئازادیخوازان و ئاشتیخوازان.

شایانی باسە فرانکلین گراهام یەکێکە لەکەسایەتیە نزیکەکانی ئیدارەی ئەمەریکا و چەندین جار سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە و دۆستایەتیەکی زۆری لەگەڵ کەسایەتیە ئاینی و سیاسییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە و لەماوەی 12 ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە 70 ملیۆن دۆلاری لەچوارچێوەی کاری هاوکاری و فریاگوزاری و دیاری منداڵانی کوردستان و کەمئەندام و کەسوکاری ئەنفالەکان خەرج کردووە و تائێستاش بەردەوامە.

ڕاگەیاندنی پارتی27ەمین ساڵیادی دامەزراندنی ڕادیۆی دهۆک پیرۆز دەکات

بەڕێزان/ بەڕێوەبەر و ئەنجومەنی بەڕێوەبردن و سەرجەم کادیر و کارمەندانی ڕادیۆی دهۆک..

بەبۆنەی(27)هەمین ساڵیادی دامەزراندنی(ڕادیۆی دهۆک) پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و گوێگرانی ڕادیۆ ئازیزەکەتان دەکەین، هیوای بەردەوامی و هەمیشە پێشکەوتنتان لە کار و بەرنامەکاندا بۆ دەخوازین.

دامەزراندنی ڕادیۆی دهۆک وەک کەناڵێکی ناوخۆیی کوردستانی بەر لە (27) ساڵ لەو دەڤەرە ئازیزەدا، دەسکەوتێکی دیکەی گرنگی پارتیمان بوو بۆ خزمەتگەیاندن بە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیریی و کوولتووری کوردیی.

ڕادیۆی دهۆک شانبەشانی کەناڵەکانی دیکە لە ڕێی بەرنامە و پرۆگرامەکانییەوە ڕۆڵی شیاوی خۆی بینیوە بۆ پێشخستنی زمان و ئەدەبیاتی ڕەسەنی کوردایەتی و، دەنگی پێشمەرگە و خەڵک و هاوڵاتیان بووە، بۆیە مایەی شانازی و دەستخۆشییە.

لەم یادەدا وێڕای پیرۆزبایی گەرمان، جارێکی دیکە پاڵپشتی و پشتیوانی تەواوی خۆمان بۆ ڕادیۆی دهۆک دووپات دەکەینەوە و هیوادارین ساڵی داهاتوو زیاتر پێشبکەون و سەرکەوتنی زیاتر لە کارەکانتان بەدەست بێنن...

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان
14/10/2019

هیلاری کلینتۆن لەسەر هێرشەکەی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان:

ئەم بارودۆخە قێزەوەنە ئەنجامی هەڵەی یەک کەسە

هیلاری کلینتۆن، سیاسەتڤانی ئەمەریکی و بەرێزیری پێشووی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا لەبارەی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، ڕیتویتی نووسینی ڕۆژنامەنووسێکی کردووە کە باس لە قەتڵوعامی هاووڵاتیانی مەدەنی بە دەستی چەکدارە تووندڕۆکانی سەر بە تورکیا دەکات.

هیلاری کلینتۆن، لەمبارەوە نووسیویەتی: ئەم بارودۆخە مەترسیدار و قیزەونە هەمووی لە ئەنجامی هەڵەی یەک کەسە. مەبەستی کلینتۆنیش لەو یەک کەسە دۆناڵد ترەمپە.

لە ماوەی چەند ڕۆژێ ڕابردوودا بە دەیان کەسایەتیی ناودار و سەرکردەی ناسراوی جیهانی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستانیان ئیدانە کردووە.

فرانکلین گراهام بۆ (خەبات):

کۆماری و دیموکراتییەکانی ئەمەریکا لەسەر زەرووەتی پارێزگاری لە هاوپەیمانە کوردەکانمان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکهەڵوێستن

بە سەرۆک تڕەمپم ڕاگەیاندووە کە کورد باشترین هاوپەیمانی ئێمەن لە ناوچەکەدا

خەبات- مەریوان نەقشبەندی

فرانکلین گراهام کەسایەتی مەسیحی ناسراوی ئەمەریکا و جیهان نیگەرانی خۆی بۆ هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوا و بڕیاری سەرۆکی ئەمەریکا دۆناڵد ترەمپ لەبەجێهێشتنی کورد و ئاوارەبونی دەیان هەزار کەس لەپێکهاتە جیاجیاکانی ڕۆژئاوای کوردستان دەربڕی و لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات تەنکیدی کردەوە هەموو ئەو نیگەرانیانەی گەیاندۆتە سەرۆک دۆناڵد ترەمپ.

فرانکلین گراهام کە یەکێکە لەکەسایەتیە مەسیحیە کاریگەر و مرۆڤدۆستەکانی جیهان و کەنیسەکانی لەجیهاندا بە دەیان ملیۆن شوێنکەوتووی هەیە و بەرپرسی ڕێکخراوی خێرخوازی مەسیحی (سەمێریتان پێرس)ـە.کە لەساڵی 2007ـەوە لەهەرێمی کوردستانیش نوسینگەیان هەیە و خزمەت بەخەڵکی هەژار و نەدار و نەخۆش و ئاوارەکانی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان دەکات لە دریژەی لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: بە سەرۆک تڕەمپم ڕاگەیاندووە کە کوردەکان باشترین هاوپەیمانی ئێمەن لە ناوچەکەدا و ئەوان مەسیحیەکانی ناوچەکەش دەپارێزن و شەڕی داعشیان کردوە لەپێناو ئازادی و ڕزگارکردنی گەلانی جیهان لەدرندەیی تیرۆرستانی داعش بۆیە ئەوانەی ئاوارە دەبن لە ئەنجامی ئەم بەجێهێشتنەی کورد لەناوچەکەدا لە ئەستۆی ئەمەریکایە .



لەکۆتایی لێدوانەکەیدا فرانکلین گراهام بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: هەردوو حزبی کۆماری و دیموکراتەکان لەکۆنگرێسی ئەمەریکا دژی ئەم بڕیارەی سەرۆک تڕەمپن، بۆیە داواکارم بەزووترین کات چاو بەبڕیارەکەیدا بخشێنێتەوە و ئێمەش هەمیشە دوعای خێر و نوێژ دەکەین بۆ گەلی کورد و هەموو ئازادیخوازان و ئاشتیخوازان.

شایانی باسە فرانکلین گراهام یەکێکە لەکەسایەتیە نزیکەکانی ئیدارەی ئەمەریکا و چەندین جار سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە و دۆستایەتیەکی زۆری لەگەڵ کەسایەتیە ئاینی و سیاسییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە و لەماوەی 12 ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە 70 ملیۆن دۆلاری لەچوارچێوەی کاری هاوکاری و فریاگوزاری و دیاری منداڵانی کوردستان و کەمئەندام و کەسوکاری ئەنفالەکان خەرج کردووە و تائێستاش بەردەوامە.

غەریب حەسۆ:

کۆمەڵکوژی لەناوچە کورد‌ییەکان ڕوویداوە

داوای ڕاگرتنی شەڕ و پاراستنی ئاسمانی ناوچەکەمان لەهێرشی فڕۆکەکانی تورکیا کردووە



غەریب حەسۆ هاوسەرۆکی تەقدەم لە دیمانەیەکدا لەگەڵ بەشی کوردیی دەنگی ئەمەریکا، باس لە نوێترین گۆڕانکارییەکانی شەڕ و دۆخی باکوری ڕۆژهەڵاتی سووریا دەکات، هەروەها دەڵێت: ڕۆژانە لەگەڵ ئەمەریکا و هاوپەیمانان لەکۆبونەوەداین داوای ڕاگرتنی شەڕ و پاراستنی ئاسمانی ناوچەکەمان لەهێرشی فڕۆکەکانی تورکیا کردووە، بەڵام تا ئێستا هیچ هەڵوێستێکی کردارییان نەبووە، بە وتەی هاوسەرۆکی تەقدەم سوپای تورکیا "کۆمەڵکوژی" لەناوچە کوردییەکان لەکاتی هێرشەکانیاندا ئەنجامداوە.

حەسۆ ئاماژەی بەوەش داوە: دۆخی سووریا چۆتە قۆناغێکی نوێ ئەویش پاش ئەوەی لەشکری تورکیا هێرشی کردە سەر "ڕۆژئاوا" و ئیرادەی میللەتی کورد، ئەوە چەند ڕۆژە سوپای تورکیا هێرشی کردووە تەواوی کۆمەڵگای عەرەبی و نێودەوڵەتی سەرنجیان خستۆتە سەر ئەو هێرشەی باکوری ڕۆژهەڵاتی سووریا بەتایبەتی "بەرخۆدانی" قەسەدە، سوپای تورکیا بەشێوەیەکی "وەحشیانە" هەموو تەکنیکێکیان بەکارهێناوە بۆ شکاندنی ئیرادەی کورد و هەرێمی ڕۆژئاوا، دیمانەیەت داعش نوێ بکەنەوە."

هاوسەرۆکی تەقدەم دەشڵێت: گەلێک کۆمەڵکوژی لە ڕوویداوە، کۆمەڵکوژی لە قامیشلۆ/ سەر ڕێکانی و نزیک کۆبانێ و گرێ سپی و هەموو شار و شوێنەکانی سەر سنور کۆمەڵکوژییان تێدا ڕوویداوە و کەوتوونەتە بەر تۆپباران و بۆمبارانی "لەشکری تورکیا" بەتایبەت قامیشلۆ ڕۆژانە بۆمباران دەکرێت، وە لەڕێگای "خەڵکی چەتەوە" دەستیان کردووە بە چالاکی " تیرۆری" تەقینەوە ئەنجامدەدەن و خەڵکی مەدەنی بە کۆمەڵ دەکوژن، هەردەرفەتێکیان دەست بکەوێت دەخوازن کە کۆمەڵکوژی خەڵکی تێدا بکەن، سیاسەتی کوشتن و قڕکردن و دەرکردنی کورد لەناوچانە پەیڕەو دەکەن، دەیانەوێت خەڵکی سڤیل و منداڵ بکوژن بۆمبارانی ناوچە مەدەنییەکان بکەن، ئەوە حەوت ساڵە تورکیا لە سووریا شەڕ دژی کورد دەکات هەزاران چەکدارییان هێناوە کە "چەتە" ن و دەیانەوێت بەوانە هێرش بکەن، بەداخەوە کۆمەڵکەی نێودەوڵەتی بێدەنگە لە ئاست ئەو هێرشەی تورکیا ، ئەوەی تورکیا دەیکات داعش پێی نەکرا، تورکیا نەبوایە داعش نەیدەتوانی خۆی ڕێکبخاتەوە و کۆمەڵکوژی بکات تورکیا هاوکاری داعش دەکات و دەستی دەگرێتەوە جارێکی تر بەڵام بەداخەوە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بێدەنگە.

هەر لە دیمانەکەدا غەریب حەسۆ ئاماژەی بەوەش کردووە: زۆر خەڵکی سڤیل بونەتە قوربانی و کوژراون لەناو شارەکان کۆمەڵکوژی کراوە خەڵکی ئەمڕۆ نەهاتوونەتە دەرەوە هەتا ئێستا زیاتر لە 60 بۆ70 مەدەنی بوونەتە قوربانی، ئێ کێ بەرپرسیارە لەسەر ئەم دۆخە؟ کێ مەدەنی ئاوارە دەکات؟ ئەوانەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کە بەڵێنی ئۆپەراسیۆنەکەیان بەتورکیا داوە ئەوان بەرپرسیارن ئێستا کەسیان خۆیان بەخاوەنی خەڵکی سڤیل نازانن دۆخەکە زۆر ئاڵۆزە زۆر ناپەحەتە دەوڵەتی تورک بەناوی ناتۆ هێرش دەکات.

زانایانی ئایینی: کاری موسڵمان قوڵکردنەوەی ئارامی و ئاشتی و خۆشەویستییە، نەک هێرش و پەلاماردان و گۆڕینی دیمۆگرافیا

دهۆک.. خەڵکێ هەوەکا خوین بەخشینی بۆ خەڵکێ ڕۆژئاڤا پێشکێشکر

خەبات ـ دهۆک:
ڕێڤەبەریێ بەنکا خوینێ ل دهۆکێ دیارکرکو ل ڕۆژا 2019/10/13 هەوەکا خوین بەخشینی بۆ خەڵکێ ڕۆژئاڤایێ کوردستانێ ژلایێ خەڵکێ پارێزگەها دهۆکێ هاتە پێشکێشکرن و ب دەهان ژ وەلاتیان خوینا پێشکیشکر.
عادل عەبدولسەلام ڕێڤەبەرێ بەنکا خوینێ ل دهۆکێ دیارکرکو ئەڤ هەوا خوین بەخشینێ ب پشتەڤانیا خەلکێ پارێزگەهێ هاتە کرن و تێدا هژمارەکا زۆر وەلاتیان بەشداری کرن ئەم دێ هەولدین ب ڕێین یاسایی هەکە هات ژمە هاتە داخوازکرن ڕەوانەی ڕۆژئاڤایی کوردستانێ بکەن یان ژی هەکە هات بریندارێن ڕۆژئاڤا بۆ باشۆری هاتنە ڕەوانەکرن ئەم دێ پێشکیشی وان کەین.
یوسف ئەحمەد، ڕێکخەرێ هەوا خوین بەخشینێ ل پارێزگەها دهۆکێ دیارکرکو ئەو هەوا خوین بەخشینێ بۆ خەلکێ ڕۆژئاڤا هاتە ئەنجامدان هەتا شەر یێ بەردەوام بیت ل گۆر شیانێن خو ئەم دێ ب خوین بەخشینێ پشتەڤانیا خەلکێ ڕۆژئاڤایێ کوردستانێ کەین ئەڤ هەوا خوین بەخشینێ هاتە کرن ب هەماهەنگی دگەل ساخلەمیا دهۆکێ دێ هەولدان هێنە کرن هەکە هات ڕێک هەبیت بۆ نەخۆشخانیێن ڕۆژئاڤا بهێتە ڕەوانەکرن وەکو ئەرکەکێ مرۆڤایەتی و نشتیمانی، مە خواست ب ڕێیا خوین بەخشینی هاریکاریا خەلکێ ڕۆژئاڤا بکەین.
ئەوژی دیارکر کو خەلکێ پارێزگەها دهۆکێ دگەل پەنابەرێن ڕۆژئاڤایێ کوردستانێ ئەوێن ل کەمپێن دهۆکێ ئاکنجیی بەشداربوون دڤێ هەوا خوین بەخشینێ دا و ل ڤان نێزیکا ژی دێ هەوا کۆمکرنا شیرێ زارۆکان ژی دەست پێ کەن پاش بۆ زارۆکێن ڕۆژئاڤا هێتە ڕەوانە کرن.

هەولێر.. بەرپرسی لقی 16 لە گیروگرفتی هاووڵاتیان دەکۆڵێتەوە



بەرپرسی لقی 16 وێڕای هەواڵپرسین لە باری تەندروستی و ژیان و گوزەرانیان بە وردی گوێی لە سەرنج و داواکاری و پێداویستی و پێشنیارەکانیان گرت بە مەبەستی زیاتر خزمەتکردنی هاونیشتیمانیان و دۆزینەوەی ڕێگا چارەی گونجاو بۆ تەواوی ئەو گیروگرفتانەی کە بوونەتە لەمپەر لەبەردەم خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان، گەپاندنی خۆشگوزەرانی زیاتر بۆ هاوڵاتیانی نیشتیمانەکەمان لە ڕێگای دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەمە بە ئەرکی هەرە لەپێشینەی خۆمان دەزانین و لەم ڕووەوە هەموو هەوڵێکی خۆمان دەدەین .
لە بەردەوامی دیدار و سەردانەکانیدا بەمەبەستی ئاگادارکردنەوە لە باری تەندروستی و ژیان و گوزەرانیان بە وردی گوێی لە سەرنج و داواکاری و پێداویستی و پێشنیارەکانیان گرت بە مەبەستی زیاتر خزمەتکردنی هاونیشتیمانیان و دۆزینەوەی ڕێگا چارەی گونجاو بۆ تەواوی ئەو گیروگرفتانەی کە بوونەتە لەمپەر لەبەردەم خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان، گەپاندنی خۆشگوزەرانی زیاتر بۆ هاوڵاتیانی نیشتیمانەکەمان لە ڕێگای دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەمە بە ئەرکی هەرە لەپێشینەی خۆمان دەزانین و لەم ڕووەوە هەموو هەوڵێکی خۆمان دەدەین .
کوردستان بە یاوەری تەیب زرار شێروانی و ئاواڕە هەولێری و کوردۆ ئەحمەد کارگێڕانی لق سەردانی هەریەکە لە سرور ئەحمەد سابیر و فەرماندە سەید نەجمەددین و مامۆستا ئەحمەد حەویزی کرد.
لە میانی سەردانەکانیدا ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ئازاد تۆفیق پارێزگاری هەڵەبجە و شاندی یاوەری کرد. لە سەردانەکەدا، هەریەک لە جێگری پارێزگاری هەڵەبجە، قایمقامی هەڵەبجە و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی ئەو شارە ئاماده بوون.
لە میانەی کۆبوونەوەیەکدا وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و پارێزگاری هەڵەبجە باسیان لە ڕەوشی خزمەتگوزاری سنووری پارێزگای هەڵەبجە کرد، هاوکات جەختیش کرایەوە لەسەر ئەوەی کە هێڵە گشتییەکانی کارنامەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بایەخێکی زۆر بە شاری هەڵەبجە دەدات، لەڕووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیانی سنووری پارێزگای هەڵەبجە کە شایستەی خزمەتکردنی زیاترن.
هەروەها وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و پارێزگاری هەڵەبجە باسیان لە گرنگی هەماهەنگی نێوان وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و پارێزگای هەڵەبجە کرد بۆ ئاسانکاری بە مەبەستی خزمەتکردنی هاووڵاتیان و کارئاسانی لە جێبەجێکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی حکوومەتی هەرێم کە لەو دەڤەرە جێبەجێیان دەکات یان پرۆژە تەواونەکراوەکان تەواو بکرێن.



وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و پارێزگاری هەڵەبجە ڕەوشی خزمەتگوزاریی سنوورەکەیان تاوتوێ کرد

ئاکرێ.. مامۆستایانی ئایینی دژی هێرشەکانی تورکیا گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا

دوێنێ لە شاری ئاکرێ یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلام- لقی ئاکرێ بە ئامادەبوونی ژمارەیەک مامۆستایانی ئایینی لەدژی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان گردبوونەوەیەکی ناڕازیبوونیان ئەنجامدا.
جەوهەر حەدی نافخوش، بەرێوەبەری ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە ئاکرێ ڕایگەیاند: "ئێمە وەک مامۆستایانی ئایینی ئاکرێ بە تۆندی ئیدانەی ئەو هێرش و پەلامارانە دەکەین کە دەکرێتە سەر خوشک و براکانمان لە ڕۆژئاوای کوردستان لەلایەن تورکیاوە و وەک ئەرکێکی ئایینی و مرۆڤی و نەتەوەیی لەبەر ئەوەی دەستدرێژیکردنە سەر خاک و ناموس و ئاشتی و ئارامی خەڵک لە ئایینی ئیسلامدا ڕێگەپێدراو نییە.



ئاگادارییەک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەج و عومرەی هەرێمی کوردستان

بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەج و عومرە ڕاگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە و وێنەیەکی بۆ مالپەڕی کوردستان تیڤی نارد‌ووە ڕایدەگەیێنێت ئەو کۆمپانیایانەی کە نیازی ئەنجامدانی گەشتی عومرە و گواستنەوەی عومرەکارانیان هەیە بۆ وەرزی 2019-2020 کەوا کۆمپانیای سەرەکین و گرێبەستی ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ کۆمپانیاکانی وڵاتی عەرەبستانی سعوودیە، لە ماوەی 7 ڕۆژدا سەردانی بەڕێوەبەرایەتی حەج و عومرەی سنووری پارێزگاکانی خۆیان بکەن بە مەبەستنی وەرگرتنی مەرجەکان و واژۆکردنی گرێبەست.
سەبارەت بەو کۆمپانیایانەش کە دەیانەوێت بە شێوەیەکی لاوەکی (فەرعی) کاری گواستنەوەی عومرەکاران بکەن لە هەمان وەرزدا، ئەوا دەتوانن لە هەر کاتێک کارەکە ئەنجام بدەن و بۆ هەمان مەبەست سەردانی بەڕێوەبەرایەتی حەج و عومرەی پارێزگاکانیان بکەن.

دوو ڕۆژ ماوە بۆ تۆمارکردنی ئاوارەکان لە بایۆمەتریی دەنگدەران



تەنیا دوو ڕۆژ ماوە بۆ تۆمارکردنی ئاوارەکان لە سیستەمی بایۆمەتریی دەنگدەران، بەرپرسێکی پارتیش ئاماژە دەدات، بێبەشکردنی ئاوارەکان مەرامی سیاسیی لە پشتە و دەشڵێ، زیاتر لە 400 هەزار ئاوارە لە دەنگدان بێبەش دەبن. مەناف حەسەن، بەرپرسی هەڵبژاردنەکانی پارتی لە موسڵ، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: ڕۆژی سێشەمەی داهاتوو دوایین ڕۆژی تۆماری دەنگدەرانی ئاوارەکانە لە سیستەمی بایۆمەتریی دەنگدەران، ئەمە لە کاتێکدایە چەندین سکاڵا لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە دژی بێبەشکردنی ئاوارەکان لە هەڵبژاردنی داهاتوو تۆمار کراون. ئەو بەرپرسەی پارتی گوتیشی: دوای هەمواری یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، کە تێیدا هاتووە، ئاوارەکان تەنیا دەتوانن لە شوێنی پێشووی خۆیان دەنگ بدەن و لەو شوێنەی وەک ئاوارە تێیدا نیشتەجێن مافی دەنگدانیان نییە، ئێمە بەشێکی زۆری ئاوارەکانمان هاندواە خۆیان لە ناوچە کوردستانییەکانی وەک دۆمیز تۆمار بکەن بۆ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت. حەسەن ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: ڕۆژی 15ی ئەم مانگە کۆتا ڕۆژە بۆ تۆمارکردنی دەنگدەرانی ئاوارەکان و ئەگەر بڕیاری دادگاش لە بەرژەوەندیی ئێمەدا تەواو بێت، هیچ کات بەدەستەوە نامێنن بۆ خۆتۆمارکردنی ئاوارەکان، بە تایبەتی لە سنووری پارێزگای نەینەوا".

دهۆک.. خەڵکێ هەوەکا خوین بەخشینی بۆ خەڵکێ ڕۆژئاڤا پێشکێشکر

خەبات ـ دهۆک:
ڕێڤەبەرێ بەنکا خوینێ ل دهۆکێ دیارکرکو ل ڕۆژا 2019/10/13 هەوەکا خوین بەخشینی بۆ خەڵکێ ڕۆژئاڤایێ کوردستانێ ژلایێ خەڵکێ پارێزگەها دهۆکێ هاتە پێشکێشکرن و ب دەهان ژ وەلاتیان خوینا پێشکیشکر.
عادل عەبدولسەلام ڕێڤەبەرێ بەنکا خوینێ ل دهۆکێ دیارکرکو ئەڤ هەوا خوین بەخشینێ ب پشتەڤانیا خەلکێ پارێزگەهێ هاتە کرن و تێدا هژمارەکا زۆر وەلاتیان بەشداری کرن ئەم دێ هەولدین ب ڕێین یاسایی
هەکە هات ڕێک هەبیت بۆ نەخۆشخانیێن ڕۆژئاڤا بهێتە ڕەوانەکرن وەکو ئەرکەکێ مرۆڤایەتی و نشتیمانی، مە خواست ب ڕێیا خوین بەخشینی هاریکاریا خەلکێ ڕۆژئاڤا بکەین.
ئەوژی دیارکر کو خەلکێ پارێزگەها دهۆکێ دگەل پەنابەرێن ڕۆژئاڤایێ کوردستانێ ئەوێن ل کەمپێن دهۆکێ ئاکنجیی بەشداربوون دڤێ هەوا خوین بەخشینێ دا و ل ڤان نێزیکا ژی دێ هەوا کۆمکرنا شیرێ زارۆکان ژی دەست پێ کەن پاش بۆ زارۆکێن ڕۆژئاڤا هێتە ڕەوانە کرن.

پرسەو سەرەخۆشی

خانەوادەی بەڕێزی مەحمود حەمەئەمین
بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هاوژینی مەحمود حەمەئەمین خاتوو ناهیدە سەعید حەسەنمان بیست. بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان و تەواوی خزم و دۆستانتان دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردووش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.
إنا لله و إنا إليه راجعون
مەکتەبی سیاسی

***

خانەوادەی خوالێخۆشبوو شێخ قادر شێخ یوسف شەدەلەیی
دڵ گرانبووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو شێخ قادر شێخ یوسف شەدەلەیی. بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان و تەواوی خزم و کەسوکار و ئاشنایانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین. لە خودای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردووش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.
إنا لله و إنا إليه راجعون
مەکتەبی سیاسی

وەزیری تەندروستی: سەردانە مەیدانییەکانمان بەردەوام دەبن

خەبات ـ سەید فاتیح
بەرزنجی: د. سامان حوسێن بەرزنجی وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە یاوەری بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر و شاندی یاوەری، لە سەردانێکی مەیدانییدا سەردانی نەخۆشخانەی ئافرەتان و منداڵبوونیان کرد و گشت بەشەکانی نەخۆشخانەکەی لە نزیکەوە بەسەر کردەوە بۆ ئاگاداربوون لە کێشە و گرفتەکانیان، پاشان لە کارگێڕیی نەخۆشخانە کۆبونەوەیەکی لەگەڵ سەرجەم سەرۆک بەش و پزیشکان ئەنجامدا، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لە کێشە و گرفتەکان و داواکاری لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێو نەخۆشخانە ئاگادار بێت، بۆ زیاتر پەرەسەندن و چارەسەری زیاتر بۆ هاونیشتیمانییانی هەولێری پایتەخت.

مەبەستیانە هاوواڵتیان لەناوچە دوورە دەستەکان نەیەن بۆ هەولێر

سەنتەری چارەسەرکردنی دەم و ددان لە قەزاو ناحیەکانی هەولێر دەکرێتەوە

د. ڕێبین بەرزنجی: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر توانیومانە زیاتر لە 35 ئامێری ددان بکڕین



ڕاپۆرت: فاتیح بەرزنجی

پێشتر کەم بوون ئەو نەخۆشخانەو سەنتەرانەی کە چارەسەری دەم و ددانیان دەکرد، بەڵام لەماوەی ئەوچەند ساڵانەی دواییدا بەهەوڵ و کۆششی وەزارەتی تەندروستی ژمارەی پزیشک و سەنتەروبنکەکانی چارەسەری دەم و ددان ڕووی لە زیادبوون کردووە بەگوتەی دکتۆر ڕێبین بەرزنجی بەڕێوەبەری بەشی کاروباری هونەری لە تەندروستی هەولێر ڕوونیکردەوە: بەرلە شەڕی نەگریسی داعش و قەیرانی دارایی گرنگی تەواو بەکەرتی تەندروستی درابوو چ لەلایەن وەزارەتی تەندروستی چ لەلایەن حکومەتی هەرێم، یەکێک لەو خزمەتگوزاریە گرنگانەش گرنگیدان بوو بەشی ددان لەو ڕووەوە وەزارەتی تەندروستی ئاوڕی تەواوی لە بواڕە جیاجیاکانی پزیشکی و تەندروستی دابووە بەتایبەتی لە بەشی ددان و دابینکردنی پێداویستی و کەلوپەلی پزیشکی ددان دوای ساڵی 2014 بەدواوە شەڕی داعش و قەیرانی دارایی نەیهێشت کارو پڕۆژەکان درێژەیان هەبێت دوای نەمانی ئەو قەیرانە واخەریکە کارو پڕۆژەکان دووبارە دەست پێ بکەنەوە لەماوەی ئەو دووساڵەی دواییدا توانرا چەند سەنتەرێکی خزمەتگوزاری جۆری نایاب لەشاری هەولێرو دەوروبەری کرانەوە یەکێک لەو سەنتەرانەش سەنتەری پسپۆڕی هەولێربوو کرایەوەو بریتییە لە سەنتەرێکی پێشکەوتووی چارەسەرکردنی دەم وددان و چەندین بەشی پسپۆڕی ددان لەخۆ دەگرێت.


د.ڕێبین بەرزنجی

دواتر سەبارەت بەکردنەوەی ژمارەیەک سەنتەری دیکەی ددان لە سۆران و مێرگەسۆر دکتۆر ڕێبین بەرزنجی ڕوونیکردەوە: ئێمە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر کارو پڕۆژەکانمان بەپێی بەرنامەیە بۆیە لەپێناو خزمەت گەیاندن بە هاووڵاتیانی سۆران و مێرگەسۆر بیرمان لە کردنەوەی چەند سەنتەرێکی چارەسەرکردن و چاندنی ددان لەو سنورە فراوانە کردەوە تا هاووڵاتیانی ئەو شوێنە دوورانە بۆچارەسەرکردنی دەم و ددان نەیەن هەولێرو هەرلەسنووری خۆیان خزمەت بکڕێن دیارە ئەو کەسانەی کە سەردانی ئەو سەنتەرانە دەکەن لەبنکەیەکی تەندروستیەوە ڕەوانە دەکرێن لەبەر ئەوەی چارەسەری ئالۆزیان پێویستەو لەبنکە تەندروستیانە بەردەست نین لەو سەنتەرانە نەخۆش یەکجار زۆرە بۆیە کارەکان بەپێی سیستەمی نۆرە ڕایی دەکرێن سەنتەرەکانی دانیش جگە لەو جەنجاڵیەی کە هەیانە داوو دەرمان و چارەسەرکردنی دانیش بۆ ژمارەیەکی زۆری نەخۆشان دەکەن هەربۆ خزمەت گەیاندن بە نەخۆشانی شوێنە دوورەکان بەهەوڵ و کۆششی وەزارەتی تەندروستی هەولێر توانرا سەنتەرێکی پسپۆڕی پزیشکی ددان لە قەزای سۆران دروست بکرێت و لەئێستادا کارەکانی ئەو سەنتەرە لە قۆناغەکانی کۆتایی دایەو لە حەوت بەش پێک دێت وسەنتەرێکی پسپۆڕیەو پزیشک و ئامێرو هەموو پێویستیەکانی دیکەی بۆ دەستەبەرکراوەو بڕیارواییە لە ئایندەیەکی نزیکدا بکرێتەوە هەروەها لە قەزای مێرگەسۆریش سەنتەرێکی گشتی پزیشکی ددان کە ناپسپۆڕیە و کارەکانی لەدوا قۆناغدایەو تەنها کڕینی ئامێر وایە بۆیان بۆ قەزای سۆران ئێمە ساڵانە لە بەرنامەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر دایە کە هەوڵ بۆ دابینکردنی پزیشکی وەزارەتی تەندروستی هەولێر توانرا سەنتەرێکی پسپۆڕی پزیشکی ددان لە قەزای سۆران دروست بکرێت و لەئێستادا کارەکانی ئەو سەنتەرە لە قۆناغەکانی کۆتایی دایەو لە حەوت بەش پێک دێت وسەنتەرێکی پسپۆڕیەو پزیشک و ئامێرو هەموو پێویستیەکانی دیکەی بۆ دەستەبەرکراوەو بڕیارواییە لە ئایندەیەکی نزیکدا بکرێتەوە هەروەها لە قەزای مێرگەسۆریش سەنتەرێکی گشتی پزیشکی ددان کە ناپسپۆڕیە و کارەکانی لەدوا قۆناغدایەو تەنها کڕینی ئامێر وایە بۆیان بۆ قەزای سۆران ئێمە ساڵانە لە بەرنامەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر دایە کە هەوڵ بۆ دابینکردنی پزیشکی بۆ بدات دیارە بۆ خزمەت گەیاندن بەو دەڤەرە تەندروستی هەولێر هەمیشە هەوڵیداوە پزیشک بۆشوێنە دوورەکان دابین بکات و ئەو پزیشکانەی کە بڕوانامە بەدەست دەهێنن بۆ ماوەی دوو ساڵ پێویستە پلەبەندی پسپۆڕی وەرگرن واتا دوو ساڵ لەو سەنتەرە پسپۆڕیەی قەزای سۆران دادەمەزرێن وێڕای ئەو سەنتەرە ئێمە بەشی ڕوو شەویلاک لەنەخۆشخانەی ئاشتی هەمانەوبەرلە دووساڵ کراوەتەوە ئێستا چاندنی ددان لە قەزای سۆران وەکو نەخۆشخانەی ڕزگاری هەولێر و سەنتەری خانزاد خزمەت بەنەخۆشانی ئەو سنورە دەکات و جگەلەو شوێنانە لە نەخۆشخانەی پیرمامیش واتا لە سەلاحەدین بەرلە هەشت مانگ ئێمە هەوڵماندا بەشی چاندنی ددان بکەینەوەو لەئێستادا چارەسەری دەم و ددان لەو نەخۆشخانەیەش ئەنجام دەدرێت دیارە ئەو سەنتەرانەی کە لەو شوێنانە کراونەتەوە لە ژێر یاساو ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی بەڕێوە دەچێت بەهەمان شێوەی نەخۆشخانە حکومیەکان کار دەکرێت و خەڵکی ئەو دەڤەرە زیاتر سوود لە و نەخۆشخانەو سەنتەرانە وەردەگرن لەبەر ئەوەی ڕێگەیەکی دوور نابڕن هەرلەشوێنی خۆیان چارەسەردەکرێن.



هەبوونی ژمارەی پێویستی پزیشکی ددان

دواتر دکتۆر ڕێبین بەرزنجی بەڕێوەبەری بەشی کارو باری هونەری لە تەندروستی هەولێر گوتی: لە ڕووی پزیشکی ددان ژمارەی پێویستی پزیشکی ددان هەیە بەڵام دامەزراوەی پێویستمان نییە هەروەک کردنەووەی ژمارەی زیاتری سەنتەری چارەسەری ددان ئەوەتا لەناو سەنتەری پایتەخت نەخۆشخانەی گەورەی ددانمان نییە بەڵام ئەوەی کە پێویستە لێرەوە ئامادەی پێ بدەم ماوەی چەند ساڵێکە دامەزراندن نییەو دەرچووی چوار خولی پزیشکی ددان هەیەو دانەمەزراون لەبەر هۆکاری قەیرانی دارایی هەق وایە بۆلەمەودوا دامەزراندنی پزیشک دەست پێ بکاتەوە لەشارەکان و بۆشایی دروست بووەلەنەبوونی پزیشکی ددانی مەشقکار لەنەخۆشخانەکانی فێرکاریو لەسەنتەرەکانی فێرکاری و ئێستا نەخۆشخانەکان پێویستیان بە پزیشکی ددان هەیەو ئەو پزیشکانەی کە پێشتر مەشقکاربووین ماوەی دوو ساڵە پلە بەندیان تەواو بووە و بۆشایی لە شوێنی پلە بەندیەکەیان لە شارو شارۆچکەکان هەیەو بەردەوام داوامان کردووەلە وەزارەتی تەندروستی و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پلە بکرێت لە دامەزراندنی پزیشکانی ددان

کڕینی زیاتر لە 35 ئامێری ددان

پاشان دکتۆر ڕێبین بەرزنجی سەبارەت بە ئامێری ددان ڕوونیکردەوە: ئەگەرچی قەیرانی دارایی بەرۆکی کوردستانی گرتبوو، بەڵام کۆڵمان نەداو خزمەتگوزاری پزیشکی ددانمان پێشکەش بە هاووڵاتیان کردووە، لەماوەی ئەو چەند ساڵانەی دوایی ئێمە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر توانیومانە زیاتر لە 35 ئامێری ددان بکڕین و لەئێستاشدا ژمارەی ئەو بنکانەی کە لەسنوری شاری هەولێرن زۆرەو لەناو زۆربەی ئەو بنکانە بەشی ددان هەیە بەپێی ئەو داتایەی کە تۆمارمانکردووە لە تەندروستی بارزان زیاتر لە 10یەکەمان هەیەو لە چۆمان زیاتر لە هەشت یەکەمان هەیەو لە تەندروستی سۆران نزیکەی 20یەکە هەیەو لە شەقلاوە نزیکەی 17یەکە هەیەو لە تەندروستی دەشتی هەولێر نزیکەی 25یەکە هەیەولەقەزای خەبات نزیکەی 18یەکە هەیەو لەناو شاری هەولێریش نزیکەی 30 یەکەی ددان هەیە جگەلە سەنتەرەکانی ددان و کێشەمان لە کەمی پێداویستیەکان هەیە وەکو پێداویستی پڕکردنەوەو دەمار بڕین و پاککردنەوەی ددان و دروستکردنی ددان و ئالیەتی دابینکردنی پێداویستیەکان گۆڕاوەو بۆتە تەندەرو چاوەڕوان دەکرێ لەو ڕۆژانە بکرێتە شێوەی گرێبەست ئیتر دابینکردنی پێداویستیەکان دوا ناکەوێت.

سەبارەت بە ئامێرەکانیش دکتۆر ڕێبین بەرزنجی گوتی: بەداخەوە پزیشکان بەڕێک و پێکی چاودێری و خزمەتی ئامێرەکان ناکەن پێویستە ئەو ستافەی کە لەیەکەی ددان کار دەکەن بەپێی ڕێنماییەکانی تەندروستی و سەلامەتی ئامێرەکان بپارێزێ بەهەموو شێوەیەک جا ئەگەر پزیشکانی ددانی یەکەکان پارێزگاری لە ئامێرەکان نەکەن چۆن ئەو ئامێرانە سەلامەت دەردەچن، بۆ نۆژەنکردنەوەی ئامێرەکان ئێمە لەناو تەندروستی هەولێر تیممان هەیە بۆ نۆژەنکردنەوە لەهۆبەی دانیش هەیە لەگەڵ دەزگای هونەریش کار بۆ چاککردنەوەو نۆژەنکردنەوە دەکەن بۆ ئامێرەکانی ددان .

کتێبێک لەلایەن 30 کەسەوە دەنووسرێت و بە زمانی ئینگلیزی بڵاو دەکرێتەوە

دیمانە: پەریها عومەر

بە 30 کەس کتێبێک دەنووسن و بە زمانی ئینگلیزی بڵاوی دەکەنەوە، ئامێز عەبدولکەریم وەک میدیاکارێک لەو کتێبەدا بەشداری کردووەو لە دیمانەیەکی کورتی خەباتدا باس لە ناوەرۆک و چۆنیەتی نووسینی کتێبەکە و ئامانجەکانی دەکات:



ئامێز عەبدولکەریم لەبارەی بیرۆکەی کتێبەکە دەڵێت: بیرۆکەی کتێبەکە هی ڕوەیدە مستەفایە، پاش ئەوەی لە ڕێگەی ئینستەگرامەکەی خۆیەوە پۆستێکی کرد و داوای لە سەرجەم ئەو کەسانە کرد کە نووسەرن یان چالاکن و دەیانەوێت لە ڕێگەی پارچەیەک نووسینەوە، بە چیرۆکێک یان هۆنراوەیەکەوە بەشداری بکەن و لەو ڕێگەوە زیاتر لە 100 نووسەر چیرۆک و پارچە نووسینیان نارد، پاشان لە ناویدا زیاتر لە 30نووسەر هەڵبژێردران و نووسینەکانیان کۆکرایەوە لە کتێبی (The Kurdish Progeny).

سەبارەت بەو پرسیارەی بۆچی بە 30کەس ئەم کتێبەتان ئامادە کردووە؟ ئامێز گوتی: ئامانج لەوە کۆکردنەوەی نووسینەکانی گەنجانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان و لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستانیش، تاوەکو هەموومان بەیەکەوە بە یەکگرتوویی بتوانین پەیامەکانمان بگەیەنین بە هەموو دونیا.

لەبارەی ناوەڕۆکی کتێبەکەش ئەو گوتی: کتێبەکە لەبەر ئەوەی هەر بەشێکی لە لایەن نووسەرێکەوە نووسراوە، بۆیە باس لە بابەتی جیاواز دەکات و چیرۆکی ڕاستی و خەیاڵی تێدایە، هەروەها هۆنراوەش، زیاتر ئەو بابەتانەن کە ئەزموونی نووسەرەکان و بیروباوەڕەکانیان سەبارەت بە کوردستان دەخەنەڕوو.

لە وەڵامی بەو پرسیارەیش کە بۆچی بڕیارتان داوە بە زمانی ئینگلیزی کتێبەکە بنووسن؟ ئامێز عەبدولکەریم گوتی: زمانی ئینگلیزی لە ئێستادا زمانێکی جیهانییە و ویستمان بەو شێوەیە پەیامی خۆمان بە هەموو دونیا بگەیەنین.

لە وەڵامی دواین پرسیارەیش سەبارەت بەوەی ئامانجیان لەو کتێبە چییە و ویستوویانە چی بگەیەنن؟ ئامێز عەبدولکەریم گوتی: دەمانەوێت هەموو نووسەرەکان بە یەکەوە دەنگیان یەک بێت و بتوانن هاوکاری یەکتری بکەن و بیر و ڕای یەکتریان لا قبوڵ بێت.





لە پەراوێزی جێبەجێکردنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
سێکتەری گەشتوگوزار

خەبات: تریفە ئازاد

لە ئێستادا کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەستی بە جێبەجێ کردنی کارنامەی خۆی کردووە، بێگومان چاکسازی و خزمەتگوزای و پێشڤەبردنی ئاستی بژێوی ژیانی خەڵکی کوردستان و پێشخستنی سێکتەرە جیاجایا کانی جومگەکانی حکوومەت کاریی لەپێشنیە حکوومەتی کوردستان دەبێت. هەڵبەت هەماهەنگی نێوان حکوومەت و هاوواڵاتیان و فەرمانبەران و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەبێتە ئەگەری سەرکەوتنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە جێ بەجێ کردنی کارنامەی خۆی کە لەسەرەتای دەستبەکاربوونی حکوومەت ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەت ڕایگەیاند. بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژنامەی خەبات لە پەراوێزی جێ بەجێکردنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەوڵدەدات لە تەوەرێکی ئاڵوگۆڕی بیروڕادا، بیروبۆچوونی شارەزا و پسپۆری سێکتەری جودا جوداکان وەرگرێت وەک هاوکاری و بەشداربوون لە جێبەجێ کردنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

دەبێت بە پلانێکی دروست و هۆشیار مامەڵە لەگەڵ کەرتی گەشتیاری بکەین

سیروان تۆفیق، بەڕێوبەری بە بازارکردنی گەشت و گوزرای هەولێر لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: گەشت و گوزار بە گشتی سێکتەرێکی هەستیارە و دەبێت زۆر بە هۆشیاری و بە پی پلانێکی دروست مامەلەی لەگەڵدا بکەیت بۆ ئەوەی بتوانی ململانی لەگەڵ بازارەکانی گەشتیاری بکەیت بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی گەشتیاری ناوچەکە ، ئەوەی تایبەت بێ بەگشت و گوزاری کوردستان هەنگاوی باشی بڕیووە و بەڵام دەکرێت لە ئایندە زیاتر گرنگی بەم کەرتە بدرێت و ببێتە بەشێکی گرنگ و سەرەکی هاوشانی کەرتەکانی دیکە بۆ بوژانەوەی ئابووری کوردستان و لە ڕێگای بایەخدانی زیاتر بەم سێکتەرە لەلایەن کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم و خودی بەڕێز سەرۆک وەزیران ئەمەش بە بۆچوونی من چەند هەنگاوێکی پیوێستە دەکری لەمانەی خوارەوە چڕی بکەینەوە,سەربەخۆبوونی گەشت و گوزاری کوردستان وەک وەزارەتێک یاخود دەستەیەکی سەربەخۆ چونکە بەوەی ئێستاوە هەیە کە لکاوە بە وەزارەتێکی خزمەتگوزاریەوە مەحاڵە بتوانێت زیاتر پێشبکەوێت ,دەرچوونی یاسای گەشت و گوزار لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە ،چونکە ناکری سێکتەرێکی وا گرنگ بێ یاسا بێت .پاڵپشتیەکی مادی تەواو و دابینکردنی بودجەیەکی تایبەتی سالانە بۆ گەشت و گوزار بەمەبەستی بەبازارکردن و زیاتر ناساندنی ئەم کەرتە لە وڵاتانی جیهان. ئەنجام دانی چالاکی و کۆنفرانس و پێشانگای گەشتیاری نێودەوڵەتی لە کوردستان و بەشداریکردن لە چالاکیە گەشتیاریە نێودەوڵەتیەکان کە سالانە بۆ پێشکەوتن و ناساندنی گەشت و گوزار ئەنجام دەدرێت,دانانی کەسی شیاو و شارەزا و خاوەن ئەزموون لەم کەرتە ,جێبەجێکردنی ماستەر پلانی گەشت و گوزار و هەماهەنگی دروستکردن لە نێوان لایەنەکانی پەیوەندار لە حکومەت ×یەک لاکردنەوەی کێشەی زەوی و زاری ناوچە گەشتیارییەکان و تەرخانکردنی ئەم مولکانە بۆ سێکتەری گشتیاری و



سیروان تۆفیق

وەبەرهێنان تێدا,ڕاکێشانی کۆمپانیای بیانی بۆ وەبەرهێنان لە کەرتی گەشتیاری کوردستان . بایەخدان بە ناوەندەکانی خوێندنی گەشتیاری لە کوردستان . دامەزراندنی کۆمپانیای هاوبەش لە نێوان حکومەت و کەرتی تایبەت لە بواری گەشتیاری. بەرزکردنەوەی کوالێتی بەرهەمی گەشتیاری لە کوردستان و پاڵپشتی و هاوکاری بنکە و شوێنە گەشتیارییەکان . درستکردنی مۆزخانەی مۆدێرن و شایستە بە میژووی کوردستان.

بایەخدان بە شوێنە شوێنەوارییەکانی کوردستان و دابینکردنی خزمەتگوزاری شیاو بۆیان و ناساندنیان و کردنەوەیان بە ڕووی گەشتیاران .بەم هەنگاوانەی باسمان کرد دەتوانیان گەشت و گوزاری کوردستان وا لێ بکەین ململانی بکات لەگەڵ ئەو وڵاتانەی گەشتیارین لە ناوچەکە و بتوانین زیاتر وەبەرهێنان بکرێت لەبواری گەشتیاری و گەشت و گوزار لەوەی هەیە ئێستا زیاتر ببیەتە پێشەوە و چونکە هەنگاوی باشی بڕیووە و دەبێت باشتر بکرێ.



شەماڵ هروری

پێشکەوتنی گەشتوگوزار ئەو ئارامی و سەقامگیرەی هەیە لە هەرێمی کوردستان

شەماڵ هروری، بەڕێوبەری کاروباری گەشتیاری دهۆک لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: سێکتەری گەشت و گوزار لە کوردستان لە قۆناغی دەستپێک دا گەلێک هەنگاوی هاتۆتە پێش بۆ خزمەتکردن بە کەرتی گرینگ وە سااڵنێک لەمەو بەر چونکە سااڵ بە سااڵ گوزار بدات وە دانانی بودجەیەکی تایبەت بە کەرتی گەشت و گوزرا وە گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ ئەو جیگایانەی کە گەشت و گوزارین و پێویستیان بە خزمەتکدرن هەیە وەک دابین کردنی ئاو کارەبا وە پێویستە ئاسنکاری بۆ وەبەرهێنەرانی ناوەخۆ بیانی بکرێت بۆ جێ بەجێکردنی پرۆژەی گەشت و گوزاربوە پێویستە کارەمەندانی گەشت و گوزار پسپۆر بن لەم بوارە دەرچووی پەیانگاو کۆلێژی گەشتیاری بن وە جێ بەجێ کردنی ماستەرنامەی گۆرانکاری بەسەر دادێت و و گەشتیاران بەرەو زیاتر دەبن وە بۆ ئەم مەبەستەش خزمەتی جۆراو جۆر هاتونەتە کردن لەوانەش پێشوازی گەشتیاران لە لایەن تیمی خزمەت گوزاری وە بەشداری کردنی دەستەی گەشت و گوزار و بەڕێوبەری گشتی گەشت و گوزار لە کۆڕبەندو سمینارەکان و پێشنگای گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان و عێراق و هاوڵاتی بیانی و خزمەت کردنی لە لایەن دەستەی گەشت و گوزار,لە ڕووی کەش و هەوا هەرچوار وەرز بە دروستی خزمەت کردن هەیە,وە جۆری گەشت و گوزاریش هە یە پێویستی بە خزمەتکردنی زیاترە وە یەکێی لە هۆکارەکانی تریش بۆ پێشکەوتنی گەشت و گوزار ئەو ئارامی و سەقاگیرەی هەیە لە هەرێمی کوردستان و پاک و خاوێنی کوردستان وە پێواشوازی خاڵکی کوردستان لە هاوڵاتیانی بیانی ,بۆیە حکومەت دەتوانێن گرینگی زیاتر بە گەشت و گەشت و گوزار کە لە ساڵی 2013 دوایی هاتوو وە لە داهاتوو پێویستە زیاتر گرینگی بە شوێنەواوە ئاینەیەکان و میژوویەکانیش بدرێت بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستانیش لە داهاتوو بگات بە ئاستی گەشت و گوزاری جیهان

سێکتەری گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی مامناوە ند دایە

بارزان محمد، بەڕێوبەری گەشت و گوزاری سۆران لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: دۆخی سێکتەری گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی مامناوە ند دایە شتی باش کراوە لە هەمانکاتدا دەکرێ شتی باشتر بکرایەچ لەرووی خزمەتگوزاری سەرەتایی بۆ ئەو ناوچانەی دە شێن بو گەشتیاری چ لە ڕووی هاندانی وە بەرهێنەری بیانی و خومالی بۆ ئەو شوێنانەی دەشێن بۆ بواری گەشت و گوزار 'هەرچەندە و



بارزان محمد

دۆخەنە خوازراوەی سااڵنی رابردوو ڕێگریکی سەرەکی بووە لە بە ڕەو پێش نەچوونی زیاتری ئەو کە رتە . حکومەتی هە ڕێمی کوردستان دەکری سوود لە و وڵاتە پێشکەوتووەبیانیانە ببینی کە لە بواری گە شت و گوزار لە پێشکەوتن دان و هەوڵ بۆ ڕاکێشانی ڕاوئژکاری شارەزا بدات و کێشە ی مولکداری نە هێلی بۆ ئەوەی وەبەرهێنی زیاتر ڕومان تێ بکات . بواری وەبەرهێنان لە چەند سااڵی رابردوو تا ڕادە یە ک باش بوو هەوڵی باش درا بەاڵم زیاتر بو سەنتەری شارە



د. ارشد حاجی سدیق

گەورە کان بوو هیچ ڕولێک نە درا بە و ناوچانە لەدەرەوەی شارن 'یاخو شوێنی گەشتیارین تەنها هە وڵدانەکەبۆ دروست کردنی هوتیل و موتێل و چیشتخانەی زیاتر بو هەندێ شتیش کرا لە شوێنە دوورەکان بەاڵم زۆر کەم بوو.

گرینگی گەشت و گوزار لە بواری ئابووری

د. ارشد حاجی سدیق، دکتۆرا لە ژمێریاری و کارگێری دارایی لە بارەی گرینگی ئابووری لە بواری گەشت و گوزار لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: لە جیهاندا گەشتوگوزار گرنگی زۆری پێدەدرێت لەلایەن هاولاتیان و حکومەت، گەشت بریتی یە لە گەشتکردن لەشوێنی دانیشتن و کارکردن بۆ شوێنێنکی تر بە مەبەستی پشودان یان سەردانکردنی ناوچە گەشتیارییەکان یان میژویەکان کە ماوەی مانەوە لەیەک سال زیاتر نەبێت. لەبەر گرنگی سێکتەری گەشتوگوزار کە بریتن لە بوژاندنەوەی ئەو ناوچانەی کە کە دەولەمەند بە شوێنی گەشتیاری و دابینکردنی بژێوی ژیان بۆ چەندین هاولاتی و تێکەل بوونی کلتوری نەتەوە جیاوازەکان وە بوونی سەرچاوەی داهات بۆ دەولەت. بۆیە دەولەتان هەول دەدەن ناوچە گەشتیارییەکان بناسێنن و گەشتیاران ئاشنا بکەن بەم ناوچانە. لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست، کوردستان بەیەکێک لە ناوچە سەرنج ڕاکێش و گەشتیارییەکان دادەنرێت بەهۆی بوونی ئاو و هەوایەکی سازگار و بوونی چەندین ناوچەی میژووی و گەشتیاری بەخۆشحالیەوە لەم چەند سالەی رابردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی ناوە بە ناساندنی ناوچە گەشتیارییەکان و نۆژەنکردنەوەیان و ڕێکخستنی پێشانگای تایبەت بە کۆمپانیاکانی تایبەت بە بواری گەشتیاری تاوەکو لەسەر ئاستی عێراق و تەنانەت دەرەوەی عێراقیش هانی گەشتیاران بدەن سەردانی کوردستان بکەن بەاڵم لەپال ئەم پێشانگایانەی پێویستە حکومەتی هەرێم چاودێری زیاتر بکات لەسەر ناوچە گەشتیارییەکان لە ڕووی نرخ و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری چونکە لە دیدی پسپۆرانی گەشتیاران نرخ و چۆنیەتی پێکەشکردنی خزمەتگوزاری بە گەشتیاران بەهۆکارێکی گرنگ دادەنرێن تاوەکو ڕێژەی گەشتیار زیاتر بێت وە لەیەکی ترەوە هەماهەنگی حکومەت و زانکۆوەکان بە ئامادەکردنی کەسانی پسپۆر لە بواری گەشتیار لەڕێگەی کردنەوەی بەشی گەشتگوزار لە زانکۆکان تاوەکو دووای دەرچونیان هەلی کاریان بۆ برەخسێت و بتوانن ڕۆلی خۆیان ببینن لە بەرەوپێشچونی ئەم سێکتەرە وە پێدانی قەرزی گەشتیاری بە دەرچوانی ئەم بەشە. پەیوەندی نێوان سێکتەری گەشتوگوزار و ئابووری لە عێراق و کوردستان بەتایبەت بەرەو پێشچوونی سێکتەری گەشتیاری راستەوخۆ کاریگەری دەبێت بەسەر بوژاندنەوەی ئابووری کوردستان چونکە پشت بەستن بە داهاتی نەوت لەدووا ڕۆژدا ئەگەری هەیە لە بودجە توشی کورتهێنان بین و نەتوانین خەرجیە گشتیەکان دابین بکەین چونکە تا دێت گرنگی بەکارهێنانی نەوت و پێکهاتەکانی نەوت کەم دەبێتەوە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و دەرکەوتنی جێگرەوەی بەکارهێنانی پێکهاتەکانی نەوت. لەلایەکی ترەوە دروستکردنی بەنداو هۆکارێکی گرنگە بۆ ئامادەکردنی ناوچەی گەشتیاری و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ هاولاتیان و ڕێگریکردن لە بەفیڕۆدانی ئاوی سەرزەوی لە وەرزی باران و دوواتر بەکارهێنانی بۆ مەبەستی کشتوکال کە سێکتەری کشتوکالیش لە پال سێکتەری گەشتوگوزاراز دەبنە هۆی بوژاندنەوەی ئابووری ولات. بۆیە پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێم هانی کۆمپانیاکان بدات کە لەدەرەوەی کوردستان نوسینگە بکەنەوە تاوەکو ناوچە گەشتیارییەکانی کوردستان بە گەشتیاران بناسێنن وە باج لەسەر ئەم کۆمپانیایانە کەم بکاتەوە تاوەکو خەرجی لەسەر گەشتیاران کەم بێتەوە چونکە خەرجی گەشت لە کوردستان بە بەراورد بە ولاتانی هاوسێیی کوردستان زۆر بەرزە ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر کەم بوونی ڕێژەی گەشتیاران لە کوردستان.


کیتاب یان کەباب؟



کاروان کەریخان


بە دیدێک جیهانی سێیەم بەو وڵاتانە دەگوترێ کە هێشتا نەکەوتوونەتە ناو ڕێڕەوی پێشکەوتن و نەبوونەتە کۆمەڵگای پیشەسازی و هێشتا هەر لە تەنەش و وەستاندان، یان بە پێی پێناسە و پۆلێنبەندییە مارکسیستییەکەی گرێدراوی وڵاتانی پێشکەوتوون و بە پاشخان هەژمار دەکرێن. وێڕای ئەمەش لە سەردەمی بەجیهانی بوون و چەرخی تەکنەلۆجیادا وڵاتانی جیهانی سێیەمیش پۆلێنبەندییەکی دیکەیان گەرەکە، چونکە ئەوانیش ئێستا جیاوازییان لە گەڵ یەکتر هەیە و ناکرێ هەموویان بە یەک چاویلکە سەیر بکرێن.

هەندێکیان توانیویانە تۆقی جیهانی سێیەم بپسێنن و هەریەکیان بە شێوازی تایبەتی خۆی ڕووەو پێشکەوتن ڕەوی گرتووە و تا ڕادەیەکی زۆریش سەرکەوتوو بوونە. بۆ نمونە چوار بەورەکەی ئاسیا بەورئاسا توانیویانە بە ماوەیەکی کەم بگەنە قۆناغی پێشکەوتن و لە بەندی جیهانی سێیەم ڕزگار بن. لە بەرانبەردا هەریەک لە وڵاتانی قەتیس ماوی ناو بازنەی جیهانی سێیەم لە بەر هۆکاری ناوخۆیی یان دەرەکی چوونەتە ناو جەغزی شومی دواکەوتوویی و نەیانتوانیوە لێی دەرچن. بە واتایەکی دیکە دەکرێ بڵێین ئێستا وڵاتانی جیهانی سێیەمیش هەموویان وەک یەک نین و هەندێکیان ڕووەو گەشەن و هەندێکیان هێشتا لە قوڕ چەقیون. پرسیار ئەوەیە کە لەو ناوە ئێستا ئێمەی کوردستانیی لە کوێی ڕەوتی پێشکەوتنین و ڕووی ئامانجمان بەری دەکوێدا؟ ئێمەی کورد تا ئێستا بۆ هەر لە ناو حەوشە و حەساری جیهانی سێیەم شێواوانە خوول دەخۆینەوە؟ وڵامەکە دیارە، جگە لە جەبری جوگرافی و گۆڕانە کۆمەڵایەتییە مێژووییەکان و بەڵای ڕەشی نەفت و ستەمی زلهێزان ڕەنگە گرفتی ژیر نەبوون و لاوازی فەرهەنگی و لاوازی زانستیی ئێمە سەرەکیترین ڕیشە و هۆکارەکانی شکست و دواکەوتووییمان بێت. بێگومان ئێمە لە چاو وڵاتانی جیهانی سێیەم لە ڕووی سیاسی ناکامترین، چونکە دەوڵەتێکی سەربەخۆمان نیە تا خۆمان باشتر بناسین و هۆی دواکەوتوویی و نەیانتوانیوە بدۆزینەوە و توانا و سەرچاوەکانمان چاکتر ببینین و بە پێی ئەو شتانە ستراتیژ و نەخشە ڕێگای دەرچوون لە تۆقی دواکەوتوویی دابنێین. جگە لەوەش بەو حکوومەت و ئازادی و ئیمکانیاتەی ئێستاش کە هەمانە، هێشتا کۆمەڵە گرفتێکی کەڵەکە بوومان هەیە. لە هەموی خرابتر ئەوەیە کە فەرهەنگی گشتی ویرانەیەکە کە دەبێ بۆی بگەڕی یان لێی بار کەی. ئەڕێ، یەکێک لە هۆکارەکانی دواکەوتوویی ئێمە نزمی ئاستی خوێندەواری و فەرهەنگی گشتییە. ئەم نزم بوونە بە جۆرێکە کە مانەوە لە ناو بازنەی نەهاتی جیهانی سێیەم لە کوردستان بە چاوێکی بێ چەک و زەرەبینیش دەدیترێ. بە واتایەکی دیکە ئەگەر گەشتیارێکی بیانی هەرزە و مێشکبارِ و ناڕوونبیر بێتە شارەکانی کوردستان بە ئێوارەپیاسەیەک ماک و جەوهەری ئێمەی بۆ دەردەکەوێ و هەست بە دواکەوتوویی ئێمە دەکات. چونکە بەشی هەرە زۆریی خەڵک نەخۆشی بێ فەرهەنگییان هەیە و بە نزمی دەژین. بۆ وێنە دەچیە پێشانگای کتێب ڕێژەیەکی کەمی خەڵکی لێیە، بەشێکی زۆری ئەوانەی کە دەشچێن یان لە بەر چاولێکەرییە یان هەندێ فەقێ و کەسانی ئیسلامین یان هەندێ گەنجی شارن و بارِن و بە بێ ئامانج لەو ناوە دەخولێنەوە یان هاتن بۆ پێشانگا پۆزێکی پێوەیە بۆیان. زۆرێکیش شێوازی هاتن و دەرچوون و گەڕان بەدوای کتێبێش هەر نازانن. لە هەمان کاتدا کە دەچیە کەبابخانەیەکی بە ناوبانگی شار جێت نیە لێی دانیشی و گوێشت لە بەر هەراهەرا کەڕ دەبێ. گەورە و بچوک دەزانن کامە کەباب خۆشە و لە کامە کۆڵانە. بۆنی کەباب لە هەموو گوێسوانەیەک دێ و بۆنی داغی دواکەوتوویی و بۆنی نمی چۆلایەتیش لە کۆڵانی کتێب فرۆشان دێ. دەچیە کتێبخانەی زانکۆ چۆلگەیەکە کاکی بە کاکی و پڕە لە تەونی جالجالۆکە، بەڵام لە بەری ئەوبەر نادی قوتابیان گەرمە و گرمەی دێ. ئاست و سەوادی زۆربەی مامۆستا و قوتابی کەواتە بەستووی ئێرەش بە هەر باس نەکەین، هەر ئەوندە دەڵێین ئەگەر بەشێکی زۆری مامۆستا و قوتابیانی ئێمە مونازەردەیەکی زانستی لە گەڵ قوتابیانی وڵاتێکی دیکەی جیهانی سێیەم بکەن کەم دێن و لە شەرمان خۆیان وەپاش دەدەن و لە کورسی دواوە دادەنیشن. دەچیە بەشە ناوخۆیی قوتابیانی ئێرە زۆربەی زۆری خەریکی قومار و ئاتارین، بەڵام هەر لە دەور و بەری ئێمە کە دەچیە خەوگەی قوتابیانی وڵاتێکی دیکە، باسی زانستی بااڵت پێوە دەنێ و پاڵت پێوە دەنێ تاکو تۆش ڕێچکەی ئەوان بگری. وتەی سوقراتم دێتەوە یاد کە دەڵێ: کۆمەڵگا کاتێک زۆرزان و خۆشبەخت دەبێ کە خوێندنەوە کاری ڕۆژانەی بێ. لە وڵاتێک کە کەباب بە برەوتر بێ لە کتاب نابێتە بەهەشت بەڵکو دەبێ بە هەش. بازاڕ پڕە لە چێشتخانە و خواردنگە، تەقە تەقی قاپ و لەنگەری و کەچک و چەنگاڵ بە وێنەی ڕەقەی کوتک و سندان دەنگی دێت، بەڵام کافە کتابێک نابینی کە دانیشتنی بە بەرهەمی لێبکرێت، ئەوەی هەشە پڕە لە کەڕەنا و دوکەڵی نیرگەلە و قلیان و ڕەقەی ئەزنیف و خوانە تێیدا بە وێنەی ڕەقەی چەکوچ و نالە. بازاڕ و مۆڵ مۆڵی دەبن، بەڵام سینەما یان نیە یان کەسی تێدا نیە. کەمن ئەوانەی کە دوو دەرهێنەر بناسن، فیلم کەمتر کاریگەری هەیە لە سەر ڕەفتاری تاک و کۆمەڵگا، شانۆ نامۆ بووە. بۆ تۆزکاڵێ ئارامی دەچیە پارکی شار لە بەر دەنگی بەرزی زورنای شایی و ڕمبە ڕمبی دەهۆڵ و قیژەقیژ ئارامیت لێ دەستێندرێ. دێیە جادە فەرهەنگی شۆفێری لە ئاستی مەنفی دایە و لە بەر سیگناڵ و دیدەدید هەراسان دەبی و مەیلی مەنفات هەیە. چەمکی ئالودەی دەنگی بەرز لای پۆلیسیش نەناسراوە چ بگا بە خەڵک، هەر دەڵێی دایم بووک لە سەر جادەیە. کامە سەیارەی مۆدێل بەرزە کەسێکی ئاست نزمی تێدایە کە بتڵێ ئاو و جگەرە لە شوشە فڕێ دەداتە دەرێ. دەیان هێکتار زەوی وڵات لە بەر بێ ڕەوشتی خەڵک بە جگەرە سوتاوە و بەم دێمانە تەنیا چەند کەسێکی ڕۆشنبیر (تۆ بخوێنەوە ڕۆشنبیر شێوە) جگەر سوتاو دەبن. ئێوارە هێرش بۆ بازاڕ دێت و کەمتر بە تاکسی و پاس دێن، هەر سەیارەیە و یەک نەفەری تێدایە و ترافیکێک ساز دەکەن هەر مەپرسە. کابرای دەستفرۆش شمەکەکانی دێنێتە سەر ڕەقی جادە و دەیفرۆشێ، نابێ هیچیشی پێ بڵێی لە بەر عاتیفەبازی بۆنداری سوشیال میدیاکان. کابرای تەماتە فرۆش سەیارەی ئاخیر مۆدێل و گران قیمەتی پێیە و لە بەردەم دووکانی ڕاگرتووە. نووسەر هەیە کتێبێکی نەخوێندۆتەوە و خۆی پێ ڕۆشنبیرە، هەم شەهادەی دەوێ هەم بەرپرسیارێتی و جارجار شیعریش دەڵێ و جگە لە خۆی کەس لە شیعری تێناگا. زمانیان گەزێک درێژە و قسەیان لێنابڕێ، سێ سەعات قسە دەکەیەوە. ئێمە وڵاتێکین لە قات و ڕیبات و ژمارەی ڕۆند و سەریارەی فەخم و پۆزێکی گەورە و ناوک بەتاڵ زیاتر هیچمان نیە، بۆیە ئەنگی جیهانی سێیەم بوون لە نێوچاوانی ئێمە دێ. بە قەولی سوارە وای لێهاتووە بڵێین: ئەلێم بڕۆم لە شارەکەت... . ئێمە وادەزانین ئاسانسۆر و کوسپەی کارەبایی و بینای شوشەیی بەرز و سەیارەی مۆدێل بەرز و ژمارەی جوان و مۆل پێشکەوتن دێنێ، بەڵام پێشکەوتن کاتێک ڕووەدا کە فەرهەنگسازییەکی چاک بکرێت و زانکۆی بەهێز لە وڵات دروست بن و بەرهەمی زانستییان لێ بچۆڕێتەوە و گوێ لە مەغزە پڕ نەغز و هزرەکان بگیرێ، فەرهەنگی کتێب خوێندنەوە و سینەما و شانۆ پتەو بکرێت و هونەر بیێتە کاریگەری گشتی. پێشکەوتن کاتێک سەرهەڵدەدات کە ئاستی خوێندەواری و سیوات و فەرهەنگی گشتی و زانیاری و زانست بچێتە سەرێ نەک وڵات پڕ بێ لە شەهادەی پووشاڵی و زانکۆی ژانکۆ. سەیر لەوەدایە ئەو خەڵکانەی ئێمە کە لە هەندەرانیش دەژین زۆربەیان هەر خەریکی کاری بێ نرخ و مایەن و کەمتر هەڵکەوتوویان لێ هەڵکەوتووە. دەچیە تاراوگە نەتەوەکانی دیکە دەبینی هەمووی لە شۆینی وەک ناسا و لە زانکۆ و تۆپۆگە گەورەکان کار دەکەن یان لە نەخۆشخانەکان پزیشکی بەناوبانگیان لێ دەرچووە و بوونەتە مایەی شانازی نەتەوەکەی خۆیان، ئەوانەی ئێمە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا کەمتر لە زانکۆکان، بەڵکو زیاتر خەریکی پیتزا لێنان و شەڕە قسەن لە سەر فەیس بووک، کە دەشهێنەوە بێزیان لە ئێمە هەڵدەستێ. تەنانەت ئەوانەی کە نەسلی دووەمی دیاسپۆڕان و لەوێ لە دایک بوون و هەرگیز کوردستانیان نەدیوە و لە ناو سیستەمی وڵاتێکی پێشکەوتووی جیهانی یەکەم گەورە بوونە، زۆربەیان نەبوونەتە هیچ. زۆربەی خەڵکی ئێمە کە بۆ گەشت دەچێتە دەرەوە کاتێ کە دەگەڕێتەوە تەنها باسی خواردنەکان دەکەن و هیچی لە سەر میژووی سیاسی، کۆمەڵایەتی و... ئەو وڵاتە وەرنەگرتووە. سەیر لەوەدایە لە کۆتدا ئەگەر گەشتیارێ یان بازرگانێک سەفەری وڵاتێکی دیکەی کردبا چەندین سەفەرنامە و حەیرەت نامەی دەنووسی، بە جۆرێک کە ئێستاش لێکۆڵەران بۆ زانینی میژووی کۆمەڵایەتیی وڵاتان چاو بە سەفەرنامەکاندا دەخشێننەوە. ئەو قسانە شتێک نین کە لە خۆڕا تاشرابن، بەڵکو ئەو فەکتە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیانەن کە بە بێ زانستێکی قوواڵی کۆمەڵناسی بە چاوێکی سادە و ئاسایی دەبینرێن و هەموومان شاهیدی ئەم دیاردانەین. ئەم بابەتە بۆیە بە چاوێکی گشتی سەیر کراوە چونکە، پێژەکەی زۆرە، بۆیە ئەگەر شەلم کوێرم نابوێرم، تەڕ و وشک پێکەوە بسوتێنێن جێی گلەیی نیە، چونکە شتەکە لە ئیستیسنا دەچووە و بۆتە دیاردە، بۆیە وا باشترە چیتر لە کودوڵەدا بانگ نەدەین و ئەوەی بن بەڕ بێتنینە سەر بەڕ و باسی بکەین. پێویستە ڕەخنە لە خۆمان بگرین و هۆکاری دواکەوتوویی لە خۆماندا ببینین. ئەو دیاردانە ئەو پرسیارە دێنێتنە ناو میشک کە ئایا ئەو نەخۆشییە مەرگاوییە و ئەم خەفە بوونە مافی خۆمانە؟ ئاخۆ ئەو ڕۆژە دێ مەهەمێک بۆ ئەو دەردە مداراوایی بگیرێتەوە؟ ئەو دکتۆرانە کێن کە دەرمانی چارەسەر دەدۆزنەوە؟ چەندی پێدەوێ تاکوو ئەم نەخۆشیانە چارە دەکرێن؟ ئەم دەردە دەردی مردنی مەعنەوییە یان دەردی لە دایک بوونێکی پڕ لە هیوایە؟ لەو ناوە ئەرکی فەرهەنگ سازی حکوومەتی کوردستان چیە و چۆنە و دەرئەنجامی کەی دەبینرێ؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە هۆی پەتایەکە بدۆزرێتە و کاری چارەسەری بۆ بکرێ؟ یان ئایا ئەو نەخۆشییە بە سەد دکتۆر و نەشتەر چارە دەکرێ؟ ئایا نەسڵی ئێمە لە ناو ئەو پرسیارانەدا وەر دەداتەوە و هەر وا بۆنی سووتانی بێ هیوایی بۆ دێت یان ڕۆژێک دێ شان لە شانی پێشکەوتوان بدات و ملی کەچی ڕاست بکاتەوە؟؟



ترس لەنەخۆشی، لەخودی نەخۆشییەکە ترسناکترە!

بارزان خدر جاف



سەیری میژووی عێراق بکەن لەمەلیک فەیسەلەوە تاکو ئەم ساتە بەهەموو قۆناغە جیاوازەکانیشەوە بەعەرەبی شیعە و سونیشەوە بەتایفی و عەسکەریشەوە ئامانجیان بەڕوونی دیار بووە، هەڵبەت بە حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانیشەوە هەمیشە بە بیر و هزری شۆڤینییەتەوە مامەڵەیان لەگەڵ کوردا کردووە و زیاتریش هەوڵیانداوە وەک پاشکۆیەکی کۆیلەی شارەستانییەتە کۆنەکان کورد بخەنە قاڵبێکی داخراوی دوورەدەست لە بیر و هزری شارستانییەتی نوێخوازی و پێشکەوتنی سەردەمیانە دوور لەژیانێکی شیاو و کپکردنی دەنگی ئازادی و لەگۆڕنانی داخوازییەکان، هەوڵدان بۆ لەتکردنی ناخی کورد و نانەوەی تۆوی دووبەرەکی و هتد. هەڵبەتە ئەم جۆرە سیاسەت و پیلانانە گلاوانەشیان لەحکوومەتێک بۆ یەکێکی تر جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبووە و نیە (چونکە لەسیاسەتی جەنگاوەری و بەعسیانە و وەحشیگەرانەی عێراق یەکەم هەوڵدانی بۆ تێکدانی باری دیموگرافیا و دواتریش سایکۆلۆژی هاووڵاتیان و دواتریش هەوڵدان بۆ تێکدانی جوگرافیای خاک و کوردستان و ئینجا هەوڵی شێواندنی کەلتوور و فەرهەنگ و باری کەسییەتی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی کوردستان بەتەعریب و بەعەرەبکردن و زیندەبەچاڵ و ئەنفال و ڕاگواستن وهتد)، هەڵبەتە ئەمانە خودی ئامانج و ستراتیژی ئەم پیلانانە بۆ دروستبوون و خودی وڵاتی عێراق دەگەڕێتەوە کە هەروا سادە و ئاسان نیە، بەڵکو کێبرکێیەکی تونديش لەسەرخوێن و خاکی کورد کراوە وەک وتم بەعەرەبی دەشتەکی و تائیفی و سوننە مەزهەب و شیعە مەزهەبیشیەوە، بەدیندار وبێدینیەوە جیاوازیان نەبووە و نیە، چونکە میژووی ڕەشیان شاهیدن کامیان زیاتر دژ بەکورد و مافە ڕەواکان و داخوازییەکانی کورد بووبێ ئەویان دەسەڵاتێکی ڕەهای بااڵدەستی هەبووە، ئەگەریش کورد بەهۆکاری جیاواز هاوکاربووە ! بەڵام لەئێستا بەدواوە قبوڵیش ناکرێت کە چیتر کورد بێ پلان و ئامانجی ستراتیژی بمێنێتەوە و ترسیشی هەبێ بەرامبەر بەعێراق.

سەرنج بدەن: مەلای مەشهور وتی جارێکیان لەیەکێک لەمزگەوتەکان وتاری پێشکەش دەکرد و دەڵێ ئەی موسڵمانان دەزانن کە چیتان پێدەڵێم ؟ هەموویان وەڵامیان دایەوە نەخێر نازانین، مەلاش وتی مادام نازانن قسەکردن چ سودی هەیە، بۆیە کۆتایی بەوتارەکەی هێنا و ڕۆژی دواتر مەلا هەمان پرسیاری کردەوە، بەڵام خەڵکەکە وتیان بەڵێ دەزانین باسی چیمان بۆ دەکەی، مەلاش وتی مادام دەزانن باسی چیتان بۆ دەکەم کەوابێ قسەکردن هیچ سودێکی نابێت و کۆتایی بەوتارەکەی هێنا ، بۆڕۆژی دواتریش هەمان پرسیاری کردەوە، بەڵام بەشێکیان وتیان نازانین و بەشێکی تریش وتیان دەزانین باسی چیدەکەی، مەلاش وتی زۆر باشە مادام وایە ئەو بەشەی کە دەیزانێ با بەو بەشە بڵێ کە نایزانێ، کەواتە باهەموومان چاکتر بیزانین کە ئێستا ئەوەی میژووی عێراق ئەزانێ با بۆئەو بەشەی باس بکەین کە نایزانێ کە دەیان ساڵە کورد لەگەڵ گورگدا ژیاوە و ئاوی خواردۆتەوە، هەربۆیە ئێمەی کورد ئەگەر وەک ڕابردوو بیربکەینەوە کەواتە هەمیشە لەدواوەین و ناگەین بەهیچ، هەربۆیە پێویستە دڵسۆزانە و کوردانە بە عەقڵییەتێکی ڕەخنەگرانەوە کاربکەین بۆ ئەوەی بتوانین واقیع بخوێنێتەوە و مامەڵەیەکی دروستی لەگەڵدا بکەین، هەم لەجوڵە هێزی ئاراستە جۆربەجۆرەکان تێبگەین، بزانین چی دەکەین و کەی بڕیار دەدەین و چۆن بڕیارێکیش دەدەین! و دەشبێ لۆژیک و واقیعبینانەتر هەوڵی بۆ بدەین، ئەبێ بزانین داهاتووی کورد بەکوێ دەگات و چ کارێک باشە و باشتریشە ئەنجامی بدەین بێ گوێدانە سۆز و عاتیفەکردن، هەستکردن بەهەندێ تێڕوانینی ئایینی و عەسکەری و باری کۆمەڵایەتی و بارودۆخی ئەمنی هتد... بەرامبەر ئەو عێراقەی بەخوێنی هەزاران ڕۆڵەی کوردستان خاکەکەی نەخشێنراوە، هەربۆیە پێویستە هەوڵەکانمان لەجاران زیاتر بۆ بەهێزکردنی زیاتری کوردستان بدەین کە پێمواببێ کورد ئەو ترسەی کە هەبوو، لەڕیفراندۆمیش نیوەی لەگۆڕنا و ئەو نیوە ترسەی کە دوای ڕیفراندۆمیش وەک شێرپەنجە لەدەمارەکانی کورددا ماوە ئەبێ هەوڵبدەین نەیهێڵێن و بنبڕی بکەین، ئەگەرنا لەخودی نەخۆشییەکە بەربلاوتر و خراپتریش کاریگەرتر دەبێ بەسەر میللەتی کورد.

وون بوون

ناسنامەی زانکۆی صلاح الدین کۆلێژی کارگێری و ئابووری بەشی ژمێریاری بەناوی هێدی ستار عزیز هەرکەسێ دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی پولینکردنی کومپانیاکان لەوەزارەتی پیلان دانان بەناوی کۆمپانیای رۆنەر وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شاروانی (٥) هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٤٢٠٩٨٧ بەروار ٢٠١٩/٤/٢١ بەبڕی ٥٠٠٠٠٠ بەناوی لطیف هادی عبدالرحمن وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای سەنگەر فارس نوری جۆری ئۆتۆمبێل: نیسان رۆجی ٤ بستۆن ئۆتۆماتیك ئۆتۆمبێلی استیشن بەرز مۆدێل ٢٠١٨ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٤٩٨٢٤ کاتی سلیمانی ٢٠١٩ ژمارەی شاصی: KNMAT2MT5JP553070 وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

مديرية تنفيذ ئاكرى

العدد / ١٩٥٣/ت.د/٢٠١٩

التاريخ / ٦ / ٩ / ٢٠١٩

الى / المنفذ عليه (سردار عبدالله محمد)

م / تبليغ بمذكرة الاخبار بالتنفيذ

عليك الاضبارة التنفيذية المرقمة (١٩٥٣ /ت.د/٢٠١٩) بمبلغ قدرة (١٥٢٢٣٠٠٠) خمسة عشر مليون واثنان مائة وثلاث وعشرون الف دينار عراقي فقط ونظرا لمجهولية محل اقامتك حاليا حسب كتاب مركز شرطة كردسين المرقم (١٧٣) في ٢٠١٩/٩/٢٥ عليه قررنا تبليغك عن طريق صحيفتين محليتين يوميين رسمين للحضور امام مديريتنا او ارسال من ينوب عنك وبعكسه سوف نتخذ الاجراءات القانونية بحقك بعد مرور الفترة القانونية (١٥) يوما

المنفذ العدل / بدران عبدالرحيم حاجي

***

دادگای بەرایی بەردەرەش

العدد : ٦/ك.م/٢٠١٩

التاريخ : ٢٠١٩/١٠/٨

اعلان

طالب الكشف المستعجل / ياسين حسن جرجيس ــ يسكن قضاء بردرش ــ وكلاه المحاميان (عوني محمد عثمان و فلامرز سعيد علي)

المطلوب الكشف المستعجل ضده/ المدير المفوض لشركة كومه ــ اضافة لوظيفته (كرم شكري عبدالله) شركة كومه

اقام المدعي الدعوى البدائية المرقمة (٦/ك.م/٢٠١٩) و التي موضوعها تعويض و نظرا لمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك عن طريق النشر في جريدتين محليتين للحضور امام محكمة البداءة بردەرش لاجراء المرافعة في ٢٠١٩/١٠/٢٩ او ارسال من ينوب عنك قانونا و بعكسه سوف تجري المرافعة بحقك غيابيا .

القاضي / فرهاد سلمان حسن

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی بەردەرەش

العدد: ٤١٠/ت.د/٢٠١٨

التاريخ: ٢٠١٩/١٠/٩

اعلان

قررت مديرية تنفيذ بردرش بيع العقار المرقم (٤/١) مقاطعة (٨٨) دليجان صغير و العائد للمدينين كل من (نذير احمد فيصل و نسيبة احمد فيصل) و التي تم حجزها لقاء دين الدائن (ريباز فيلار عبدالقادر) فعلى الراغب بالشراء مراجعة هذه المديرية خلال مدة (٣٠) ثلاثون يوما تبدا من اليوم التالي النشر بموجب المادة (٩٥) من قانون التنفيذ النافذ مستصحبا معه التأمينات القانونية البالغة (١٠٪) عشرة من المائة من القيمة المقدرة و ان رسم التسجيل و الدلالية على المشتري.

الموصفات:-

١- موقعها و رقمها: قضاء بردەرش/ ناحيه روفيا/ رقم (٤/١) مقاطعة (٨٨) دليجان صغير.

٢- مساحتها: ٧ دونم و ١ اولك و ١٣٨ م٢.

* القيمة المقدرة (١,٨٠٠,٠٠٠) مليون و ثمانمائة الف دينار، للدونم واحد.

المنفذ العدل/ عنتر فرهاد محمد

***

محكمة احوال شخصية اربيل

رقم: ٤١٧٦/ش/٢٠١٩/١

تاريخ: ٢٠١٩/١٠/١٣

اعلان

الى/ عمار سامى احمد

اشارة الى الدعوى المرقمة (٤١٧٦/ ش/٢٠١٩/١) بين المدعية (وجدان محمد احمد) و المدعى عليه (عمار سامى احمد) و لمجهولية محل اقامتك وحسب اشعار مختار منطقة حى الصقور التابعة لقضاء تكريت قررت هذه المحكمة بتبليغك عن طريق جريدتين يوميتين تصدر فى اقليم كوردستان لغرض الحضور امام محكمتنا او من ينوب عنك قانونا صباح يوم (٢٠١٩/١١/١٠) فى الساعة التاسعة صباحا وفى حالة عدم حضورك امام المحكمة فان هذه المحكمة ستنظرا الدعوى غيابيا ووفقا للقانون.

القاضى الاول/ ديار محمد على

***

دائرة كاتب عدل (قسروك)

العدد/١١٥

التاريخ/ ٢٠١٩/١٠/١٣

اعلان تسجيل مكائن

بناء على الطلب المقدم من قبل (بشار على عبدالرحمن) المتضمن طلب تسجيل المكائن العائدة له و المنصوبة حاليا فى (قضاء الشيخان) و المدرجة اوصافها ادناه فعلى من لەعلاقة بها وباداواتها الموصوفة ان يراجع بالطرق القانونية لاثبات ذلك وابراز استشهاد لهذه الدائرة بغية ايقاف التسجيل خلال مدة خمسة عشرة يوما من تاريخ النشر و بعكسه سيتم تسجيل المكائن و ادواتها بأسم طالب التسجيل وفقا لنظام تسجيل المكائن رقم ٦٥ لسنة ١٩٥٢ له اشهادة حسب بالنظام المذكور اعلاه.

معمل (شيخان)

١- رافعه العين- رفع المواد عدد/٢

٢- ماكنة غربلة عدد/٢

٣- فرارات العواء لسحب الغبار و الشوائب عدد/٤

٤- برينة لنقل الشوائب عدد/٢

٥- رافعات لسحب الحبوب من الفرارات الى السلندارات عدد/٢

٦- سلندارات لفرز الحبوب الجيدة من المكسرة عدد/٦

٧- برينة لسحب الحبوب النظيفة عدد/٢

٨- رافعة حبوب للخزان عدد/١

٩- برينة لحسب الحبوب النظيفة من الخزان الى الرافعة عدد/٢

١٠- رافعة رفع الحبوب من الخزان الى التعبئة عدد/١

١١- جهاز تعبئة الحبوب المعطرة عدد/١

١٢- ميزان وزن ١٠٠ طن عدد/١

١٣- مولدة كهرباء ٢٠٠ كيفى عدد/١

كاتب عدل قسروك

محمد سعيد محمود الشرفانى

***

دادگای کەتنی سلێمانی/١

ژمارە: ١٢٢٤/ك/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/٩/٢٥

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: بەڕێز بهزاد عزت ناوی دایکی: چیمن کریم

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٢١) لەیاسای هاتووچۆ لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەنکەی پۆلیسی (ئەزمەر) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/١/٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / کامل تۆفیق سعید

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە/ ٧٣٦ /ش/٢٠١٩

ڕێکەفتی/٧/١٠/٢٠١٩

ب / راگەهاندن

بو داواڵێکراو (علی محمد وهاب) ئێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٧٣٦/ش/٢٠١٩)ل رۆژا ٢٠١٩/٩/٢٥ پەسەندا تەلاقا دەرەکێ یا ل ناف بەرا تە وداواکارێ دا (اخرت حمید محمد) ل رۆژا ٢٠١٩/٩/٢ وژبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجیبونا تە ول دیف دەقی یاسایی کو پێتقیە ئاگەهداریا تە دەمێ دەرکەتنا بریاری ژی ئاگەهداریا تە بێتەکرن ب رێکا دوو رۆژنامەیێت رۆژانە وتە مافی نەرازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا وبەرۆڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت

دادوەر /دارا طاهر توفيق

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك

ژمارە / ٤٩١/٢٠١٩

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٩

راگەهاندن

بریار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (١٩٨٣/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی) کو دکەڤیتە (دهۆك) وتومار کریە بناڤێ قەردار (هوزان سعید محمد) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (مصلح یاسین قادر) بکوژمێ (٩٤٨٨٢٥٠) نەە ملیون وچار سەد وهەشتێ وهەشت هزار ودوو سەد وپێنجی دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەرەدانا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە روژا کو دەست پێ دکەت ژ روژا پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٥٠٤٠٠٠٠٠)پێنجی ملیون وچار سەد هزار دینار دگەل رەگەزناما عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ ودەلالیەت لسەر بکری یە

سالوخەت : جە وژمارە دهۆك مولکێ ژمارە (١٩٨٣/٩٥) کەرتێ (٨٥/نزارکی)جور پێك هاتیە ژ (عیارا A١٣ شوقفا (١) قاتێ (١) عیارا ئاکنجیبونێ وبازرگانی سنور وسالوخەت پێك ژ (عیارا ئاکنجیبونێ بیك دهێت (٣) قاتا شوقفا ژمارا ئێك قاتێ ئێك ژ عیارا لسەری دیارکری پێك دهێت ژ سێ ژۆریت نڤستنێ ولێنانگە وپێکهاتێن ساخلەمیێ وهۆل داخلی بجیك) واجیهە جەنوب روبەر (١١٣,٥) م٢ کوژمێ خەملاندی (٥٠٤٠٠٠٠٠) پێنجی ملیون وچار سەد هزار دینار

هاریڤان ایوب عبدالله / جێ بەجێ کاری داد

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین

ژمارە: ٧١٩٠

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (STEEL EYES) بۆ (بازرگانی گشتی و خزمەتگوزاری پزیشکی/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

أراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین

ژمارە: ٧٤٤٥

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٣

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Golden Land) بۆ (گەشت و گوزار/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

أراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر

بەشی یاسا

ژمارە: ١٦٨٤٠

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٧

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (نیاندرتال) بۆ بەلێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (نیاندرتال) بۆ بەلێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/١٧) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (شوان ابوبکر عبدالله) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٩/١٧

پشتیوان مصطفى قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

UNHCR
United Nations High Commissioner for Refugees
Haut Commissariat des Nations Unies pour les réfugiés

دعوة عطاء

تأهيل محطة معالجة ماء في حي الربيعة - قرية السعيدة في محافظة ديالى

1- المتطلبات: يدعو مكتب مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين في العراق – بغداد الشركات ذات الكفاءة والمسجلة أصولياً لدى الحكومة العراقية لتقديم عطاءها لتأهيل محطة معالجة ماء في حي الربيعة – قرية السعيدة في محافظة ديالى

رقم العطاء	تفاصيل المادة	يمكن الحصول على أوراق العطاء من خلال الرابط التالي:
HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/448	تأهيل محطة معالجة ماء في حي الربيعة - قرية السعيدة في محافظة ديالى	https://www.ungm.org/Public/Notice/98312 كذلك يمكنك طلب أوراق العطاء من خلال إرسال إيميل الى IRQBASUP@UNHCR.ORG والرجاء كتابة رقم العطاء أدناه في إيميل الطلب HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/448

2- توقيتات مهمة:

الإجراءات	التاريخ والوقت – بتوقيت العراق
موعد زيارة الموقع	24 تشرين الاول 2019 الساعة 23:59 توقيت العراق
اخر موعد لإستلام الأسئلة / الإستفسارات للعطاء	27 تشرين الاول 2019 الساعة 23:59 توقيت العراق
اخر موعد لإستلام العطاءات / تاريخ غلق العطاء	09 تشرين الثاني 2019 الساعة 23:59 توقيت العراق

ملاحظة : عطاءات مفوضية الأمم المتحدة السامية لشؤون اللاجئين هي مجانية وليس هناك أي مبالغ تدفع مقابل الحصول على هذه العطاءات .
يمكنكم الحصول على أوراق العطاء من خلال موقع الأمم المتحدة للسوق العالمية ***UNGM*** أو من خلال إرسال طلب عن طريق الأيميل
IRQBASUP@UNHCR.ORG

UNHCR
United Nations High Commissioner for Refugees
Haut Commissariat des Nations Unies pour les réfugiés

REQUEST FOR PROPOSAL (RFP)

For rehabilitation of Water Treatment Plant at Hay Al Rabea in Al Saadiya in Diyala Governorate of Iraq

1. Requirement:
The Office of the United Nations High Commissioner for Refugees (UNHCR) in Baghdad invites qualified companies to make a firm proposal for rehabilitation of Al Saadiya Water Treatment Plant (200m³/hr) in Diyala Governorate

Tender Reference Number	Tender Item Description	Tender Documents
HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/448	For rehabilitation of Water Treatment Plant at Hay Al Rabea in Al Saadiya in Diyala Governorate of Iraq	The RFP document available at the link below for downloading: https://www.ungm.org/Public/Notice/98312 The RFP documents can also be requested by sending an email to: IRQBASUP@UNHCR.ORG Please quote reference HCR/IRQ/BGD/2019/SUP/RFP/448 in the subject

2. IMPORTANT DATES FOR THIS RFP:

Calendar of Activities		
The above dates are tentative and may vary from actual dates, UNHCR will provide additional notice if needed		
No	Action description	Dates
1	Tender issuance	10 October 2019
2	Mandatory Site Visit	24 October 2019 at 11:00 am, Iraq time
3	Closing date for the clarifications	27 October 2019 23:59 hrs., Iraq time
4	Closing date for submission of proposals	09 November 2019 – 23:59 hrs, Iraq time

Note: UNHCR tenders are free of charge, no fees are charged to download the tender documents from the UNGM website

دادگای باری کەسایەتی لە دهوک
ژمارە/ ١٣٠٦ /ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ١٣ /١٠/ ٢٠١٩
راگەهاندن
بو/داوالێکری (فرانجیسکا بوید) ل دویف داخازیا داواکار (دینـدار محمـد حسـن) وکێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا پەسەندکرنا تەلاقا دەرەکی ژ تە کریە وژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دویف نڤیسارا بەربژارێ تاخێ گژبەرا ل رێکەفتی ٢٠١٩/٩/٣٠ ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادەبی ل روژا ٢٠١٩/١٠/٢٢ یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن
دادوەر/ زیرڤان احمد حسین
* * *
دادگای باری کەسێتی دوکان
ژمارە : ٧٨/ش/٢٠١٩
بەروار : ١٣/١٠/٢٠١٩
ئاگانامە
داواکار / سۆێن همزه محمد / دوکان / سارا داوالێکراو / ههرێم جبار شریف /
شوێنی نیشتەجێبونی نادیارە
داواکار داوایە کی لەسەرت تۆمارکردووە لەم دادگایە بە ژمارە (٧٨/ش/٢٠١٩) و تیایدا داوای چەسپاندنی (پەسەندکردنی طلاق) دەکات، لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەت لە رێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆییەوە بۆ ئامادەبونت لەبەردەم ئەم دادگایە کەبەروارى دادبینی دەکەوێتە (٢٠١٩/١١/٣) کاتژمێر (٩:٠٠) ی سەرلەبەیانی بە پێچەوانەوە ئەگەر ئامادەنەبیت خۆت یان بریکارەکەت ئەوا دادگا داواکە ئەبینێ بە پێی یاسا .
دادوەر / أبوبکر مولود عبدالله
* * *
بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆماکردنی خانووبەرە
بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی
خانووبەرەی یەکەمی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ٦٢٦٣/٦
رێکەوت: ٢/١٠/٢٠١٩
بۆ/ قەرزاری بارمتەدەر (محمد وهاب نصرالدین)
پێراگەیاندن
بەپێی رووں کردنەوەی (اشعاری مختاری گەرەکی ١٥٩ گولان) کە تیایدا هاتووە شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستات نادیارە بریارماندا لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەپێراگەیاندنت بەپێی ماددەنی (١/١٦٧) لە یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە، سەبارەت بەقەرزی (بانکی عراقی بۆ بازرگانی/ فرع اربیل) بەپێی بارمتەدانراو لەسەر مولکی ژمارە (٨/١١٥٨٠ ك ٩٣ حصارۆك) کە زەوی بەتاڵە بۆ پێدانی بری قەرزەکە کە دەکاتە تەنها (٥٣٤٩٨٧٦٦٢٩١) پەنجاو سێ ملیار و چوار سەدو نەوەت هەشت ملیون و حەوسەدوو شەست و شەش هەزار و دوو سەد و نەوەت و یەك دینار عراقی کە لەرێکەوتی ٢٠١٦/١/٧ رێکەوتی دانەوەی (تاریخ الاستحقاق)ی قەرزەکە هاتووە.
پێویستە لە ماوەی پانزە رۆژە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم پێراگەیاندنە سەردانی (بانکی عراقی بۆ بازرگانی/ فرع اربیل) بکەیت بەپێچەوانەوە دەست دەکرێت بە ریکارەکانی فرۆشتنی بەئاشکرا (المزایدة) مولکی سەرەوە کە تۆمارە بەناوت لەبەرێوەبەرایەتەکەمان..
هێور محمد احمد/ بەرێوەبەری تۆمارکردنی خانووبەرەی یەکەمی هەولێر
* * *
فەرمانگەی دادنووسی (دووەمی هە و لێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٩
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (سڤیان جواد علی) لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/٨ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداراوە لە (ناحیەی شەمامك) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پێشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا, واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت رۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس / پخشان مامند مولود
ئامێرەکان:
١ – ئامێری سوور یاخود خوێ کردنی چەرەزاد بێ ژمارە دروستکراوی خۆمالّی مۆدێل/٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبای توانای K.W١ بەیەك ماتۆری کارەبای کاردەکات نرخ/٢,٥٠٠,٠٠٠.
٢- ئامێری برژاندنی چەرەزاد بێ ژمارە دروستکراوی خۆمالّی مۆدێل/٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢ بەیەك ماتۆری کارەبای کاردەکات نرخ/١٢,٠٠٠,٠٠٠.
٣- ئامێری بەرهەم هێنانی کارەبا بێ ژمارە دروستکراوی ئەمانی مۆدێل/٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.V.A٢٥ بەگاز تەولیدی میکانیکی کاردەکات نرخ/١,٥٠٠,٠٠٠.
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر/٥
ژمارە:٤٩١٣/ش٥/٢٠١٩
رێکەوت:١٣/١٠/٢٠١٩
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (سولین عزیز علی)
شوێنی دانیشتنت نادیارە.
داواکار/ الان نجات اسماعیل) داوای ژمارە (٤٩١٣/ش٥/٢٠١٩)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای تصدیق طلاق دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بۆیە دادگا بریاری دا بەپێراگەیاندنت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی ٢٠١٩/١١/١٠, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بە شێوەی ئاشکرا و پاشملە.
دادوەر/ پەژار عبدالله نصیف
* * *
پارێزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ ریڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ١٩٥٢
رێکەفت: ١٣/١٠/٢٠١٩
ئاگەهداری
پارێزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی رادگەهینیت بو هەبوونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (دابینکرنا (٢٨) ئوتومبیلێن جوری مینی پاص (ب کرێ) بو ڤەگوهاستنا فەرمانبەر و قوتابیێن سەنتەری ئوتیزم و (٤) پەیانگەهیێن کێم ئەندامان (هانا، هیوا، ئاوات، روناهی) سەر ب ریڤەبەریا چاڤدێریا کێم ئەندامان ب سەر ریڤەبەریا گشتی یا چاڤدیریی و گەشەپێدانا جڤاکی ل ژمێریای کۆلێژ بکات بۆ کرینی تەندەر کە نرخەکەی (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینارە کە ناگەرێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بلّاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییەش دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی پێنج شەمە رێکەوتی ٢٠١٩/١٠/١٠ دەست پێدەکات و دواکات بۆ گەرانەوەی تەندەرەکان لە رۆژی پێنجشەممە رێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٢٤ دەبێت کاتژمێر (١٢) دوازدەی نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداریکردن
١- پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی مۆڵەتی کارکردن.
٢- پێشکەشکردنی پاکانەی بەرێوەبەرایەتی باجی داهاتی هەولێر.
٣- داهاتی بارمەتەی سەرەتای بە بڕی (٦٤٠,٠٠٠) شەش سەدو چل هەزار دینار، یان چەکی باوەڕپێکراو یاخود (خطاب الضمان).
٤- ئەو کەسەی بەشداری دەکات لە زیادکردنی ئاشکرا نابێت فەرمانبەر بێت لە دەزگا حکومیەکان.
٥- هیچ تەندەرێك دوای کاتی دیاری کرا وەرناگیرێت، وە صندوقی تەندەر دادەخرێت.
٦- گەرانەوەی تەندەر لە ژمێریاری کۆلێژ دەبێت وە لەناو زەرفێکی داخراو کە واژوو ژمارەی تەلەفۆنی بەڵێندەری لەسەر بێت.
٧- ئەو کەسە کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت دەبێت پشتگیری لەلایەن بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێرەوە بێنێت.
پ. ی. د. علاءالدین محمد نقشبەندی
راگر
* * *
ب. گشتی پەروەردەی هەولێر
بەرێوەبەرایەتی راگەیاندن
ژمارە: ٢٨٥٥١
رێکەوت: ١٣/١٠/٢٠١٩
ب/ کەمکردنەوەی نهێنی
بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر دووبارە ئاگاداری سەرجەم کۆمپانیاو بەڵێندەران دەکاتەوە کە پێویستی بە دابینکردنی نەوتی سپی بۆ سەرجەم قوتابخانەکانی پەروەردەی قەزاکان لە پارێزگای هەولێری سەر بە بەرێوەبەرایەتییە گشتیەکەمان هەیە لەسەر بودجەی ساڵی (٢٠١٩) بۆ ئەم مەبەستە هەر کۆمپانیایەك یا هەر بەڵێندەرێك توانای دابینکردنەی هەیە دەتوانێت سەردانی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر/ بەرێوەبەرایەتی ژمێریاری بکات، بە مەبەستی کرینی تەندەر بۆ بەشداریکردنی لە کەمکردنەوەی نهێنی لە رۆژی دووشەممە (٢٠١٩/١٠/١٤) تاوەکو (٢٠١٩/١٠/٢٧) دەبێت و نرخی هەر تەندەرێك (٣٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دیناری عێراقییەو ئەو بڕە پارە گەرانەوەی بۆ نییە، دواکات بۆ گەرانەوەی تەندەرەکان رۆژی سێشەممە (٢٠١٩/١٠/٢٩) کاژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ دەبێت و کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ تەندەرەکان دەکرێنەوە.
مەرجەکان:
١- نەوتی سپی داواکراو دەبێت باشترین جۆری نەوت بێت بەپێی ستاندادری عێراقی ساڵی ٢٠١٢
٢- دەبێت لە پشکنینەکانی (SP.G.Fl ah.Poi n.Tot al. Sul Fu Col our. Doct our Test) دەربچێت.
٣- کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی یان بەڵێندەرەی کە کەمکردنەوەکەی بۆ دەردەچێت.
٤- بارمەتەی سەرەتایی بەبڕی (٥٪) ی گوزمەی پێشکەشکراو بە چەکێکی پەسندکراو (مصدق) یان گرێنتینامە (خطاب ضمان) یان بۆ ماوەی (١٢٠) سەدو بیست رۆژ وەکو بارمتەی سەرەتایی کە پێویستە لەکاتی گەرانەوەی تەندەر بە پێچەوانەوە ئەو تەندەرە پشتگوێ دەخرێت.
٧- دەسەلّاتی گرێبەستکردنی مافی ئەوەی هەیە سەرجەم تەندەرەکان رەتبکاتەوە بەپێی مادەی (١٤)ی برگەی (١-٢-٣-٤) رێنمایی ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٦ گرێبەستە حکومیەکان.
٨- دەسەلّاتی گرێبەست کردن بۆی هەیە تاکلایەنە گرێبەست هەلّبوەشێنێتەوە هەر کاتی لە بەرژەوەندی گشتی بوو.
بەشدار عبدالخالق خضر
بەرێوەبەری گشتی
* * *

HKN ENERGY LTD.

Position: Site HSE Advisor-Equal Rotation- 2 Weeks On/Off
Location: HKN Sarsang Block, Dohuk Kurdistan Region of Iraq
Status: Local - Permanent
Reports To: HKN HSE Field HSE Manager Subordinates: N/A

A. Position Description:

- The Site HSE Advisor will be provide essential HSE advice, guidance, support and supervision of tasks and operations in their area of responsibility. The position ensures HKN and Contractor personnel on their location carry out their duties as per HKN Energy standards and expectations. The Site HSE Advisorsarecoached and mentored by the HKN HSE Field Manager.
- Level of Seniority: Mid-level.

B. Core Competencies and Capabilities Required

- Monitor compliance to HKN/Contractor HSE policies, procedures and standards
- Supervise contractor and HKN site HSE personnel.
- Support the delivery of safety meetings for HKN and contractor personnel.
- Support and coordinate Emergency Response Exercises and Drills.
- Respond to all incidents providing support to the incident commander during major incidents.
- Review Control of Work applications and documentation and have input during all tool box talks
- Work and behave in a safe manner.
- Proactively seek and pursue opportunities for continual improvement.
- Lead by example with positive attitude.
- Ability to liaise with all levels of the workforce, including facility management.
- Ability to multitask.
- Ability to write reports in English.
- Ability to address issues observed and facilitate resolutions.
- Ability to train operational personnel in occupational HSE training topics
- Excellent English language communication skills to process and convey information effectively through a variety of methods to a wide range of people.

C. Performance Expectations

- HKN Audit and Inspections are conducted as per defined targets.
- Provide assurance that the HSE aspects of HKN operations are managed in line with requirements, including, but not limited to:
- Kurdistan National and Local legislation;
  - HKN Operational Safety Procedures (OSP);

HKN ENERGY LTD.

  - HKN Waste Management Plan;
  - HKN HSE Management System;
  - HKN Departmental Management Systems;
  - HKN Emergency Response and Energy Spill Contingency Plans;
  - HKN Environmental Management System.

- Be responsible for generating the following documents and reports:
  - Daily HSE report including summary of statistics
  - Monthly HSE report including summary of statistics
  - Reporting all HSE incidents to HKN and recording all incidents in incident report log
  - Report incidents, including near-misses, unsafe acts and conditions.
  - Ensure that all drills are carried out regularly and efficiently and generate drill reports.
  - Conduct HSE inspections/audits of work sites, equipment and vehicles. Produce report on findings.
- Represent HKN in incident investigations at site.
- Supervise/observe non-routine operations.
- Provide safety coaching and training for HKN and contractor personnel.
- Participate in safety meetings, toolbox talks, risk assessments and pre-job safety analyses.
- Conduct safety training, drills, and campaigns as required.
- Carry out other task as may be assigned from time to time with agreement of the HKN HSE Field Manager.
- Represent HKN Energy Ltd. on their location as HSE representative
- Ensure compliance with all relevant HKN HSE policies, procedures and standards
- Promote compliance to HKN Incident Free Lifesaving Operating Rules
- Assist company doctor/medic in health and hygiene audits and follow-up on tracking deficiencies
- Encourage the use of safe working practices on and around the site.

D. Education and Qualifications Required

- Competent with basic professional computer skills (Word, Excel, Outlook).
- NEBOSH Certificate preferred.
- Strong Excel skills and experience with other Microsoft office products
- Fluent in English – written and oral, ability to read and write in Kurdish and Arabic

E. Experience Required

- HSE/Industry relevant work experience of typically 5 years.
- HSE Production Operations experience preferred.

Please submit your cv to:
https://www.hknenergy.com/careers/

فەرمانگەی دادنووسی دووەمی هەولێر
بەشی هۆشداری و لابردنی بریکار
ژمارە: ٧٩٣
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٩
ب/ هۆشداری
هۆشدەر/ (دلۆڤان جعفر صادق) بریکاری بەڕێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای رەسەن هۆشداریکراو/ بەڕێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای زهور نوروز/ سەرەڕای کارەکەی
بەڕێزتان هۆشداریتان ئاڕاستەکراوە لە فەرمانگەکەمان لەلایەن بەڕێز (دلۆڤان جعفر صادق) بریکاری بەڕێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای رەسەن بە هۆشداری ژمارە (٦٣٩) لە (٢٠١٩/٩/٢٦) لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنتان بەپێی اشعاری موختاری گوندی قەریەتاغ لە ڕێگای دوو رۆژنامەی فەرمی پێتراوەگەیەنم، بەڕێزتان گرێبەستی دروستکردنی (٢٧) هۆڵی دەواجتنان لە رۆژی (٢٠١٦/٨/٢١) واڕوو کرد لەگەڵ بریکاردارم بەپێی گرێبەست هەموو ئامادەکارییەکی پێشکەش کرد بۆ دروستکردنی ئەو هۆڵانەوە، بەڵام بەڕێزتان ڕێگری دەکەن لە بریکاردارم بۆ تەواوکردنی ئەمەش پێچەوانەی برگەی (٦) گرێبەستەکەیە، بۆیە ئاگاداری بەڕێزت دەکەم کە دەبێ لە ماوەی (٧) رۆژ دوای پێراگەیاندن رێگە بە بریکاردارم سەرەڕای کارەکەی بدەی بە دروستکردنی و تەواوکردنی پڕۆژەکە بەپێی بەندەکانی گرێبەست وە بە پێچەوانەوە ناچار دەبم روو لە دادگای تایبەت بکەین و تیایدا داوای هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە بکەین لەگەڵ داواکردنی قەرەبوو (هۆشداری کراو پاساوی نییە).
بۆتان کامیران میران
دادنووسی یەکەم

***

فەرمانگەی دادنووسی دووەمی هەولێر
بەشی هۆشداری و لابردنی بریکار
ژمارە: ٧٩٢
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٩
هۆشداری
هۆشدەر/ (دلۆڤان جعفر صادق) بریکاری بەڕێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای رەسەن هۆشداریکراو/ بەڕێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای زهور نوروز/ سەرەڕای کارەکەی
بەڕێزتان هۆشداریتان ئاڕاستەکراوە لە فەرمانگەکەمان لەلایەن بەڕێز (دلۆڤان جعفر صادق) بریکاری بەڕێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای رەسەن بە هۆشداری ژمارە (٦٣٩) لە (٢٠١٩/٩/٢٦) لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنتان بەپێی اشعاری موختاری گوندی قەریەتاغ لە ڕێگای دوو رۆژنامەی فەرمی پێتراوەگەیەنم، بەڕێزتان گرێبەستی دروستکردنی (٦٠) هۆڵی دەواجتنان لە رۆژی (٢٠١٦/٨/٢١) واڕوو کرد لەگەڵ بریکاردارم بەپێی گرێبەست هەموو ئامادەکارییەکی پێشکەش کرد بۆ دروستکردنی ئەو هۆڵانەوە، بەڵام بەڕێزتان ڕێگری دەکەن لە بریکاردارم بۆ تەواوکردنی ئەمەش پێچەوانەی برگەی (٦) گرێبەستەکەیە، بۆیە ئاگاداری بەڕێزت دەکەم کە دەبێ لە ماوەی (٧) رۆژ دوای پێراگەیاندن رێگە بە بریکاردارم سەرەڕای کارەکەی بدەی بە دروستکردنی و تەواوکردنی پڕۆژەکە بەپێی بەندەکانی گرێبەست وە بە پێچەوانەوە ناچار دەبم روو لە دادگای تایبەت بکەین و تیایدا داوای هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە بکەین لەگەڵ داواکردنی قەرەبوو (هۆشداری کراو پاساوی نییە).
بۆتان کامیران میران
دادنووسی یەکەم

***

فەرمانگەی دادنووسی دووەمی هەولێر
بەشی هۆشداری و لابردنی بریکار
ژمارە: ٧٩٣
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٩
ب/ هۆشداری
هۆشدەر/ (دلۆڤان جعفر صادق) بریکاری بەڕێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای رەسەن بە هۆشداری ژمارە (٦٣٩) لە (٢٠١٩/٩/٢٦) لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنتان بەپێی اشعاری موختاری گوندی قەریەتاغ لە ڕێگای دوو رۆژنامەی فەرمی پێتراوەگەیەنم، بەڕێزتان گرێبەستی دروستکردنی (٦٠) هۆڵی دەواجتنان لە رۆژی (٢٠١٦/٨/٢١) واڕوو کرد لەگەڵ بریکاردارم بەپێی گرێبەست هەموو ئامادەکارییەکی پێشکەش کرد بۆ دروستکردنی ئەو هۆڵانەوە، بەڵام بەڕێزتان ڕێگری دەکەن لە بریکاردارم بۆ تەواوکردنی ئەمەش پێچەوانەی برگەی (٦) گرێبەستەکەیە، بۆیە ئاگاداری بەڕێزت دەکەم کە دەبێ لە ماوەی (٧) رۆژ دوای پێراگەیاندن رێگە بە بریکاردارم سەرەڕای کارەکەی بدەی بە دروستکردنی و تەواوکردنی پڕۆژەکە بەپێی بەندەکانی گرێبەست وە بە پێچەوانەوە ناچار دەبم روو لە دادگای تایبەت بکەین و تیایدا داوای هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە بکەین لەگەڵ داواکردنی قەرەبوو (هۆشداری کراو پاساوی نییە).
بۆتان کامیران میران
دادنووسی یەکەم

***

فەرمانگەی دادنووسی دووەمی هەولێر
بەشی هۆشداری و لابردنی بریکار
ژمارە: ٧٩٢
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٩
هۆشداری
هۆشدەر/ (دلۆڤان جعفر صادق) بریکاری بەڕێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای رەسەن هۆشداریکراو/ بەڕێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای زهور نوروز/ سەرەڕای کارەکەی
بەڕێزتان هۆشداریتان ئاڕاستەکراوە لە فەرمانگەکەمان لەلایەن بەڕێز

دادنووس / دلزار نجاة یاسین نجار
ئامێرەکان:
١ – هێلی دروستکردنی کلێنس ژمارە/ (٠٠٤٨/٢٠١٩) دروستکراوی ئێرانی مۆدێل/٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤ بەبری ١٨,٠٠٠,٠٠٠ هەژدە ملیۆن دینار.
٢- ئامێری کبس و تێکردنی کلێنس ناو نایلون ژمارە/ (٠٠٤٩/٢٠١٩) دروستکراوی ئێرانی مۆدێل/٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای V٢٢٠ بەبری ٣,٠٠٠,٠٠٠ سێ ملیۆن دینار.
٣- ئوتوکردنی کلێنس ژمارە/ (٠٠٥٠/٢٠١٩) دروستکراوی ئێرانی مۆدێل/٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای V٣٨٠ بەبری ٣,٠٠٠,٠٠٠ سێ ملیۆن دینار.
٤- ئامێری کۆمپرێسەری هەوا (MAKUTE) ژمارە/ (٠٠٥١/٢٠١٩) دروستکراوی سینی مۆدێل/٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥ بەبری ٥٠٠,٠٠٠ پێنج سەد هەزار دینار.
٥- ئامێری بەرهەم هێنانی کارەبای (فورگسن) ژمارە/ (٠٠٢٩/١٣) دروستکراوی ئەمریکی مۆدێل/٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی گاز توانای K.W٣٠ بەبری ٢,٥٠٠,٠٠٠ دوو ملیون و پێنج سەد هەزار دینار.

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارە: ٢٦٢٢/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٩/٢٩
بۆ/ تاوانبار/ مصطفى احمد على
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەرۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/٢٩ سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) غیابی بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە ٢٦٢٢/ك/٢٠١٨ وە بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی ماددەی ١/٤٥٦/أ لەیاسای سزادان ژمارە ١١١ بۆ سالی ١٩٦٩ حوکم درا بەسەرتا بە بەندی سوك بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ.
وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بگوێرەی یاسا.
دادوەر/شیرین علی حمەسور

***

دادگای کەتنی سلێمانی/١
ژمارە: ٣٤١/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/١٠/١
بۆ/ تاوانباری ڕاکردوو: باخان عبدالله مصطفى ناوی دایکی: ناهیده نجم الدین
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەرۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/٢٤ سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) غیابی بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە ٣٤١/ك/٢٠١٩ وە بریاردرا تاوانبار بکرێت بەپێی ماددەی ١/٤٥٦/أ لەیاسای سزادان ژمارە ١١١ بۆ سالی ١٩٦٩ حوکم درا بەسەرتا بە بەندی سوك بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ.
وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بگوێرەی یاسا.
دادوەر/کامل توفیق سعید

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە:٣٨٣٧/ش/٢٠١٩/٣
رێکەوت/ ٢٠١٩/٩/١٠
جاردان
بۆ داوالێکراو (مرشد فیصل ویسی)، شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (رێناز احمد فوزی) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت داوالێکراو بە ژمارە ٣٨٣٧/ش/٢٠١٩/٣ تایبدا داوای (جیابوونەوە) دەکات، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی نووسراوی ئیشعاری مختاری (هەولێر- کۆمەڵگەی سەری بڵند) بۆیە دادگا بریاری دا بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە، بە ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی (٢٠١٩/١١/٢٤) کاتژمێر (٩) ی بەیانی.
دادوەر/ صباح قادر کاملا

***

سەروکاتیا باژێرڤانییا دارەتوو
مولکایەتی
ژمارە: ٣٣٠/٣٢١
رێکەفت: ٢٠١٩/١٠/٩
ئاگاداری
سەروکایەتی شارەوانی دارەتوو هەلدەستێت بە جاڕدانی (اعلان) نەخشەی ڕوونکراو (تفصیلی) بو بەشێك لە زەوی دارەتوو بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ لە رۆژی دەرچوونی لە رۆژنامەی خەبات تکایە هەرکەس و لایەنێك یاخود هەر فەرمانگەیەك ڕەخنە و پێشنیارێکی هەیە لەسەر ئەم نەخشەیە لە ماوەی دیاری کراو دەتوانن داواکاریەکانتان پێشکەش بە شارەوانیمان بکەن بۆ دیراسەتکردنی و لەبەر چاوگرتنیان وە دوای تەواوبوونی ماوەی یاسایی هیچ ڕەخنەو پێشنیارێك وەرناگیرێت و نەخشەکە پەسندی کۆتایی دەکرێت.
جانگیر جلیل خضر/ سەرۆکێ شارەوانی دارەتوو

***

دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە: ٢٩٥/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٣
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (المدير المفوض لشركة شيخان للتجارة العامة)
ئامازە بەداواى بەرایی ژمارە (٢٩٥/ب/٢٠١٩) کە تۆمارکرابوو لەسەرتان لەلایەن داواکار (المدير العام للشركة العامة لتجارة المواد الغذائية) ئەم دادگایە لە رۆژی (٢٠١٩/٩/٨) بەپاشملە بریاریدا بەپابەندکردنت بەدانی بری ٥٩٤,٩٣٥,٦٠٠ دینارى عیراقی بەداواکار وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ هەڤالان) لە ٢٠١٩/٥/٢٦ بۆیە ئەم دادگایە بریاریدا بەپێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە وە ئێوە مافی تانەی (اعتراض) و تێهەلچوونەوەو پێداچوونەوە تان هەیە لە بریاری نەهاتووی پاشملەی دادگا لە ماوەی یاسایی بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
دادوەر/ محمد بهاءالدين عبدالله

***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (نیاندرتال) بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفى قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

HKN

Roles & Responsibilities HKN Field Services Mechanical Technician

HKN Field Services Mechanical Technician — National Position

Rotation: 3 weeks on 3 weeks off

Reports to the HKN Field Camp Mechanical & Electrical Supervisor and Field Services Manager

Skills and Experience required, mechanical skills and experience, Knowledge in Mechanical and some Electrical applications including heavy machinery. Have sound knowledge of diesel-powered generator systems.

+/- Three -year experience in Oil & Gas business or similar

environment. Qualifications: Industry Training Certification - Diesel

Engine Transmission Gear. Health: Must be fit and healthy, as

required within industry standards.

Essential vocational skills: must priorities work tasks has they arrive, respond to all Maintenance and Technical requirements inclusive for example Plumbing, Mechanical working with and maintaining camp generation system and generator, A/C units, assist with IT systems and Satellite systems and small power Electrical issues, ensure that the camp or camps safety systems are all in good working order and that the camp or camps is clean from litter and debris, test performance of units or appliances. Implement a Planned Maintenance programme for all HKN's heavy machinery, responsible for overseeing QA/QC manufacture of new camps and kitchens, supervise and implement installation of new camps and kitchens.

Personal skills and qualities: must include fluent in English, both written and spoken, with a good level of computer literacy - especially with Microsoft Outlook, Word, and Excel. Must have a high awareness of the challenges of supporting multi-cultural workforces, and be respectful of diverse cultures and nationalities. Honest, sensible and trustworthy. Gain and maintain an awareness of local cultural, political and tribal factors.

Roles and responsibilities include (but are not limited to) the following;

- Working within a small team the daily routine shall be but not limited to Inspection and repairs of all camps and Identify any problems with mechanical or electrical failures or breakdown.
- Introduce routine servicing and maintenance of Camp Equipment including but not limited to Generators, Kitchen appliances, A/C units Cool Storage Rooms Refrigeration systems. Work with HKN's Snow Team maintaining and repairing Snow Clearance Machinery.
- Raising awareness that associated equipment must be in safe working order and maintained to a high standard.
- Keep records of inventory and maintenance of equipment and all HKN's assets in the field

HKN

- Maintain and repair HKN's Diesel Powered Water Pumps especially during drilling when the pumps are a critical to keep supplies of drill water to the drilling rig.
- Maintain and Service HKN Diesel Powered Incinerator.
- Develop a list of recommended spare parts for HKN's assets.
- Ensure and promote safety and cleanliness throughout the camp or camps.
- Actively promote safe practices that there are no slips, trips, falls; use of machine guards in all tasks and that the correct PPE is worn while carrying out these tasks.
- Respond to all Camp or Camps maintenance requirements.
- Provide advice and guidance on maintaining equipment or appliances.
- Promote relationships by involving HSE Supervisors, Camp Medics etc. So weekly Camp inspections are completed.

Roles & Responsibilities HKN Field Services Mechanical Technician

- Awareness that some tasks require specialized tools to do the task.
- Familiar with power tools and minor welding tasks.
- Preparing cabins, units and generators etc to be loaded or moved.
- Assistance with operations of installation or removing equipment with a crane and trailer.
- Enhance and plan maintenance schedule on all camp or camps appliances.
- Issue SFRs as required for Purchases of Materials and equipment.
- Work and liaise with vendors.
- Train Local Staff has and when required,
- Work with the Local staff for incineration of waste or disposal and promote segregation of waste

Please Submit your CV to https://www.hknenergy.com/careers/

www.xebat.net
دووشەممە 2019/10/14 ژمارە (5848)

سەرەتاکانی تشرینی یەکەم کە عێراق لە جیهانی دەرەوە دابڕێنرا

سەرەتای ئەم مانگە کە دروشمی بڕۆ "ارحل"ی لەدژی سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی تیادا بەرزکرایەوە و عێراق لەبەردەم مەترسییەکی گەورەدابوو بەهۆی داتەپین و شێوە ئیفلیج بوونێکی سیاسەت لە عێراق



سەرەتاکانی ئەم مانگە عێراقییەکان لە ماوەی پتر لە 10 ساڵی رابردوودا پێنج قورسترین رۆژەکانی تێپەڕکرد کە ئەویش دابڕینی عێراق بوو لە جیهانی دەرەوە لە ڕێگەی پێچڕانی هێڵەکانی ئینتەرنێتەوە، ئەم رووداوە بەپێی سەرۆکی کۆمەڵەی بەرگریکردن لە ئازادی رۆژنامەنووسی لە عێراق، مستەفا ناسر "زیاتر لە 100 رۆژنامەی ئەلیکترۆنی و ئاژانسی هەواڵی و رۆژنامەی کاغەزی لەکارخست" و پێشێلکارییەکانی دژبە ئازادی ڕادەربڕین و ڕاگەیاندن و رۆژنامەنووسان لەو ماوەیەدا گەیشتە ترۆپک.بە هۆی پێچڕانی هێڵەکانی ئینتەرنێتەوە پێشێلکارییەکانی دژبە رۆژنامەگەری پەرەیان سەندووە و پێنج کەناڵی ئاسمانیش سووتێنران و پەلامار دران و پەخشیان ڕاگیرا.ئەو پێنج رۆژەی دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ ڕێگریکردن لە تەشەنەسەندنی زیاتری خۆپیشاندانەکانی نارەزایەتی لەدژی گەندەڵی و نەبوونی خزمەتگوزارییەکان هێڵەکانی ئینتەرنێتیان تیادا پچڕاند، ئەم وڵاتەی کرد بە گوندێکی دوورە دەستی دابڕاو لە جیهانی دەرەوە، لەپاڵ ئەوەشدا پەلاماردان و سووتاندن و هەڕەشەکردن و ڕاگرتنی پەخشی پێنج کەناڵی ئاسمانی دیمەنەکەی تاریکتر کرد و دەیان ئاژانسی هەواڵی و رۆژنامەی ئەلیکترۆنی و کاغەزی ڕاگیران.ئازادی ڕادەربڕین و بڵاوکردنەوە؛ بەپێی دەستووری عێراق و یاسا کارپێکراوەکان لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤە وەک ئەوەی دیارە، وەلێ ئەو رۆژە سەختانەی خۆپیشاندانەکان کە پتر لە شەش هەزار و 100 بریندار و 104کوژراوی لێکەوتەوە ئەو مافەی کرد بە مەرەکەبی سەر کاغەز، کردنە ئامانجی رۆژنامەنووسان و ڕاوەدونانیان وای لەمانکرد شوێنەکانیان زوو زوو بگۆڕن و لە زەنگ لێدانی مۆبایلەکانیشیان بترسن.

هەدیل قەیسی، کچە رۆژنامەنووسێکە بە هۆی ئەوەی لەو پێنج رۆژەدا نەیتوانیوە هیچ هەواڵێکی ئەوتۆ لەسەر خۆپیشاندەکانی عێراق بۆ دەزگاکەی بکات، بۆ ئاژانسی ئانادۆلۆ گوتی: "بەداخەوە ئەو رۆژانە هەموو بەغدا و عێراقیش ئیفلیج بوون، بێنە پێش چاوت بەهیچ شێوەیەک نەزانیت لە شارەکەتدا چی ڕووەدات لە وڵاتەکەت چی دەگوزەرێت و نەتوانیت هەواڵ بە بیسەران و بینەران و خوێنەرانی وڵاتەکەت بگەیەنیت، ئەمە کارەساتە، بەداخەوە کە من بۆخۆم نەمتوانی بەهیچ شێوەیەک بچمە ڕوومالکردنی خۆپیشاندانەکان، چونکە پێشتر ئاگادارکرامەوە کە ژیانی رۆژنامەنووسان سەلامەت نییە، هەروەها لەو ماوەیەدا نەمتوانی بچمە رۆژنامەش کە ڕاگیرابوو.لە نموونەی هەدیل قەیسی کە رۆژانی ئاسایی کاری ڕوومالکردنی ڕووداوەکان بوو لە پێش خۆپیشاندانەکانەوە زۆرن، ئەو بۆ ئانادۆلو دەڵێت "پێشێلکاریی ئەوتۆ کرا لەدوای ڕووخانی رژێمی بەعسەوە یەکەم جارە ڕووبدات، بەتایبەت پێشێلکارییەکانی دژبە کاری ڕاگەیاندن کە عێراقی تەواو بردەوە بۆ دواوە.کۆپەی خۆپیشاندانەکانی سەرەتای ئەم مانگە کە دروشمی بڕۆ "ارحل"ی لەدژی سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی تیادا بەرزکرایەوە و عێراق لەبەردەم مەترسییەکی گەورەدابوو بەهۆی داتەپین و شێوە ئیفلیج بوونێکی سیاسەت لە عێراق تا دەهات زیاتر دەبوو، کوشتنی خۆپیشاندەرانیش ئەمانی پتر هاندا بۆ ڕژانە سەر شەقامەکان و مانەوەیان تا دەرنگانی شەو.سەرۆکی کۆمەڵەی بەرگریکرن لە ئازادی رۆژنامەنووسی لە عێراق، مستەفا ناسر لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی ئانادۆلو باس لە پێشێلکارییەکانی دژبە کاری ڕاگەیاندن لە ڕۆژانی خۆپیشاندانەکاندا دەکات و ڕایدەگەیەنێت "بە هۆی بچڕانی هێڵەکانی ئینتەرنێت زیاتر لە 100 ئاژانسی هەواڵی و رۆژنامەی ئەلیکترۆنی و کاغەز بەتەواوەتی لەکارکەوتن، ئەو سەردەمە ناخۆشترین سەردەمێکە لە دوای ساڵی 2003دەوە، ئەگەر چی لەو کاتەوە بەردەوام پێشێلکاریی لەدژی ڕاگەیاندن و رۆژنامەنووسان هەبووە، بەڵام ئەمجارەیان جیاوازبوو، جگە لە پێشێلکارییەکی زۆر لەدژی رۆژنامەنووسان لەیەک کاتدا چەندین کەناڵی ئاسمانی سووتێنران و لە پەخشکردن ڕاگیران و هێرشی مووشەکییان کرایە سەر.

مستەفا ناسر کە لە سەرەتای دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکانەوە چاودێریی دۆخەکە دەکات دەشڵێت "لەگەڵ دەستپێکردنی بریسکەی خۆپیشاندانەکان لە شەقامەکانی بەغدا رۆژنامەنووسان لە گۆڕەپانی تەحریر و تەیەران دوورخرانەوە و ئەو ناوچانەیان لێ قەدەغەکرا، هەروەها پێشێلکارییەکان لەدژیان دەستیپێکرد، دوو پەیامنێری کەناڵەکانی دیجلە و ڕەشید دەستگیرکران و دوای دەستبەسەرداگرتنی کەلوپەلەکانییان و سڕینەوەی وێنەی کامێراکانیان بەچەند کاتژمێرێک ئازادکران، ئەم دیمەنە لە بەسرە و زیقاریش دووبارەبوویەوە دژبە پەیامنێری ئەسۆشیەیتید پرێس و لە ناسرییەش دژبە پەیامنێری ئێن ئار تی ئەمە ڕووبدا.ئەو دەشیگوت کە هێزەکانی ئاسایش زۆر تووندبوون لە مامەڵەکردن لەگەڵ گواستنەوە و ڕوومالی خۆپیشاندانەکان، قەدەغەکردنی هاتوچۆ وایکرد ڕۆژنامەنووسان نەتوانن ڕووداوەکان بگوێزنەوە، ئەمەش پێشێلکارییەکانی زیاترکرد.سێی ئەم مانگە ڕێکخراوی نێت بلۆکس بۆ چاودێریکردنی ئینتەرنێت ڕایگەیاند کە خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت لە عێراق بچڕاوە لەنێواندا بەغدای پایتەخت و ئاستی پەیوەندییکردن بۆ 30 لەسەد دابەزیوە، ڕۆژی هەشتی مانگ ئینتەرنێت هاتەوە و هێشتا بەتەواوەتی لەهەموو عێراق و وەکو جاران کار ناکات.مستەفا ناسر لە قسەکانیدا گوتیشی: "دواتر لە ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراودا هێرشکرایە سەر چەند کەناڵێکی ئاسمانی و سووتێنران و پەخشیان ڕاگیرا و تێکدران، هەموو ئەوانەش لە ڕێگەی سێ بۆ چوار ئۆتۆمبیلی بێ تابلۆی جام ڕەشی بەرزەوە ئەنجامدران کە نزیکەی 25 چەکداری جل ڕەشیان تیادابووە، سەرەتا هێرشیان کردە سەر کەناڵی دیجلە لە کەرادە و بە لێدان و قسەپێگوتن کارمەندانیان دەرکردووەتە دەرەوە و پاشان ئاگریان لە کەناڵەکە بەردا تا لە پەخشکردن ڕاوەستا، پاشان چوونە سەر کەناڵی ئێن ئار تی عەرەبی لە شەقامی ئەبو نوئاس لە کارمەندانیان دا و هێرشیان کردە سەریان و جنێویان پێداون و پاشان کەلوپەلەکانیان تێکداوە و شکاندووە، دواتر هێرشکرایە سەر کەناڵەکانی عەرەبییە و عەرەبییە حەدەس و کارمەندانیان دەرکردووە و کارمەندێکیان بریندارکرد دوای ئەوەی دژی ئەو شێوازە وەستاوەتەوە، ڕۆژی دواتر واتە ڕۆژی یەکشەمەی ڕابردوو چەند موشەکێک ئاراستەی کەناڵی فورات کران و بەهۆیەوە کارمەندێکی کەناڵەکە بریندارببوو، هەمان ڕۆژیش پەخشی کەناڵی ڕەشید لەڕێز زەبری هەڕەشە ڕاگیرا.مستەفا ناسر کە سەرۆکی کۆمەڵەی بەرگریکردن لە ئازادی ڕۆژنامەنووسییە لە عێراق کە یەکێکە لە ڕێکخراوە دیارەکانی بواڕەکە لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی: "لە ڕووداوەکاندا کامێرامانێک بەقەناس کوژراوە، کارمەندێکی عەرەبییە حەدەس بریندارکراوە، چەند حاڵەتێکی غاز هەڵمژینیش لەنێو ڕۆژنامەنووساندا تۆمارکراون.

موستەفا ناسر باسی لەوەیشکرد کە بە هۆی پچڕانی هێڵەکانی ئینتەرنێت تەنانەت نەیانتوانیوە پێشێلکارییەکانیش وەکو پێویست بگەیەنن بە جیهانی دەرەوە، سەبارەت بە جیاوازیی پێشێلکارییەکانی ئەمجارە دەیگوت پێشتر ڕووینەداوە هێزی چەکدار هێرش بکاتە سەر کەناڵی ئاسمانی و ناچاری بکات بە ڕاگرتنی پەخش و ئەمە عێراقی پتر بردە دواوە بەتایبەت لە بابەتی ئازادی ڕۆژنامەنووسی، ئەمە زۆر ترسناک بوو.عێراق بەپێی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بەکاری ڕۆژنامەنووسی و سەلامەتییان لە چەشنی ڕۆژنامەنووسانی بێ سنوور، فریدەم هاوس، لێبوردنی نێودەوڵەتی، هێشتا لەریزبەندی مەترسیدارترین زۆنەکانی جیهانە بۆ پیشەی ڕۆژنامەنووسی و گیانی ڕۆژنامەنووسانی تیادا نەپاریزراوە، سالانەش عێراق لە ڕیزی ئەو وڵاتانە دەمێنێتەوە کە لە زۆنی ڕەنگ ڕەش دا دەمێننەوە کە بۆ ڕۆژنامەنووسان جێی مەترسییە.بەمدواییانە بەشێک لەو وڵاتانەی پشێویان تێدەکەوێت لە پێناو ڕێگەگرتن لە تەشەنەسەندنی پتری ئاڵۆزییەکان وەکو ڕایدەگەیەنن هێڵەکانی ئینتەرنێت دەپچڕن، ئەم ڕووداوە لە چەند وڵاتێک بەر لە عێراق پێشینەی هەیە.سەرۆکی سەنتەری پاریزگاری لە ڕۆژنامەنووسانی مێینە، لەمیا عامری لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی ئانادۆلۆ ئەوەی ڕوونکردەوە کە ئەوەی لەو خۆپیشاندانانەی ئەمدواییە بەسەر ڕاگەیاندنکاران و دەزگاکانی ڕاگەیاندندا هاتووە زۆر گەورە و قورسە، ئەو گوتیشی: "پێشێلکارییەکی زۆر لەدژی ڕۆژنامەنووسان کرا.ئەو کە لەسەرەتای خۆپیشاندانەکاندا لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێیەکانی لە گۆڕەپانی تەحریر لە بەغدا وەکو پالپشتییەک لەگەڵ خۆپیشاندەران ڕۆژانە سەر شەقام و نێو گۆڕەپانەکە بۆ ئاژانسی ئانادۆلو بەرەخنەوە دەیگوت "بەداخەوە لەم خۆپیشاندانانە دەرکەوت بەشی هەرە زۆری دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەکرێگیراو و بێ لایەن نەبوون، بەڵکو ڕاگەیاندن بە سیاسیی کراوە و کەمترین قسەیان لەسەر پێشێلکارییەکان کرد، لەنێویاندا ئەو پێشێلکارییانەی لەدژی خەڵک و ڕۆژنامەنووسانیش کران".

لەمیا عامری یەکێکە لەو ڕۆژنامەنووسانەی لەگەڵ چەند هاوڕێ و ئەندامێکی سەنتەرەکەیان بە هۆی گازی فرمێسکڕێژەوە زیان بە تەندروستییان گەیشتبوو گوتیشی: "بەداخەوە بچڕاندنی هێڵەکانی ئینتەرنێت وایکرد ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەکو پێویست کارنەکەن، ئەمەش وایکرد عێراقی لە جیهانی دەرەوە دابڕاندا، بەداخەوە جۆڵەی هاوولاتییانیان بە قەدەغەکردنی هاتوچۆ ئیفلیج کرد، دەنگی هاوولاتییان بە پچڕاندنی هێڵەکانی ئینتەرنێت کپکرد، هەروەها ئێمە نەمانتوانی بە هیچ شێوەیەک لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە دەنگی عێراقییەکان بگەیەنین بە جیهان و چەندین دەزگای ڕاگەیاندن لەکارکەوتن بە هۆی نەبوونی هاتوچۆ و ئینتەرنێتەوە.گوتیشی: "ئەوانەی خۆپیشاندەران و ڕاگەیاندنیشیان کردە ئامانج حزبەکانن، میلیشیاکان و حکوومەتیش هەموویان لێی بەرپرسن".خۆپیشاندانەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی عێراق ناوبانگی ئەم وڵاتەی لە ڕووی ئازادیی کاری میدیایی خستەژێر پرسیارەوە و ئەو مافانەی کە بە ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندن دراون کرد بەیەکێک لەو مافانەی هێشتا بەتەواوەتی جێگیر نەکراون، ئەمەش بۆ لەمەودوا کاریگەریی نەرێنی لەسەر ڕاپۆرتی ڕێکخراوە جیهانییەکان دەبێت.

مانشێت



سکای نیوز:
سەرۆکی ئەمەریکا 50 ملیۆن دۆلاری لە پێناوی هێنانەکایەی سەقامگیری و پاراستنی مافی کەمینەکان لە سووریا تەرخان کرد .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
حکوومەتی ئەفغانستان ڕایگەیاند کە عاسم عومەری سەرکردەی قاعیدە لە نیمچە کیشوەری هیندی کوژرا .



ئیلاف:
پێشبینی دەکرێ لە هەڵبژاردنەکانی پۆڵەندا ڕاستڕەوەکان دەستکەوتی گەورە وەدەست بێنن .



ئەی ئێف پی :
باهۆزی گاییس لە ژاپۆن بووە هۆی کوژرانی 11 کەس و بێ سەروشوێنبوونی 12 کەسی دیکە .



فرانس 24:
ئەمەریکا بڕیاری ناردنی هێزی سەربازی زیاتری دا بۆ سعودیە .



کەنالی ئار تی :
لە یانەیەکی شەوانە لە نیویۆرک کەسێک تەقەی لە ژمارەیەک خەڵک کرد و لە ئەنجامدا 4کەس کوژران و 3ی دیکە بریندار بوون .

(ئاسمانی شین و سەهۆڵی ئاو لە هەسارۆکەی پلوتۆ)شدا بینران



(کێ باوەڕی دەکرد، ئاسمانێکی شین لە دووریی 7ملیار کیلۆمەتر لە خۆرو لە نزیک پژیننی هەسارۆکەیی کوپیەر دا ببینین؟!، بەڕاستی شتێکی یەگجار زۆر نامۆو دڵڕفێنە!)... ئەمە گوتەی (ئالان ستیرن) ی پسپۆڕی یەکەمی کەشتی ئاسمانی (نیو هۆرایزنس) ە لە (پەیامنگەی لێکۆڵینەوەیی (Southwestلە (بۆوڵدەر - کۆلۆرادۆ).

لە رووی پێکهاتەییەوە، رەنگی تەنۆچکەکانی نێپتون بەرگەهەوای پلوتۆ قاوەیی و سوورن، بەڵام رەنگدانەوەیان بۆ رەنگی شین بۆتە مایەی سەرسوڕمانی پسپۆڕانی ناسا، ئەمەش وایکردووە بەشێکی زۆر لەو پسپۆڕانە ئاماژە بەوە بدەت کەوا بوونی ئەو رەنگە شینە شکاوەیە لەنێپتون بەرگە هەوای تەماویی پلۆتۆدا هێمایەکی روونە بۆ قەبارەو پێکهاتەی ئەو تەنۆچکانەی کە بەرگەهەوای تەماویی ئەو هەسارۆکەیە پێکدێنن.

سەبارەت بە زەوی، ئەوا قەبارەی ئەو تەنۆچکانە زۆر بچووکن و لە نایترۆجین پێکهاتوون و ئەوانەن کە وادەکەن تەواوی رەنگەکانی نێپتون شەبەنگی تیشکی خۆر پەرش و بڵاوەی پێبکەن و تەنها رەنگی شینی تێدا بهێڵنەوەو بیشکێننەوە، بەڵام پسپۆڕان شکیان نییە لەوەی کە دۆزینەوەکانی پێشووتری کەشتی ئاسمانی (نیو هۆرایزنس) سەلماندبووی قەبارەی تەنۆچکەکانی نێپتون بەرگەهەوای تەماویی پلۆتۆ گەورەترە بەبەراورد لەگەڵ زەوی، کەچی ئێستا وایپێدەچێت هێندەش گەورە نین، بۆیە تەنۆچکەکەانی نێپتون بەرگەهەوای پلوتۆ بە هەمان پرۆسەی تەنۆچکە یەگجار بچووکەکانی نێپتون بەرگە هەوای زەوی هەڵدەستن.


لەلایەکی دیکەوە، زانایان لەو باوەڕەن کەوا تەنۆچکەکانی (Tholin)یش هەن لە چینە هەرە بەرزەکانی بەرگەهەوای پلوتۆدا، ئەو ناوچەیەش زۆر کاریگەرە بە تیشکەکانی سەرووی وەنەوشەیی دەرچوو لە خۆرەوە، ئا لەوێشدا، تەنۆچکەکانی نایترۆجین و میسان لەت دەبن و ئایۆنی دەبن و لەگەڵ یەکتریدا کارلێک دەکەن و لە کۆتاییدا تەنۆچکەی ئایۆنیی بارگاویی نێگەتیفی زۆر ئالۆزتر دروست دەکەن. هەمان ئەوجۆرە کارلێکە ئالۆزە لە چینە هەرە بەرزەکانی بەرگە هەوای (تایتان) ی گەورە پاشکۆی هەسارەی (زوحەل) یشدا بینراوە، کاتێک تەنۆچکە ئالۆزەکان زیاتر کار لەیەکتری دەکەن و گەش و نما دەکەن تا دەبنە تەنۆچکەی بچووک، ئینجا لەسەر شێوەی گازی فڕیو و سەربەستدا دەردەکەون و پاشان چڕ دەبنەوەو لەسەر شێوەی بەفرو سەهۆڵی رەنگ قاوەیی قوڵ لەسەر رووی پلۆتۆدا دەنیشنەوە، هەر ئەوەش وایکردووە رووی هەسارۆکەکەش بەو رەنگە قاوەییە دەربکەوێت.

لە دۆزینەوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێشی نزیکترین تەنی ئاسمانییە لە زەوی و شەشەم گەورەترین پاشکۆیە لەنێپتو تەواوی سیستەمی خۆردا، لە پێکهاتەیەکی یەگجار قورسی (هایدرۆجین و هیلیۆم و دیکەدا، کەشتییەکە توانی ناوچەی یەگجار زۆرو پڕ لە سەهۆڵی ئاو لەسەر رووی پلوتۆدا بدۆزێتەوە، ئەویش دوای لێوردبوونەوە لەو دیمەنانەی کە لە ڕێگەی یەکەی ناسراو بە (نەخشەکاری پێکهاتەیی شەبەنگیی ڕاڵف -Ralph Spectral Composition Mapper)ی تایبەت بەو کەشتییەوە ڕەوانە کرابوونەوە.

(گومان نەماوە لە بوونی رووبەری زۆر فراوانی سەهۆڵی ئاو لەسەر رووی پلوتۆدا، بەڵام لەهەمان کاتدا دووچاری گرفتێکی دیار بووینەتەوە لە حاڵی بوونمان بۆ نهێنی بوونی رووبەری گەورەی سەهۆڵی ئاو لە هەندێ ناوچەو نەبوونی لە هەندێ ناوچەی دیکەی رووی ئەو هەسارۆکەیەدا، ئێمەش تاوەکو ئێستا کار دەکەین بۆ حاڵی بوونمان لەو دیاردەیەدا)، لەسەر زاری (جێیسۆن کۆک) ی پسپۆڕی کەشتی ئاسمانیی (نیو هۆرایزنس).

(زۆر حەپەسام کاتێک بینیم ڕەنگی ئاوی پلوتۆ زۆر سوورەو تا ئێستاش ئێمە نازانین چ پەیوەندییەک هەیە لەنێوان ڕەنگی ئەو ئاوەو ڕەنگ سوورییەکەی رووی پلوتۆدا!)، لەسەر زاری خاتوو (سێلفیا پرۆتۆپاپا) ی پسپۆڕ لە (زانکۆی ماریلاند) و ئەندامی تیمی زانایانی کەشتی (نیو هۆرایزنس).

(بای خۆر) سەرچاوەی دروستبوونی سەهۆڵی ئاوە لەسەر رووی مانگدا



یان هەر شتێکی دیکەی زۆر سەرنجڕاکێشدا دەکەرێن.

پسپۆڕان دەزانن کەوا (مانگ) بەردێکی زۆر ڕەقەو لە دوورییەکەی کەمەوە بە دەوری زەویدا دەخولێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەزانن کەوا (ئاو) لەسەر شێوەی سەهۆڵ لە جەمسەری باشووریدا هەیە، بەڵام گرفتەکە لێرەدا ئەوەیە کەوا لەو بارودۆخ و ژینگە بێ بەزەییەی ئەو ناوچەیەی مانگ بوونی ژیان مەحاڵە، چونکە زیندەوەرو شێوازەکانی ژیان پێویستیان بە ئاوی شل هەیە.

ئەوەی جێگای سەرسوڕمانییەو کەوا ئەو ئاوە سەهۆڵییەی مانگ بەهۆی گۆڕانی ئایۆنەکانی هایدرۆجین ە کە بە بڕێکی یەگجار زۆر مەزن لەنێپتو چالاکیی ناسراو بە (بایەکانی خۆر) دا هەیە، وە ئەو گۆڕانەش تەنها لەو کاتە ڕوودەدات کە مانگ دێتە دواوەی هەسارەی زەوی لە کاتی خولانەوەی بە دەوریدا، ئا لەو کاتەدا زەوی دەبێتە جۆرە قەڵغانێک لە بەردەم بایەکانی خۆر، بەمەش بڕێکی کەمتر لە بای خۆر دەگاتە ڕووی مانگ و لەو دۆخەدا، ئەو ئایۆنانەی هایدرۆجین دەگۆڕێن بۆ ئاو و لەسەر دۆخی سەهۆڵیدا لەسەر چەند ناوچەیەکی مانگدا دەنیشێتەوە.

وەک چۆن پێشتر ئاشکرا بووە کەوا ڕووی مانگ زۆر دەوڵەمەندە بە توخمی هیلیۆم 3و چۆن ئەو مادەیە دەبێتە سەرچاوەیەکی گەورەی وەدەستهێنانی وزە لەسەر رووی مانگدا، بە هەمان شێوە، ئەو ئاوە سەهۆڵییە نیشتووەی رووی مانگ دەبێتە سەرچاوەیەکی یەگجار زۆر بە سوود بۆ بەکارهێنانی ڕۆژانەی کەشتیوانان و (دانیشتوان) ی داهاتووی رووی مانگ، چونکە دەکرێ لەو ئاوەوە وزەی گەرمیی و کارەبایی بەرهەم بهێنرێت، جا کاتێک ئەوە کرا، ئیدی مانگ دەبێتە (بنکەی بۆشاییگەریی داهاتوو) مان.

ئەگەری بوونمان بە تەنیایی لە گەردوونداد دەگاتە ئاستی 85٪



ماوەیەکی یەگجار زۆرە ئادەمیزاد دەپرسێ، ئاخۆ ئێمە بە تەنیان لەم گەردوونەدا، یاخود بوونەوەری دیکە هەن و پێکەوە لەنێویدا دەژین؟ وە لە تازەترین وەڵامی پسپۆڕانی فەلەکناسیدا، وەڵامێکی چاوەڕوان نەکراویان دایەوەو گووتیان، (نەخێر)!.

سەرەڕای بوونی چەند هێمایەک بۆ ئەگەری بوونی ژیان لەنێو هەسارە دەرەکییەکاندا، واتە هەسارەکانی دەرەوەی سنووری (سیستەمی خۆر) ی خۆمان، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ بەڵگەیەک نەدۆزراوەتەوە کە بیسەلمێنێ ژیان لە دەرەوەی هەسارەی زەویدا هەیە، وە هەر ئەو وەڵامەش بووە (گورز) یێکی زۆر بە ئازار بۆ لایەنگرانی بوونی ژیان لە نێو گەردووندا.

ئەو پسپۆڕانەی کە بەم شێوە بێ هیوایی وەڵامی ئەم پرسیارە میژوویییەیان داوەتەوە سەر بە زانکۆی هەرە ناوداری (ئۆکسفۆرد) بوونە، واتە لە بیرو زاری کەسانێکی پسپۆڕو ناودار لەسەر ئاستی جیهانییەوە دەرچووە.

ئەم پسپۆڕانەی زانکۆی (ئۆکسفۆرد) ڕوونیان کردەوە کەوا ئەگەری بوونی ئادەمیزاد بە تەنهایی لەم گەردوونەدا دەگاتە سنووری **85%?** تەنانەت ئەگەر شارستانییەت و بوونەوەری دیکەش هەبێت، ئەوا هێندە دوورن لە ئێمە کەوا مەحاڵ دەبێت بیاندۆزینەوە، یان کەنالی پەیوەندی لەگەڵیاندا بکەینەوە.


پسپۆڕانی هەمان زانکۆ لێکۆڵینەوەی زیاتریان لەسەر بیردۆزی فەلەکناس (فرانک دریک) ئەنجامداوە کە بە شێوەیەکی ماتماتیکی- پێشبینی بۆکراو هێما بۆ بوونی چەندین هەسارەی خاوەن شارستانیی لەنێو سنووری گەلەستێرەماندا دەدات، کەچی دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکەیان بە چەند شک و گومانێک لەسەر راستی یان نزیکبوونی بیردۆزی (دریک) لەراستییەکاندا دەرچوو!

"کاتێک خەڵکیش گفت و گۆ دەربارەی هاوکێشەی (فرانک دریک) دەکات بۆ ئەگەری بوونی شارستانییەکان لەنێو گەلەستێرەماندا، لە وەڵامی کۆتاییداند دەڵێن: ئەم زانیاریانە پشتڕاستکراو نین"، لە زاری (ئاندریس ساندبێرگ) سەرۆکی تیمی پسپۆڕانی لێکۆڵینەوە لە (زانکۆی ئۆکسفۆرد).

"ئەگەر وێستمان قسەو باس دەربارەی تیۆرێکی زانستیی بکەین، ئەوا ڕێچەکەکان بەڕەو ئاقارێکی دیکە دەڕۆن، چونکە ئەگەری دۆزینەوەی ژیان لە هەسارە دوورەکاندا چەندین شک و گومانی زۆر گەورەی تیادایە، خۆ ڕاستیشە ئەگەر بارودۆخی گۆنجاو بڕەخسێت ڕەنگە جۆرێک یان شێوەیەک لە ژیان سەرهەڵبدات لە دەرەوەی زەوی، بەڵام دەبێ زۆرچاکیش بزانین کەوا ئەگەری ئەو شتەش تا ئاستێکی یەگجار زۆر دوورە!"، هەر لە زاری (ئاندریس ساندبێرگ).

ئەو خاڵە هەرە سەرەکییەی کەوا ئەم لێکۆڵینەوە هەرە نوێیە جەختی لێدەکاتەوە ئەوەیە، کەوا لایەنی کەم ئەگەرەکانی بوونی ژیان لەنێو گەلەستێرەی خۆماندا، نەوەک گەردوون بە گشتی، دەگاتە سنووری (مەحاڵ)، بەم واتایە، ئێمە لەنێو سنووری گەلەستێرەی مەزنی خۆمان (ڕێی کاکێشانی) بەتەنها دەژین.

هەسارەی (زوحەل - Saturn) لە کێبڕکێیەکی فەلەکیدا پلەی یەکەمی بەدەستهێنا!



جوانترین هەسارەی نێو سیستەمی خۆرەو سیستەمە ئەڵقەییەکانی زانایان و خەڵکیشی بۆخۆیانی سەرسام کردووە! بەڵام هەرگیز نهێنییەکانی ئەو هەسارە گازییە - سەهۆڵییە کۆتاییان نایەت، ئەوەتا نوێترین ڕوانگەکردنی فەلەکناسی تایبەت بە زانایانی فەلەکناسی توانیان **20**پاشکۆی نوێی هەسارەی قەشەنگی **Saturn** بدۆزنەوە، بەمەش پاشکۆ، واتە (مانگ) ەکانی (زوحەل گەیشت) بووە **82** پاشکۆ.

سکوت شیبارد زانای فەلەکناسی لە پەیمانگەی کارنجی زانستی لە واشتۆن رایکەیاند " هەواڵێکی دڵخۆشکارە کە بتوانرێت ئەم ژمارە پاشکۆیانە لە دەووری هەسارەیەک بدۆزرێنەوە کە **3**پاشکۆیان بە ئاڕاستەی خولانەوەی هەسارەکەیە بە دەوری تەوەری خۆی و **17** پاشکۆکەی تریش بە پێچەوانەی خولانەوەی هەسارەکەیە.

کەواتە، تا ئێستا هەسارەی (زوحەل) زۆرترین پاشکۆی هەیەو لەنێوتەواوی هەسارە گەورەکانی دیکەی سیستەمی خۆر، پاشان هەسارەی زەبەلاحی (موشتەری)دێت کە **79**پاشکۆی هەیە.



بەڕێوەبەری یەکێتی شەترەنجی کۆڵۆمبیا لە دیمانەیەکی (خەبات)دا

لەیتی جۆهانا: ئێمە لە کۆڵۆمبیا زیاتر لە 16هەزار یاریزان و 50 گراند ماستەرمان هەیە





خوێندنی شەترەنج لە کۆڵۆمبیا تەنها بیرۆکەیە و هیچ هەنگاوێک نەهاویشتراوە

دیمانە: هاوار مورتکەیی

وڵاتی کۆڵۆمبیا یەکێک لەو وڵاتانەی کێشوەری ئەمریکایە باشوور و کۆماریکە دەکەوێتە بەشی رۆژئاوای باکووری ئەم کیشوەرە، وڵاتێکە زیاتر لە 16هەزار یاریزانی شەترەنجی هەیە کە لە تۆماری یەکێتی شەترەنجی کۆڵۆمبی تۆمارکراوە، لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات دیمانەیەکی لەگەل لەیتی جۆهانا گۆنزالیس بەڕێوەبەری یەکیتی شەترەنجی کۆڵۆمبی ئەنجامداوە لەبارەی گرنگی دانی یەکێتییەکەیان بەشەترەنج و بەتایبەتیش لە بواری خویندنی ئەو وانەیە لە قوتابخانەکانی کۆڵۆمبیا.

وەک پێویست بایەخ نەدراوە

لە دەستپێکدا Leity Johana Gonzalezبەڕێوەبەری یەکێتی شەترەنجی کۆڵۆمبیا باسی لە بارودۆخی بەڕێوەچوونی یاری شەترەنج لەوڵاتەکەی کرد و گوتی: بەراشکاوانە دەتوانم بڵێم لە کۆڵۆمبیا وەک پێویست بایەخ بە شەترەنج نەدراوە، چونکە بایەخدان بەم وەرزشە لە هەر وڵاتێک خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە لەقوتابخانەکاندا بخویندرێت، ئەوەش لە کۆڵۆمبیا هێشتا نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە بەڵکو تەنها بیرۆکەیەکە و لە یەکێتی شەترەنج ناوە ناوە گفتوگۆی لەسەر دەکرێ.

چاوەڕوان دەکرێت ژمارەکە زیاتر بێت

لەیتی جۆهانا گۆنزالیس بەڕێوەبەری یەکێتی شەترەنجی کۆڵۆمبیا لەبارەی ژمارەی یاریزانان لە وڵاتەکەی و نازناوەکانیان گوتی: بەگوێرەی ئەو تۆمارەی لە یەکیتی شەترەنجی کۆڵۆمبی هەیە لەبارەی ژمارەی یاریزانان، تا ئێستا 16.294 یاریزان تۆمارکراوە، بێگومان لەم ژمارەیەک زیاتر هەیە، لەناو مالەکانیشدا خێزانێکی زۆر ئەو یارییە دەکەن، بەس ئەوەی لای ئێمە تۆمارکراو بن تەنها ئەو ژمارەیەیە ک ناومان برد، لەنێو ئەو ژمارەیەشدا 8 شەترەنجزانی هەڵگری بڕوانامەی گراند ماستەرمان هەیە لەگەڵ 50 شەترەنجزانی خاوەن بڕوانامەی مامۆستای نێودەوڵەتی و 80 شەترەنجزانی خاوەن بڕوانامەی فیدا ماستەر، چاوەڕوانیش دەکەین ئەم ژمارانە زیادبوون بەخۆیەوە ببینن.

شەترەنج زانستە

لەکۆتاییدا بەڕێوبەری یەکێتی شەترەنجی کۆڵۆمبیا گوتی: شەترەنج جیا لەوەی کە یارییەکە، لەهەمان کاتیش زانستەو رۆشنبیری ئەو کەسە پێش دەخات کە یارییەکە دەکات، یارمەتیدەرێکی باشی بیرکردنەوەی ئەو کەسانە دەدات کە لەتەمەنی زووادا فیری یارییەکە دەبن، هەروەها رێکخستنی کاری رۆژانەیان، لەم سۆنگەیەشەوە ئێمە بایەخی تایبەتیمان داوە بەمندالان لە فیربوونی ئەو یارییە.

سبەی لەدەستپێکی پاڵەوانیەتی دەستی کچانی یانەکانی کوردستاندا:

سەنحاریب و قەڵا رووبەرووی ئافرۆدێت و هەولێر دەبنەوە



ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

ئەم وەرزە یەکێتی ناوەندی تێپی دەستی کوردستان بڕیاری ئەنجامدانی پاڵەوانیەتی تێپی دەستی یانەکانی کوردستانی لەسەر ئاستی کچان ڕاگەیاند، ، بڕیارە سبەی سێشەمە بەروارى 10/15پاڵەوانیەتی تێپی دەستی کچانی یانە نایابەکانی کوردستان لەشاری دهۆک لەهۆڵی داخراوی سەنحاریب بەڕێوەبچێت وماوەی پاڵەوانیەتیەکە پێنج ڕۆژ دەخایەنێت، یانە بەشدارووەکانیش بریتین لە یانەکانی هەولێر، قەڵای تورکمان،ئافرەتانی هەولێر،ئافرەتانی کەرکوک، سەنحاریب، ئافرۆدیت.

وابڕیارە سبەی سێشەمە کاتژمێر 2ی پاش نیوەڕۆ یەکەمین یاری پاڵەوانیەتیەکە لەنێوان سەنحاریب و ئافرۆدیت بەڕێوەبچێت، پاشان دوو یاری دیکەش لەنێوان ئافرەتانی هەولێر و ئافرەتانی کەرکوک وقەڵای تورکمان و هەولێر ئەنجام دەدرێت، ڕۆژانەیش 3 یاری ئەنجام دەدرێت و هەر یانەیەک بەگشتی 5یاری لەپاڵەوانیەتییە ئەنجام دەدات. لەمبارەیەوە سکرتێری یەکێتی ناوەندی تێپی دەستی کوردستان سەرکەوت موحسین سەبارەت بەسازدانی پاڵەوانیەتیەکە بۆ خەبات ڕایگەیاند: بێگومان ماوەی چوار ساڵ دەبێت هیچ پاڵەوانیەتیەکمان بۆ یانەکان ئەنجام نەداوە، بۆیە دوای ڕەزامەندی وەرگرتنی لێژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان و خەرج کردنی بڕێک پارە بۆ سازدانی پاڵەوانیەتیەکە لەلایەن لێژنەی ئۆلۆمپی یەوە، بۆیە بڕیارماندا پاڵەوانیەتیەکە لەشاری دهۆک ئەنجام بدەین، بەڵام بەداخەوە زۆر یانەی کوردستان بەهۆی قەیرانی دارایی نەبوونی ئیمکانیاتی مادەی نەیانتوانی بەشداری لەپاڵەوانیەتیەکە بکەن.

جێی ئاماژەبۆکردنە هەموو یانەکان پێش دەستپێکردنی پاڵەوانیەتیەکە ئامادەکارییەکی تەواویان کردووە و هەر هەموشیان چاوبان لەئەنجامی بەرز و بەدەستهێنانی پلەی یەکەمی پاڵەوانیەتیەکەیە کەماوەی چوارساڵ دەبێت بۆ یانەکان ئەنجام نەدراوە.

لە سلێمانی پاڵەوانێتی پایسکیلسواری عێراق بەڕێوەچوو



زاگرۆس نانەکەلی: سلێمانی

سێ ڕۆژ لەسەریەک لە بەهێزترین کێبڕکێی خولی پایسکیلسواری عێراق لە چوارگۆشەی زێڕین و قۆناغی چواردەم وکۆتایی لە سەر ڕێگای (دووکانیان-سیتەک ژقەلاچۆلان) ڕێکەوتی 9و10و11/10/2019 کۆتایی هات.

سەبارەت بە ئەنجامی تێکڕایی ئاستەکان (تازەپێگەیشتوان ولاوان وپێشکەوتوانی کچان و کوڕان) خولی ئەمجارە پێشبینی و گۆڕانکاری بەرچاو و گرنگی بەخۆوە بینی، کە بووە هۆی گۆڕینی ڕێزەو وئامانج و ئەنجامی ئەم خولە،گرنگترینیان سەرکەوتنی ناوازەی کچانی برایەتی بە پلەی دووەمی عێراق، هەروەها ئەنجام و توانایەی یاریزانەکانی کوردان وکچان لە توانا و سەرکەوتنی ئەنجامەکانیان لە کات و لە دروست بوونی یاریزانی نوێ، هەروەها گەڕانەوەی شکۆ و میژووی تیپە ڕەسەنەکان و خاوەن میژووە زەبەلاحەکانی ئەم خولە، کە کچانی پایسکیلسواری برایەتی بوون،ناکرێت ڕۆڵی تێکڕایی یانە بەشداربووەکان وبەکێتی پاسکیلسواری فەرامۆش بکرێت، کە لە سێ ڕۆژی شاری سلێمانی وەکو یەک گروپ وبەک دەست وبەک خانەواده بۆ پێشخستنی ئەم وەرزشە دەجەنگان، ئەمەش تێکڕایی ئەنجامەکان ئاستەکانە:

*** ئاستی کچان**

یانەی نەورۆز پلەی یەکەم، یانەی برایەتی پلەی دووەم، یانەی سناعە پلەی سێیەم.

*** تازەپێگەیشتوان**

ئاستۆ پلەی یەکەم، ئەولاد راجی پلەی دووەم، تارمیە پلەی سێیەم

ئاستی لاوان


دهۆک پلەی یەکەم، ئەولاد راجی پلەی دووەم، نەجدە پلەی سێیەم

*** ئاستی پێشکەوتوان**

سناعە پلەی یەکەم، کۆیە پلەی دووەم، هەولێر پلەی سێیەم

گرنگی زیاتر بە چالاکییە وەرزشییەکان دەدرێت

کارزان کانەبی: بەمەبەستی لە نزیکەوە ئاگادار بوون لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کار و چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی چالاکی وەرزش و هونەر و دیدەوانی لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کە هەریەک لە پارێزگا و ئیدارەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کەرکوک، هەڵەبجە، گەرمیان) لە خۆ دەگرێت، مامۆستا بەکر کریم بەڕێوەبەری گشتی چالاکی وەرزش و هونەر لەگەڵ بەڕێوەبەری بەشەکانی وەرزش و هونەرو دیدەوانی کۆبوونەوەکشدا بەڕێوەبەری گشتی چالاکییەکان تیشکی خستە سەر ئیش و کارەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکە و چۆنیەتی دابین کردنی کەلوپەلی وەرزش ودیدەوانی و هونەر و ڕێکخستنی میلاکی مامۆستایانی وەرزش و هەموارکردن و پێداچوونەوە بە مەرج و پێوەرەکانی سەرپەرشتیاری هونەری و ئامادەکردنی فۆرمی هەڵسەنگاندن و ئامادەکردنی چالاکییەکانی وەرزی نوێ 2019/2020، گوتیشی: پێویستە زیاتر گرنگی بە وانەکانی وەرزش و هونەر بدرێت لە نێوەدەکانی خوێندن و بۆ ئەوەی قوتابیان لەم بابەتە گرنگانە سوودی زۆر ببین وەکو سەرجەم وانەکانی تر بۆ ئەوەی بتوانین مامۆستایانی وەرزش ڕۆڵێکی کارا و چالاکیان هەبێ لە ئەنجامدانی خول و پاڵەوانیەتیەکان و بەڕێوەپێشبردنی ئاستی وەرزش و هونەر لە ناوەندەکانی خوێندن، ئاماژەشی بەوەدا کە وەکو بەڕێوەبەرایەتی گشتی چالاکی وەرزش و هونەر ئامادەی هەموو هاوکارییەکی بەڕێوەبەرایەتیەکانی پارێزگاکانن بۆ ئەوەی هەموان بە یەکەوە کێشەو گرفتەکانی بەردەم وەرزش چارەسەر بکرێت، دواتریش بەڕێوەبەرانی چالاکی وەرزش و هونەر و دیدەوانی کێشەو گرفتەکانی خۆیان ئاراستەی بەڕێوەبەری گشتی چالاکییەکانی وەرزش و هونەر کرد بۆ ئەوەی بتوانن چارەسەری گونجاو بدۆزنەوە و بۆ وەرزی نوێ خوێندن.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Mon, 14. Oct. 2019 No: (5848)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



یەک هەناسە

ئیسماعیل بەرزنجی

هەمور دووشەمەیەک دەینووسێت

دنیا ڕێکەوتەی سەیری تێدایە، ڕۆژی 14/10/ 1979تازە مامۆستام لە گوندی ـ لێرەمیر ـ ، زۆر بیری ماڵ و هەوڵێرم دەکرد، دوای فراقێن دەستم دایە کتێبێک و چوومە سەر بەردە گەورەکەی پشت قوتابخانەکە، پایز بە هەموو حەسرەت و غەمگینی خۆیەوە ڕژابووە دەوروبەرم، خەریکی خوێندنەوە بووم، جار جار سەرم هەڵدەبڕی و تەماشای شاخی برادۆست و دۆڵی(بیاوێ)م دەکرد.

مامۆ ڕەحمان، جوامێرو ڕاوچی گوندەکە، هاتەلام و گوتی:

ـ مامۆستا ئەوە چاکەی؟

گوتم:

ـ وا کتێبی دەخوێنمەوە

گوتی:

ـ مار خەرا، چاوێ خۆ بە چ ماندی دەکەی، هەستە لۆخۆ بڕۆ ناو ڕەزان، هیشوە ترێیەک و دۆو هەرمی خڕ کتێبا دینی.

دنیا دنیایە و گوندم جێهێشت و تا بە ڕۆژی ئەمڕۆ ڕادەگات یەخەی کتێبم بەرنەدا، ئەمڕۆش کە 40 ساڵ بەسەر ئەو قسەیەی مامۆ ڕەحماندا تێدەپەڕی، دەڵێم بریا هەر بەگوێی ئەوم کردبا و بەردەوام لەناو ڕەزان بام.

هەر شوێنێک ئێمە حوکمی تێدابکەین، ئاشتی و دیموکراسییەت تیایدا بەرقەرارە.

هونەرمەند مەروە محەمەد بۆ «خەبات»:

هیوادارم هەڵبژاردنی ئەکتەر لەسەر بنەمای هاوڕێیەتی نەبێت، بەڵکو و لەسەر بنەمای توانای ئەکتەرەکەوە بێت



دیانە :پەریها عومەر

هونەرمەندی شۆخ (مەڕوە محەمەد ئەمین) لە پارێزگای هەڵەبجەی شەهید لە دایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە سلێمانی تەواوکردووە، هاوسەرگیریی کردووەو خاوەنی سێ منداڵە بەناوەکانی (ڕۆمان-تەمەن-ڕۆفان) هونەرمەند حەز و خولیای بۆ هونەر هەبووەو هەر ئەو خولیایەش وایکردووە لە بەشی شانۆ وەربگیرێت و بە سەرکەوتوویی ئەو بەشە تەواو بکات. بۆ ئەمەش (خەبات) ئەو دیمانەیەی لەگەڵدا ساز کرد:

*** چەند ساڵە لە بواری هونەری شانۆدا کار دەکەیت؟**

نۆزدە ساڵە لە بواری هونەری دراما و شانۆدا کاردەکەم .

*** پێشنیازت بۆ گرنگیدانی زیاتر بە هونەری دراما چیبە؟**

هیوادارم گرنگی بدرێت بە دراما کوردی لە ڕووی سیناریۆ و ناوەڕۆکی دەقی چیرۆکەکان و کوالێتی باش لە ڕووی وێنە گرتنەوە ، هەروەها هەڵبژاردنی ئەکتەر لە ڕووی هاوڕێیەتییەوە نەبێت، بەڵکو و لە ڕووی توانای ئەکتەرەکەوە بێت تا بتوانێت بە تەواوەتی بەرجەستەی کاراکتەرەکەی بکات، بە ڕەچاوکردنی ئەم هۆکارانە بەرهەمی باش بەرهەم ئەهێنرێت..

*** جگە لە بواری هونەری پیشەی ترت هەیە؟**


بێجگە لە کاری هونەری نواندن .. مامۆستام

*** هونەر چی پێبەخشیویت و چی لێسەندوویت ؟**

هونەر خۆشەویستی خەڵکی پێبەخشیووم و هیچ شتێکی واشی لێنەسەندووم کە شیاوی باسکردن بێت.

کەمۆکورپیەکانی دراما کوردی لەچی دەبینی لە نێستادا ؟

لە ڕووی کوالیتیەوە کەم و کوڕی هەیە، بەڵام هەبوونی لە نەبوونی زۆر باشترە ، بۆیە هیوادارم کاری زۆر باش بکرێت ، چونکە بینەران زۆر تامەزرۆی بینینی دراما کوردین.



دەیەمین خولی فێستیڤاڵی سینەمای کوردی لە هامبۆرگی ئەڵمانیا بەڕێوەدەچێت

هەمزە سەرحان : دەیەمین خولی فێستیڤاڵی سینەمای کوردی لە هامبۆرگی ئەڵمانیا بەڕێوەدەچێت ،لەبارەی ئەو فێستیڤاڵەوە عەدالەت دیریک بەڕپرسی ڕاگەیاندن فیستڤاڵی هامبۆرگی سینەمایی لە وڵاتی ئەڵمانیا بە خەباتی گوت: ئەو فێستیڤاڵە دەیەمین خولە ،تێدا ئەمجارە بە شێوەیەکی زۆر باشتر و لە هەرچوار پارچەی کوردستان لە سەر ئاستی جیهان فیلمەکان بەشداری فیستیڤاڵن لە ئەمسالدا تێدا 37فیلم بەشداڕە لە فیستیڤاڵ لە فیلمی درێژ و کورت و دیکۆمێنتاری ،ئەم فێستیڤاڵە بە فیلمی خوشکانی جەنگ دەست پێدەکات هاوکات بەئامادەبوونی دەهێنەری فیلمی خوشکانی جەنگ کە لە پاریس بانگێشت کراوە ئامادە دەبێت. بۆ بینینی فیلم لە هۆڵی سینەما ، فیلمەکان لە سێ هۆڵی جیاواز دەبێ لە شاری هامبۆرگ ،لە ڕۆژی 30-10-2019.تا 6-11-2019بەردەوام دەبێت.

سەرکۆ سەردار: هونەرم بۆ خزمەتکردن بە خەڵکی خۆم کردووە نەک بۆ بازرگانی

خەبات:سولێن سلێمان

هونەرمەند سەرکۆ سەردار لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ خەبات باسێکی خۆی دەکات و دەڵێت: لە ساڵی 1989لە شاری سلێمانی لە دایکبوم ، دواتر لە ساڵی 2007لە ڕێکخراوی ئازادی لاوان بووم تا ماوەیەک ، و ماوەیەکیش لە سەنتەری گەنجان بووم چونکە هەر لە منداڵییەوە هونەرحەزووخولیایەکی من بوو لەساڵی 2017وە هاتومەتە ناو دونیای هونەر و گۆرانی، بەڵام وەک یەکەم ڤیدیۆکلیپ لەساڵی 2014بڵاومکردوتەوە.



لە بارەی پشگیریی خویەوە دەڵێت: تا ئێستا خۆم پشتگیریی خۆم کردوە، تەنها هیچ کەسێک پشگیری من نەبوە بێجگە لە خۆم، و تا ئێستا خاوەنی (3)ڤیدیۆ کلیپم لە گەڵ گۆرانییەک بە شێوەی گرافیک ، (2)دوو دوێتم لە گەڵ هونەرمەند(سالارمحمود) کردوە کە یەکێکیان لە ساڵی 2016بە ناوی "بۆمن نابی" کە تێکست و ئاوازی خۆم بوو، ئەوی تریان لەساڵیی2018 بەناوی "بروانا کەم" بڵاومنکردەوە،

لە پرسیارێکدا کە ئایا لە داهاتوودا هیچ ئەلبومێکی دەبێت لە وڵامدا دەڵێت:

وەک دروستکردنی ئەلبوم حەز بە دروستکردنی نەکردوە، زیاتر ئەو گۆرانییانە لە لایەک موزیکەکان و بۆنە و ئاهەنگێکاندا دەڵێم کە بە شێوازی لایف ریکۆردی دەکەین وە دواتر بڵاوی دەکەمەوە،

لە پرسیاری ئەوەی کە هونەری وەک پیشە هەڵبژاردوە یان وەک حەزوئارەزوو؟

دەڵێت:پێش ئەوەی هونەر وەک پیشە سەیریکەم حەزوخولیایەکی منداڵیم بوو، وەک کاتێکیش کە وا حەزوئارەزوو هەبێت خزمەتکردنە بەخەڵک، دواتر ئەتوانم وەک پیشە ش دابنێم ، بەڵام وەک سەرەتا حەزوخولیایەکی تایبەتی منە ،

ئاشکراشیی دەکات و دەڵێت: زۆر سەرسامی دەنگی هونەرمەندی گەورەی کێژ کردووە (ئەردەڵان بەکر)م کە هەمیشە گوێم لە گۆرانییە کانی گرتووە، و زۆر حەز بە ژەنینی گیتارە چونکە لەگەڵ شێوازو ستایلی من زۆر نزیکە ،

لە پرسیاری ئەوە کە بڕچی کەم دەردەکەوێت بەرهەمی نوێن نییە؟


دەڵێت: هۆکاری کەم دەرکەوتنی من دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەس پشگیری من ناکات تەنها خۆم پشگیری خۆم کردووە چونکە دروستکردنی ڤیدیو کلیپ فوول کوالێتی و ستاندار تێچوویەکی زۆری پێویستە و تا ئێستاش کەس هاوکاری من نەبووە لە ڕوی مادەییەوە تەنها خۆم بۆ خۆم هەوڵداوە بڕیە کەم دەردەکەوم، بەڵام بەم زووانە زیاتر لە "٦"شەش سی دی بە شێوەی لایف موزیک بڵاودەکەمەوە ، و هەروەها چەند بەرهەمێکی نوێم کە بە شێوەی ڤیدیو کلیپ کاری بۆ دەکرێت انشاللە بۆ ساڵی 2020بڵاو دەبنەوە، هیوادارم بەدڵی گشت هەواداڕەکانم بێت، وە لە داهاتوودا چەند دوێتمان لە بەرنامەماندا هەیە لە گەڵ هونەرمەندانی دیکە چ هونەرمەندانی ئێستا بن یان هونەرمەندانی پێش ئێستا ،

ئاماژەی بە وەش دا و گوتی:گۆرانییەکانی ئێستا کاتین زۆریان تەنها بۆ دەرکەوتن و بازرگانی نی کردویانە،

لە بارەی ئەوەی کە چی بکرێت بۆ ئەوەی هونەری کوردی پێش بکەوێت؟

دەڵێت: پێویستە لەسەرئێمە و گۆرانی بێژەکانمان لە بواری خۆیان بەرهەمەکانیان لۆکاڵی نەبن ، واتە بتوانن گۆرانی و موزیکی کورد بە ڕۆژئاواییەکانیش بناسێنن، ، بەڵام ئەوە پشتگیریی وەزارەتی ڕۆشنبیری و پێویستە کۆمەڵێک لە کەسانی هونەر دۆست و کۆنپانیا کان جێ بەجێی بکەن ، بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین بە شێوەیەکی باشتر بەرهەمی گۆرانییەکانمان بە دەرەوەی وڵاتان بناسێنین، بەڵام بۆ ئەنجام دانی ئەوە کاتێکی زۆری پێویستە ، کاتێکی زۆر دەخایەنێت

لە کۆتایدا پەیامەکەیدا دەڵێت: من هەمیشە ویستوومە لە خزمەتی هەواداڕەکانم و گوێگرەکانمدا بم، چونکە من هونەرم بۆ خزمەت کردن بە خەڵکی خۆم کردوە نەک بۆ بازرگانی و دەرکەوتن، زۆر سوپاس بۆ پشگیریی ئەوان.



لە نیستەنبوڵەوە بۆ لەندەن دڕی هێرسەکان بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان

کەیهان کەلهۆڕ: ئەم ڕۆژانە بۆ ئێمەی کورد سەختترین ڕۆژەکانە و گەلەکەمان ئازار دەبینن

کەیهان کەلهۆڕ کاتی بەڕێوەچوونی کۆنسێرتێکی خۆی لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا ڕایگەیاند کە بۆ شەرمەزارکردنی هێرشەکانی دەوڵەتی تورک بۆسەر ڕۆژئاوای کوردستان ئەو کۆنسێرتەی بڕیار بوو لە ئیستەنبوڵ بیکات هەڵیدەوەشێنێتەوە.کەیهان کەلهۆڕ کە کەمان ژەنێکی بەناوبانگی کورد و جیهانیە و خەڵکی شاری شاباد لە پارێزگای کرماشانی ڕۆژهەلاتی کوردستانە ، بە زمانی ئینگلیزی بۆ ئامادەبووان قسەیکرد و وتی: ئەم ڕۆژانە بۆ ئێمەی کورد لە سەختترین ڕۆژەکانە ، شەڕێک دژی ئێمە لە باکور و ڕۆژهەلاتی سوریا دەستیپێکرد و گەلەکەمان ئازار دەبینن، بڕیار بوو لە ئیستەنبوڵ کۆنسێرتێک بکەم ، بەڵام وەک هاوسۆزییەک بۆ برایانی کوردم هەڵم وەشاندەوە.کەیهان کەلهۆڕ لە کۆتایی قسەکانی وتی: دوایین پارچەی کۆنسێرتەکەم لێرە لە (لەندەن) پێشکەش بە منداڵانی کورد دەکەم کە ئێستا لەژێر هێرشدان.

ئەمەریکا لە نمایشکردنی فیلمی جۆکەر دەترسێ

خەبات: هەمزە سەرحان

بەهۆی مەترسی تەقەکردن و دەستڕێژی گولەوە، بەرپرسانی سینەماکانی "لاندمارک" لە ئەمریکا بڕیاریاندا، ڕێگە نەدەن هەواداڕانی فیلمی جۆکەر جلوبەرگ و ماسکی کارەکتەرەکە بپۆشن لەکاتی نمایشکردنی لە هۆڵەکانی سینەما.هاوکات لەگەڵ بڕیارەکەی لاندمارک، دەزگای زانیاری فیدراڵی ئەمریکا "FBI"دەستی کردووە بە پەیڕەوکردنی ڕێکاری ئەمنی توند لە شەقامەکانی شاری لۆس ئەنجیلوسی ئەمریکی، ئەوەش بۆ ڕێگریکردنی لەهەر ڕوداوێکی نەخوازراو لەکاتی نمایشکردنی فیلمەکە.لەوبارەیەوە بەرپرسی ستۆدیۆکانی "وارنەربرۆس "بۆ دروستکردنی فیلمی سینەمایی لە ئەمریکا، پەیامێکی ئاڕاستەی هەوادارنی فیلمەکە کرد و تێیدا ئاماژەی بەوەکردووە، کە فیلمەکە بەهیچ شێوەیەک مەبەستی نییە تاوانباران وەک پاڵەوان دەربخات و چیرۆکی فیلمەکەش واقعی نییە و بەشێکە لە خەیاڵی نوسەرەکە.هاوکات ئاژانسی ڕێتەرز، ڕاگەیاندراوێکی سوپای ئەمریکای بڵاوکردەوە کە هۆشداری داوەتە سەربازەکانی کە دەبێت ئاگادار بن لەکاتێکدا کە دەچنە سینەماکان بۆ تەماشاکردنی فیلمی جۆکەر بەوەی ئەگەری هەیە تۆشی ڕوداوی نەخوازراو بن.بڕیارە فیلمی جۆرکەر لە چواری تشرینی یەکەمی ئەمساڵ نمایش بکرێت، فیلمەکە لە مانگی ئابی ڕابردووەدا خەڵاتی "شێری ئاڵتونی "بەدەستهێنا لەمیانەی بەشداریکردنی لە فێستیڤاڵی ڤێنیسایی نێوەدەوڵەتی بۆ سینەما لە وڵاتی ئیتاڵیا.ئەو ڕێکارانەی پێش نمایشکردنی فیلمەکە لەکاتێکدایە، لە ساڵی 2012لەکاتی نمایشکردنی فیلمی باتمان بە ناوی دارک نایت، کە جۆرکەر لە بەشی پێشووی ڕۆڵی تێدا بینیبو، بەهۆی دەستڕێژی گوللەوە لە ویلایەتی کۆلۆرادۆی ئەمریکا 10 کەس کوژران.

